دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

تەلاڵ مەجزووب

# ڕێبازی لێکۆڵینەوە
# و
# ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پڕاکتیکی

وەرگێڕانی: مەریوان عەبدول

هەولێر - 2007

**<u>ناوی کتێب: ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری و پڕاکتیکی</u>**

- نووسینی: تەلاڵ مەجزووب
- وەرگێڕانی: مەریوان عەبدول
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: ( 1376 )
- تیراژ: ( 1000 ) دانە
- چاپی یەکەم 2007
- نرخ: ( 1500 ) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی

زنجیرەی کتێب ( 27 )

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem @ maktoob.com
Tel: 2260311

## پێشکەش

وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەشە بە:

❊ گیانی پاکی دایکم "نازدار خان".

❊ نوخشەخان و شادی خانی خوشکم.

❊ کاک کاروان و کاک ئاودێری برام.




## سوپاس و پێزانین

❊ سوپاسی هەردوو خوشکی ئازیزم نوخشە خان و شادی خان دەکەم، کاری پیت چنینیان بۆ ئەنجامدام.

❊ سوپاسی هاورێیانم (ئاسۆ خەلیل و هەردی زیاد) دەکەم بۆ هاوکارییە بێ وێنەکەیان.

# پێڕست


پێشکەش ........ 3

سوپاس و پێزانین ........ 4

پێڕست ........ 5

پێشەکی ........ 7

بەشی یەکەم: ڕێبازییبوونی لێکۆڵینەوە ........ 11

تەوەرەی یەکەم: ڕێبازییبوونی لێکۆڵینەوە ........ 11

أ ـ ڕێباز ((میتۆد)) لە زمانەوانی و زاراوەدا ........ 11

ب- پەرەسەندنی زانستی ڕێباز (میتۆد) ........ 12

ج- جۆرەکانی ڕێباز (میتۆد) ........ 14

د- پێویستبوونی میتۆد و سوودەکانی ........ 18

هـ- نووسینەوەی مێژوویی ........ 19

تەوەرەی دووەم: لێکۆڵینەوەی زانستی و لێکۆڵەر ........ 21

أ- پێناسەی لێکۆڵیینەوەی زانستی و گرنگی و ئامانجی ........ 21

ب- جۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی ........ 23

ج- خاسییەت و تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵەر ........ 26

تەوەرەی سێیەم: خوێندنی باڵای زانکۆیی ........ 31

ا- سیستەمی تۆمارکردن و مەرجەکانی ........ 31

ب- مامۆستای سەرپەرشتیار و ڕۆڵی ........ 32

ج- هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوە ........ 35

د- ئامادەکردنی پلانی لێکۆڵینەوە ........ 38

هـ- هەموارکردنی بابەت یان گۆڕینی ........ 39

تەوەرەی چوارەم: کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئامانج و هۆکارە بەکارهێنەکان ........ 41

یەکەم: پێناسە و ئامانجەکانی ........ 41

دووەم: پێناساندنی سیستەمی کتێبخانە و کارمەندەکانی ........ 42

سێیەم: سەرچاوە و ژێدەرەکان ........ 50

تەوەرەی پێنجەم: نووسینی زانیارییەکان ........ 57

أ- هۆکارە بەکارهێنەرەکانی نووسینەوەی زانیاری ........ 57

ب- چۆنێتی نووسینەوە یان تۆمارکردنی زانیارییەکان ........ 60





ج- شیکردنەوە و پۆلێنکردنی زانیارییەکان ........ 62

بەشی دووەم: ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی زانکۆیی ........ 67

تەوەرەی یەکەم: داڕشتنی لێکۆڵینەوە ........ 67

أ- بنەما هونەرییەکانی نووسینی زانستی ........ 67

ب- نووسینەوەی دەستنووس ........ 71

تەوەرەی دووەم: پەراوێز و چۆنێتی بەکارهێنانی ........ 73

أ- پەراوێز Foot note ........ 73

ب- نووسینی سەرچاوەکان لە پەراوێزدا ........ 75

ج – شوێنی پەراوێز و ژمارەکردنی ........ 80

تەوەری سێیەم: دابەشکردن (یان بەش بەشکردنی)ی لێکۆڵینەوەی زانکۆیی ........ 83

أ – بەرگی دەرەکی ........ 83

ب- لاپەڕەی ناونیشان ........ 86

ج- پێشکەشکردن ........ 86

د- لاپەڕەی سوپاس و پێزانین ........ 87

هـ- پێڕستی ناوەڕۆك ........ 88

و- دەروازە یان دەستپێك ........ 88

ز- پێشەکی ........ 89

ح- دەق (تێکست) ........ 90

ط- کۆتایی یان ئەنجام ........ 90

تەوەرەی چوارەم: پێڕستە هونەرییەکان ........ 91

أ – پێڕستی سەرچاوە و ژێدەرەکان ........ 91

ب- پێڕستە هونەرییەکانی دیکە ........ 97

ج- پاشکۆکان ........ 98

تەوەرەی پێنجەم: چاپکردن و گفتوگۆکردن ........ 99

أ- مەرجەکانی مۆڵەتی لەبەرگرتنەوە ........ 99

ب- گفتوگۆکردنی لێکۆڵینەوە ........ 102

ج- دوا وێستگە بڵاوکردنەوەیە ........ 108

پاشکۆکان ........ 111

## پێشەکی

بابەتی لێکۆڵینەوە و میتۆدی زانستی بەهەموو جۆرەکانییەوە، بابەتێکی گرنگ و جێگەی بایەخە، هەر زمانێکی زیندوو لە جیهاندا دەستنیشان بکەین، دەبینین دەیان و سەدان کتێبی دەربارەی بابەتی میتۆدی زانستی پێ نووسراوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت زمانی کوردی لەم بوارەدا زۆر هەژارە تا ئاستێك دەتوانین بڵێین کتێبخانەی کوردی خاڵییە لەو کتێبانەی تایبەتن بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی. لە راستیدا ئەمەش ئەگەرچی لەوانەیە زۆر هەستی پێ نەکەین، بەڵام گرفتێکی زۆر گەورەیە، چونکە خەمساردی ئێمە دەردەخات بەرامبەر بابەت گەلێکی وەك زانستی بوون و بابەتی بوون و نەبوونی گیانی لێکۆڵینەوە و داهێنانکاری.

ئەمە لە کاتێکدا دەبینین رۆژانە چەندین کتێب دەردەچن لە کوردستاندا بەناوی لێکۆڵینەوەوە، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەین ئەو کتێب و بابەتانەی بەناوی لێکۆڵینەوەوە دەردەچن سادەترین شێوازی زانستییان تیادا بەکار نەهاتووە، هەر لە خراپ بەکارهێنانی سەرچاوەکان و، نەزانینی بەکارهێنانی پەراوێز و، نەزانینی شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و سەرجەم هەنگاوەکانی لێکۆڵینەوەی میتۆدی، کەسێك نەزانێت بەشێوەیەکی ئەکادیمی مامەڵە لەگەڵ فۆرمی لێکۆڵینەوەدا بکات، بێگومان مامەڵەکردنی لەگەڵ ناوەرۆك و کرۆکی لێکۆڵینەوەشدا زۆر لاواز دەبێت. ئەم بارە بۆتە هۆی ئەوەی دەیان کتێب و بەناو لێکۆڵینەوە بڵاوبکرێتەوە کە هیچ میتۆدێکی بەسەردا پراکتیزە نابێت.

لە لایەکی ترەوە لەگەڵ بوونی چەندین زانکۆ و پەیمانگا لە کوردستاندا، زانکۆکانی کوردستانیش خەمسارد بوون لەوەدا کاربکەن لە سەر بەهێزکردنی گیانی ئەکادیمی و بەرەو پێشبردنی رەوشی لێکۆڵینەوەی زانستی. تەنانەت قوتابیانی زانکۆش لەم روەوە زۆر لاوازن، بۆیە دەبینین کاتێك قوتابی دەگاتە قۆناغی چوارەم بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەی توشی گرفتێکی زۆر دەبێت.



لەبەر ئەوە ئێمە پێوستییەکی زۆرمان بە لێکۆڵینەوە هەیە لە سەر خودی شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستی و، وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی تایبەتن بەم بوارە، چونکە ئێمە ناتوانین بگەین بەشتێك ئەگەر شارەزای رێگاکەی نەبین و رێگاکەی نەزانین، بەبڕوای ئێمە ئەم ئەرکە گرانە بە پلەی یەکەم لەسەر شانی مامۆستایانی زانکۆ و قوتابیانی زانکۆیە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەوان خۆیان لەم کارە هەڵاوێرد بکەن، بێگومان ناتوانرێت گۆڕانکاری بەرچاو لە بەرەو پێش بردنی شێوازی زانستی لێکۆڵینەوەدا ئەنجام بدرێت.

هەر لەبەر ئەمانە بوو، ئێمە وەك قوتابییەکی زانکۆیی هەستمان بە پێویستی بوونی کتێبێکی لەم جۆرە کرد و، ئەرکی وەرگێڕانی ئەم کتێبەمان گرتە ئەستۆ، هیواخوازم توانیبێتمان بە کوردییەکی جوان ئەم کتێبە بخەینە بەرچاوی خوێنەران و، پشکداربێت لە بەرەوپێشبردنی شێوازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا.

کۆتا شت پێویستە ئاماژە بەوە بدەین ئەم کتێبە پێڕستی ناوەرۆکی نەبووە، ئێمە بۆمان دروستکردووە لەبەر ئەوەی بوونی پێڕست زۆر گرنگە و کارئاسانی بۆ خوێنەر دەکات.

**مەریوان عەبدول**
2006 /9 /20

## پێشەکی نووسەر

نزیکەی چواردە ساڵم لە فێرکردنی زانکۆییدا بەسەربرد، حەوت ساڵیان لەناو قوتابیانی خوێندنی باڵادا، ئەوەم بۆ روون بۆوە کە زۆربەی قوتابیان و لێکۆڵەران، سادەترین بنەما میتۆدییە زانستییەکان نازانن بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە زانکۆییەکانیان، بە چەشنێك جۆرێك لە لێکۆڵینەوەی زانکۆیی بەرهەمدەهێنن لە ئاستی داواکراودا نییە و دەبنە هۆی بێزارکردن و تەنگ پێهەڵچنینی مامۆستا سەرپەرشتیارەکانیان.

بۆیە وزەم دایە بەرخۆم پوختەی ئەزمونەکانم کۆ بکەمەوە لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی و میتۆدەکەیدا، لەپاڵ ئەوەی کە گەورە لێکۆڵەران پێی گەیشتون، بەزمانێکی ئاسان لە کتێبێکی بچوکدا، بەناونیشانی ((رێبازی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی)).

ئەم کتێبە ئاراستەی لێکۆڵەران دەکرێت لە سەرجەم بوارە ئەکادیمییەکاندا، کە بنەما بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە خۆدەگرێت، لەگەڵ ئەو پەسنە باشانەی پێویستە لە لێکۆڵەراندا هەبێت، هەروەها ئەو مەرجانەی کە پێویستن بۆ ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی جیاواز.

لێکۆڵینەوەکەم کردووە بە دوو بەشەوە یەکەمیان لە بارەی رێبازییبوونی لێکۆڵینەوەیە کە لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم دەربارەی واتای رێبازییبوون و گەشەپێدانیەتی، تەوەرەی دووەم باس لەجۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و رەوشتی لێکۆڵەران دەکات، تەوەرەی سێیەم باس لە مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و چۆنیەتی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوە دەکات، تەوەرەی چوارەم ئامانج و هۆکارە بەکارهێنەرەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەخۆ دەگرێت، پێنجەم تەوەرەش هۆکارە بەکارهێنەرەکانی تۆمارکردنی زانیاری و چۆنیەتی پۆلێنکردنیان لەخۆدەگرێت.



هەرچی بەشی دووەمیشە دەربارەی ئامادەکرنی لێکۆڵینەوەی زانکۆییە کە بەهەمان شێوە لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە، یەکەم تەوەرەیان باس لە چۆنییەتی داڕشتنەوەی لێکۆڵینەوە دەکات، دووەمیان دەربارەی چۆنێتی بەکارهێنانی پەراوێزە، سێیەمیان دەربارەی چۆنێتی دابەشکردنی بەشەکانی لێکۆڵینەوەی زانکۆییە، چوارەمیان دەربارەی چۆنییەتی ئامادەکردنی پێڕستە هونەرییە پێویستەکانە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، پێنجەم تەوەرە دەربارەی مەرجەکانی چاپکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی زانکۆیی و گفتوگۆکردنیەتی، پاشان بڵاوکردنەوەی لە کتێبێکدا.

هیوادارم ئەم کتێبە قەبارە بچووکەم، سودێکی باش و گشتگیری هەبێت، سود بە لێکۆڵەران بگەیێنێت و رێنماییان بکات بۆ گرنگترین بنەماکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، هەروەها پشکدار بێت لە هەوڵی باشکردنی ئاستی لێکۆڵینەوەی زانستی باشدا لە پەیمانگا و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەماندا، ئەگەرچی بە پشکێکی خاکییش بێت.

**تەلال مەجزووب**

**صەیدا- تشرینی 1992**

# بەشی یەکەم: ڕێبازییبوونی لێکۆڵینەوە

## تەوەرەی یەکەم: ڕێبازییبوونی لێکۆڵینەوە

### أ ـ ڕێباز ((میتۆد)) لە زمانەوانی و زاراوەدا

ڕێباز (المنهج) یان بەرنامە (منهاج)* لە زمانەوانیدا بـەواتای ڕێگـای ڕوون و ئاشکرا، لە فەرهەنگی ((لسان العرب))دا هاتووە: ((ڕێگا ڕێبـاز، ڕێگـای ڕوون و ئاشکرا، (انهج الطریق) ئاشکرا و ڕوونکراوە، (المنهـاج): ڕێگـای ڕوون و ئاشـکرا (المنهج) ڕێگای ڕاست))[1].

لە زاراوەی زانـستیدا واتــە ئـەو ڕێگایــەی کــە مــرۆڤ لـەدوای تێکۆشـان و ماندووبوون پێـی دەگاتـە ڕاسـتی، لـە ڕێگـای بـەکارهێنانی کۆمەڵـە بنـەما و پرەنسیپێکی گشتییەوە، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی خوازراوە[2].

لەم سەردەمەی ئێمەشدا، لێکۆڵینەوەی زانستی بـێ نیـاز نییـە لـە ڕێبـازی زانستی، کە دەگەڕێت بەدوای ئەو ڕێگا و شێوازانەی لێکۆڵەران بەکاری دەهێـنن لە پێناو گەیشتن بە ڕاستی، یـان دەرخـستنی ڕاسـتی، یـان بـۆ بەڵگەهێنانـەوە لەسەری، سەبارەت بە مێژوو (ئەسەد ڕۆستەم) ناوی لێنـابوو ((زاراوەی مێـژوو)) وەك ڕێزلێنانێك بۆ ئەو زانا موسڵمانانەی ((زاراوەی فـەرموودە)) یـان داهێنـا و بنەماگەلێکیان بۆ دانا.

* ڕێباز و بەرنامەی ئاشکرا. (وەرگێڕ)

[1]- الابن منظور، نسقه و علق علیه علي شیري، ج14، دار أحیاء للتراث العربي، بیروت، ص300.

[2]- عبدالرحمان بدوي، مناهج البحث العلمي، ط3، وکالة المطبوعات، الکویت، 1997، ص5.



لە کۆتاییدا ئەوە ماوە ئاماژە بە جیاوازی نێوان زاراوەی ڕێبـاز ((المـنهج)) و زاراوەی ڕێبازییبوون (المنهجیة) بکرێت، کە یەکەمیان پشت بـە وەسـف (وصـف) دەبەستێت و لـە زانـستێکەوە بـۆ زانـستێکی تـر دەگۆڕێـت، بـەڵام دووەمیـان پێوەرییە، کە یەك شتە بەپێی جیاوازی زانستەکان ناگۆڕێت.

### ب- پەرەسەندنی زانستی ڕێباز (میتۆد)

زانا موسڵمانەکان لە سەدەکانی ناوەندا، گرنگییـان بـە باسـکردنی سـەنەد دەدا، بنەمای بریندارکردن و هەموارکردن (الجرح و التعدیل) یان دانـا بـۆ گێڕانـەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و نـاوی ئـەم بنەمایـەیان نـا زاراوەی فـەرموودە ((مصطلح الحدیث)). بۆیە دواتر لێکۆڵەرە موسڵمانەکان، لە پێش هەمووشـیانەوە مێژوونووسەکان، پشتیان بەم بنەمایانە بەست لە دامەزراندنی لێکۆڵینەوەکانیان و دامـەزراندنی گێڕانەوە مێژووییەکاندا کە بەژیاننامەی پـاکی پێغەمبـەر (د.خ) دەستیان پێکرد، ئەم بنەمایانە توانیویانـە بمێننـەوە و پارێزگـاری لـە گرنگـی و بەهای خۆیان بکەن لە ناوەندەکانی لێکۆڵەران و زانایاندا تا ئەمڕۆ.

لــە ســەردەمی نوێــشدا واپێدەچـێت رامــۆس (ramus) (1572-1515)بـە هەوڵێکی خاکی سەبارەت بە میتۆد دەستپێکرد، هەستا بە دابەشکردنی لۆژیك (المنطق) بۆ چوار بەش ئەوانیش: وێناکردن (التصور) - فەرمان (الحکم) - بەڵگـە (البرهان) — ڕێباز (المنهج)، ئەگەرچی نەیتوانی بگاتە دیاریکردنی ڕێبـازێکی ورد بۆ زانستەکان و، تێبینی و ئەزمونی گرنگی پێویستی پێشکەش نەکرد.

لە سەدەی حەڤدەهەم لە ساڵی (1640ز) بیکۆن بـەهۆی کتێبـە باشـەکەیەوە (ئۆرگانونی نوێ) دەرکەوت، توانی لەو کتێبەدا بنەماکانی ڕێبازی ئەزمونگـەری بەشێوەیەکی ڕوون دیاری بکات.

لە ساڵی (1637ز) دا دیکارت هەستا بـە بڵاوکردنـەوەی کتێبەکـەی (مقـال في المنهج) تێیدا هەوڵی دەرخستنی ڕێبازێکی داوە کە دەبێتە هۆی بەخشینی ڕێڕەوێکی باش بەئەقڵ و گەڕان بەدوای گەیشتن بەڕاستی (الحقیقة) لە زانستەکاندا.

بەلام فەیلەسوف جیۆڤانی ڤیکۆ (jiovani vico) (1668-1744ز) لە کتێبەکەیدا (بنەماکانی زانستی نوێ) کە لە ساڵی 1725ز دەرچووە، گریمانەی ئەوەی کردووە لە راستیدا مێژوو لقێکە لە زانستی کۆمەڵناسی مرۆیی، بێگومان لێکۆڵینەوەی مێژوویی راستەقینە لەسەر بنەما گەلێکی لۆژیکی ورد و دیاریکراو دامەزراوە، ئەو یەکەم کەس بوو باسی لە گوێزانەوەی مێژوو کرد لە گۆرەپانی شەڕەکانەوە بۆ میمبەری لێکۆڵینەوە و خوێندن[1].

دواتر مۆنتسکیۆ (1689-1755ز) کاری کرد لەسەر وانەی گەشەکردنی سیستەمی فەرمانڕەوایی لە هەریەك لە فەرەنسا و ئینگلتەرادا بەخۆ تەرخانکردنێکی لەسەرخۆ و بەراوردکردن لە نێوانیاندا. ڤۆلتێریش (1694 - 1778ز) شوێن پێی مۆنتسکیۆی هەڵگرت، بە رەخنە توندەکانی لە رەگەزە بەهێز و لاوازەکانی فەرەنسا و هەوڵیدا بۆ دانانی مێژوویەکی ئازاد بۆ رۆشنبیری، بەلام ئەویش وەك مۆنتسکیۆ نەیتوانی بەتەواوی رەخنە لە سەرچاوەکان بگرێت.

لە سەدەی نۆزدەدا لیۆپۆلد ڤۆن رانکە (Leopold von rank) هەستا بەدانانی بنەمایەکی بەهێز بۆ مێژوو، لە راستیدا ئەو دادەنرێت بە پێشەوای قوتابخانەی زانستی نوێ لە مێژوودا، پێویستیکرد لە سەر مێژوونووس شێوازی ئەبستراکتی تەواو بگرێتەبەر، بە جۆرێك هەموو ئارەزووەکانی و بەڵکو خودی خۆشی لە کاتی نووسینەوەی هەر مێژوویێك بخاتە لاوە[2].

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم شارل لانجلوا و شارل سینوبوس، کتێبێکیان نووسی سەبارەت بە رێبازی زانستی مێژوو، پشکداربوون لەوەدا مێژوو ببێتە لقێکی سەرەکی لە لقەکانی مەعریفە و ببێتە زانستێك بنەما و رێبازی خۆی هەبێت[3].

1- اسد روستم، مصطلح التأريخ، ط3، المكتبة العصرية، صيدا، لا.ت، من مقدمة.

2- قسطنطين زريق، التاريخ من أين و الى أين؟، مجلة العربي، العدد الثاني، السنة الآولى، تموز-أب 1978، ص111.

3- شكرى النجار، تطور فكرة التاريخ عند المؤرخين، مجلة الفكر العربي، عدد227، السنة الرابعة، آيار-حزيران 1982، ص37.



پێدەچێت هێردەر بە بلاوکردنەوەی کتێبی (بیردۆزەکانی مێژووی فەلسەفەی مرۆیی) لە ساڵی (1784)، دەروازەیەکی کردبێتەوە بەرووی گرنگیدان بە فەلسەفەی مێژوودا، پاشان هیگڵ بیردۆزێکی نوێی سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو دانا، لە کتێبەکەیدا (چەند وانەیەك دەربارەی فەلسەفەی مێژوو)، لە ساڵی (1837ز)دا دەرچووە[1].

پاشان کارل مارکس لە کتێبە گرنگەکەیدا (سەرمایەداری) راڤەکردنە ماددییەکەی بۆ رێڕەوی مێژوو خستەڕوو، هەروەك شپنگلەر و تۆینبی هەستان بەدەستپێکردنی تێبینی و راڤە تایبەتییەکانیان بۆ مێژوو و رێڕەوی رووداوەکانی.

### ج- جۆرەکانی رێباز (میتۆد)

رێبازە زانستییەکان پۆلێن دەکرێن بۆ چەند جۆرێك، هەندێك وەك ویتنی (Whitney) کردویەتی بەحەوت جۆر، ئەوانیش:

وەسفی: کە ئەمانە لەخۆ دەگرێت: (رووپێو، لێکۆڵینەوەی دۆخ، شیکردنەوەی فەرمانەکان (تحليل الوظائف) و چالاکییەکان، لێکۆڵینەوەی دیکۆمێنتی و بەدەر لەمانەش).

1- مێژوویی (کە پشت دەبەستێت بە لێکۆڵینەوە و، وردبینییکردن لە دیکۆمێنتەکان و شیکردنەوە و رەخنەلێگرتنیان).
2- ئەزموونگەری.
3- فەلسەفی.
4- کۆمەڵناسی.
5- پێشبینیکاری.
6- داهێنانکاری.

هەندێکی تر وەك مارکیز ((Marquis)) کردوویەتی بە شەش جۆر ئەوانیش:

1 - W.H waish: An Introd uction to philosophy of hyistorey, londan Hatchinsons Universty Library.1956, 4th, edition, P11.

1- ڕێبازی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆجی).

2- ڕێبازی فەلسەفی.

3- ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دۆخ.

4- ڕێبازی ڕووپێو (مسح).

5- ڕێبازی مێژوویی.

6- ڕێبازی ئەزمونگەری[1].

**ئەمانەش ناساندنێکی کورتی هەندێک لەو ڕێبازانەیە:**

### 1- ڕێبازی ڕووپێو

یەکێکە لە ڕێبازە بنەڕەتییەکان لە لێکۆڵینەوە پەسنییەکاندا، گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوەی دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکان و جگە لەوانیش، لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، بەمەبەستی کۆکردنەوەی ڕاستییەکان و دەرهێنانی ئەنجامەکان لێیان. ئەمیش چەند جۆرێکە لەوانە: ڕووپێوی کۆمەڵایەتی و ڕووپێوی زانستی و ڕووپێوی ڕای گشتی و جگە لەمانەش[2].

### 2- ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دۆخ (دراسة الحالة)

داوای شیکردنەوەیەکی گشتگیر دەکات بۆ گەشەپێدانی باری کەسێك یان دەزگایەك، دیدارە کەسییەکان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی ئەم ڕێبازە.

---

[1]- هەروەها پۆلێنکردنی (گۆد) و (سکێس)یش هەیە کە ڕێبازەکان دەکات بە پێنج بەشەوە ئەوانیش: (مێژوویی- وەسفی- ڕووپێو- ئەزمونگەری-لێکولێنەوەی دۆخ).

[2]- أحمد بدر، اصول البحث العلمي ومناهجه، ط5، وكالة المطبوعات، الكويت، 1979، ص27.



### 3- ڕێبازی ساغکردنەوەیی (الاستدلالی)

لەو دۆزانەوە دەستپێدەکات دانپێدانراون، بۆ دۆزانێکی تر کە ئەنجامیان لێوەردەگیرێت بە پێویستی، ئەمەش یان بە گوتە یان بەخەملاندن ئەنجام دەدرێت، ئەو ماتماتیکزانەی کە کردە حسابییەکان پراکتیزە دەکات بەدەر لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە، هەڵدەستێت بەکرداری ساغکردنەوە. دەبێت کرداری تاقیکردنەوە لە بەشەوە (الجزء) دەستپێبکات بۆ ئەوەی بگاتە گشتی (الکل)، لێرەدا ناوی دەنێین ساغکردنەوە بەلێگەڕان (الاستقراء) یان ڕێبازێکی تێخوێندنی، یان لە هەمەکییەکانەوە دەستپێبکات بۆ گەیشتن بە بەشەکییەکان، لێرەدا ناوی دەنێین بەڵگەهێنانەوە بە هەڵگۆزین (الاستنباط) ڕێبازی هەڵگۆستن.

### 4- ڕێبازی ئەزمونگەری

بریتییە لە ڕێبازی تێبینیکردن و ئەزموونکردن و تێڕوانین، کە کردەکەی بە وەسفی بەش و پێناسەکردنی دەستپێدەکات، پاشان دەیگوێزێتەوە بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان و زیادەکان لە کۆمەڵێك دیاردەی لەیەکچوودا، پاشان گەیشتن بە یاساکان و ڕێکخستنیان کۆتایی دێت، ئەم ڕێبازەش بەتایبەتی بۆ زانستە سروشتییەکان بەکاردێت[1].

### 5- ڕێبازی مێژوویی

مێژوو لە کۆمەڵە ڕووداوێك پێکدێت جارێك ڕوویداوە و دووبارە نابێتەوە، لە کاتێکدا زانست لە کۆمەڵە ڕاستییەك پێکدێت شایەنی دووبارەبوونەوەیە، هۆی ئەمەش ئەوەیە مێژوو لەسەر کات دامەزراوە، لە تایبەتمەندییەکانی کاتیش ئەوەیە هەرگیز شایەنی گەڕانەوە نییە.

---

[1]- عبدالرحمن البدوي، ص128.

مێژوو هەڵدەستێت بەكارێك كە دژی كرداری (مێژوو) خۆیەتی، واتا مێژوو هەوڵدەدات ئەوە بگێڕێتەوە لە كاتێكدا روویداوە، واتە لە رابردوودا[1]. لە هەوڵی مێژوونووسیشدا بۆ گێڕانەوەی رابردوو، یان كێشانی وێنەیەكی نزیك لێوەی، بۆ ئەو مەبەستە رێبازی لێكۆڵینەوەی مێژوویی بەكاردێت، كە بە كۆنترین رێبازی لێكۆڵینەوە دادەنرێت.

یەكەم هەنگاوی لێكۆڵەر لە كارە میتۆدییەكەیدا گەڕانە بەدوای دیكۆمێنتەكاندا، كە بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی پێشینان بەجێیان هێشتووە، لە بیروبۆچوون و كردەوەكانیان كە لەسەر كاغەز، یان دراو و پاشماوە شوێنەوارییەكان نووسراوە، هەروەها سیستەم و یاسا و بەدەر لەمانەش[2].

گرانی یەكەمی كارەكە لەوەدایە كە بیروبۆچوون و كرداری پێشینان زۆركەم شوێنەواری بەرجەستە بەجێ دەهێڵن، خۆ ئەگەر بشدۆزرێنەوە زۆر بە كەمی دەمێننەوە، چونكە سادەترین تووشهات بەسە بۆ لەناوچوونیان.

لە راستیدا هەر بۆچوون و كردارێك لە دوای خۆی شوێنەوارێكی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەجێ نەهێڵێت، یان مەشخەڵەكەی بكوژێتەوە، بێگومان ئەو شتە لەدەستچووە و وەك ئەوە وایە نەبوو بێت، بۆیە هەركاتێك دێكۆمێنت نەبێ مێژووش نابێت[3].

گرانی دووەمی كارەكە لەوەدایە، لە راستی دا مێژوونووس ناتوانێت راستەوخۆ رووداوەكان ببینێت مەگەر بە رێژەیەكی زۆر كەم نەبێت، چونكە رووداوەكان تەنها بەڕوودانیان دەبنە رابردوو[4].

[1] - المرجع نفسه، ص183.

[2] - Walsh.op.cit, p.18.

[3] - قسطنطين زريق، التاريخ من اين والى اين، ص15.

[4] - شارل لانجلوا وشارل ستيوبوس، المدخل الى دراسات التاريخية ترجمة عبدالرحمن البدوي، ط3، وكالة المطبوعات الكويت، 1977 من مقدمة.



دوای ئەوەی مێژوونووس هەموو ئەو پاشماوانەی رابردوو كۆدەكاتەوە كە پەیوەندیان بە بابەتەكەوە هەیە، هەڵدەستێت بە رەخنەلێگرتنیان و بڕیار دەدات ئایا باوەڕ بەو هەموو شتانە بكات یان نا، یان ئەو رێژەیە چەندە كە باوەڕی پێدەكات، ئەندازەی ئەو بەڵگانەی لە بەردەستدان دیاری دەكات. مێژوونووس تەنها ئەو رووداوانە دەهێڵێتەوە باوەڕی پێیانە و دروستییەكەیانی لا جێگیربووە، ئەوەی كە دەمێنێتەوە لای دەدات، بە چاوپۆشی لەوەی پێوەی ماندوو بووە و تێكۆشاوە تاكۆی كردونەتەوە.

پاشان هەڵدەستێت بە داڕشتنەوەی ئەو رووداوانەی باوەڕی پێیان هێناوە، بە شێوازی تایبەتی خۆی، ئەم زانیاریەش دەشێت سوودی هەبێت بۆ زانایەكی ئابوری سیاسی یان رەخنەگرێكی ئەدەبی، یان زانایەكی فیزكی بۆ ئەوەی مێژووی سیستەمە سیاسییەكان یان مێژووی ئەدەب یان مێژووی زانستەكان بنووسێت[1].

### د- پێویستبوونی میتۆد و سوودەكانی

لێكۆڵینەوەی زانستی تەواو دەرناچێت ئەگەر رێبازێكی دیاریكراوی بەسەردا پڕاكتیزە نەكرێت، هەر لەبەر ئەمەشە زانكۆكان و ناوەندەكانی لێكۆڵینەوە هەڵدەستن بە گوتنەوەی وانەی رێبازی لێكۆڵینەوە و بنەماكانی بە قوتابیان، هەروەها هەڵدەستن بە چاندنی گیانی زانستی و خۆشەویست كردنی سیفەتی لێكۆڵەران و زانایان لە دەرونیاندا و گەشەپێدانی لێهاتووییان، دوور لە بەفیڕۆچونی كات و هەوڵەكانیان.

میتۆدیبوون پێویستییەكی بڕاوەیە لە هەموو لێكۆڵینەوەیەكی زانستیدا، چونكە بەهۆیەوە دەتوانین بەشێوەیەكی كرداری بگەین بە دەرئەنجامە زانستییەكان، بەمەرجێك پاڵپشتی بكرێت بە بەڵگە، كە بە شادەماری

[1] - لويس جوتشلك، كيف نفهم التاريخ، ترجمة عائدة عارف، واحمد ابو حاكمة، دار الكتاب العربي، بيروت 1966، ص44.

لێکۆڵینەوەی زانستی دادەنرێت، بە هۆیەوە ئامانجی لێکۆڵینەوە کە دیاری دەکرێت و هەنگاوەکانیشی دەزانرێت، هەروەها ئەو دەرئەنجامانە دیاری دەکرێت کە دەگونجێت پێیان بگات[1].

میتۆدیبوون لە مێژوودا گرنگیەکی تایبەت بەدەست دەهێنێت، چونکە لەسەر لێکۆڵەر پێویست دەکات خوێندنەوەیەکی قوڵی هەبێت بۆ مێژوو نەك خوێندنەوەیەکی رووکەش، دووریشی دەخاتەوە لە خۆبەدەستەوەدان و بە پیرۆز زانینی دەق، یان ملکەچبوون بەرووکەشی شتەکان، جگە لەوە پێویستی دەکات لەسەر مێژوونووس کە لە هزری پێشوەختەوە دەست پێنەکات، یان دەرئەنجامی شێوە ئامادەکراو وەرنەگرێت.

لە گرنگترین سوودەکانی بەکارهێنانی رێباز لە لێکۆڵینەوەدا، قوتابیان فێردەکات لە کوێوە دەست پێبکەن و لە کوێشدا کۆتایی پێبهێنن، هەوڵ و کاتیان بۆ دابین دەکات و دووریاندەخاتەوە لە هەڵەکردن هەروەك چۆن لێکۆڵەرانی پێش ئەوان ئەنجامیانداوە[2].

### هـ- نووسینەوەی مێژوویی

مێژوو یان نووسینەوەی مێژوویی بریتییە لە کرداری زیندووکردنەوەی رابردوو بە رووداو و کەسایەتییەکانییەوە، ئەم کردارەش پێویستی بە زانینی ئەو یاسایانە هەیە کە حوکمی مێژوو دەکەن، هەروەك چۆن زانایان لە زانستە سروشتییەکاندا هەوڵی هەڵگۆزینی یاساکان دەدەن بۆ زانستە سروشتیەکان. چونکە وەك چۆن سروشت یاسای خۆی هەیە، بەهەمان شێوەش مێژوو یاسای خۆی هەیە[3].

1- حسن ساعاتي، تصميم البحوث الاجتماعية، دار النهضة العربية، بيروت، 1982، ص17.
2- علي جواد طاهر، منهج البحث الادبي، ط3، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1979، ص152.
3 - Walsh, op. Cit, p. 24.



ئەم کردارەش بە لێکۆڵینەوەی ئەو شوێنەوارانە دێتە دی مرۆڤ لەدوای خۆی بەجێی هێشتون، جا ئەو شتانە ماددی بن یان دەقی نووسراوبن، بۆیە مێژوونووس لەو چوارچێوەیەدا کار دەکات بۆ ئەوەی وێنەی رابردووی لێ دەربهێنێت کە تێپەڕیوە[1].

ئەم کردەیە ناسراوە بە ((دروستکردنی مێژوویی)) کە بە پشکنینی سەرچاوە رەسەنەکان دەست پێدەکات و بەنووسینەوەی مێژوویی کۆتایی پێدێت، ئەمەش لە رێگەی میتۆدێکی تایبەتییەوە بەئەنجام دەگات کە پێوستی بە مەعریفەیەکی فراوان هەیە، پێوستی بەشێوازێك لە پشکنین و وردبینیکردن و پێشاندان و شیکردنەوە هەیە، هەروەك دەخوازێت مێژوونووس لە لایەنگیری و هەستی تاکەکەسی خۆی بەدوور بگرێت و پابەندبێت بە بابەتیبوونی تەواوەوە، ئەگەرچی کارێکی گرانە لە بواری مێژوودا[2].

گێرانەوەی رابردوو نایەتەدی مەگەر مێژوونووس پەنابەرێتە بەر جۆرێك لە ئەندێشەکردن، ئەندێشەسازییەکی لۆژیکی دامەزراو لەسەر شوێنەواری بەجێماوی رووداوەکان، بەمەش دەگاتە راستی، بەمجۆرە نەك تەنها چۆنیەتی روودانی رووداوەکەمان بۆ شیکار دەکات، بەڵکو هۆی ((بۆچی؟)) روودانی رووداوەکەشمان بۆ لێکدەداتەوە[3].

بەمجۆرە کاری مێژوونووس تەنها رابردوو نابێت، چونکە تۆمارکردنی ئەزموونی مرۆیی کە ئەزموونێکی بەردەوامە، پێوستی بە ئاگاداربوون هەیە لە رابردوو و ئێستا و داهاتووش، واتە دانانی مرۆڤ لە جێگەی کۆمەڵایەتی خۆی و پەی پێبردنی ئەو پەیوەندییانەی دەی بەستێتەوە بە دەوروبەرییەوە، کاریگەری ئەو پەیوەندییە لە بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و شێوازی بیرکردنەوەیدا.

1- حسن عثمان، منهج البحث التاريخي، دار المعارف بمصر، 1976، ص، 21.
2- قسطنطين زريق، نحن والتاريخ، ط6، دار العلم للملايين، بيروت، 1986، ص115.
3 - Walsh.op.cit,p.32.

## تەوەرەی دووەم: لێکۆڵینەوەی زانستی و لێکۆڵەر

### أ- پێناسەی لێکۆڵینەوەی زانستی و گرنگی و ئامانجی

لێکۆڵینەوەی شتێك پشکنین و گەڕانە بەدوایدا، لێکۆڵینەوەی بابەتێك بریتییە لە تێکۆشان و هەوڵدان تیایدا و ناسینی راستییەکەی، بۆ دەرخستنی و بڵاو کردنەوەی لەناو خەڵکیدا، کە لە لێکۆڵینەوەیەکدا یان لە کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکدا کۆدەبێتەوە.

لێکۆڵینەوەی زانستی پێناسەکراوە بەوەی: ((راپۆرتێکی تەواوە لێکۆڵەر پێشکەشی دەکات بەتەواوی سەبارەت بەو کارەی پەیمانی لەسەرداوە و بەجێی دەگەیەنێت، بە جۆرێك راپۆرتەکە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوەکە بگرێتە خۆی، لەو کاتەوە کە تەنها بیرۆکەیەك بووە تا ئەو کاتەی دەبێتە کۆمەڵە ئەنجامێکی تۆمارکراو و رێکخراوی پشت ئەستوور بە بەڵگە))[1].

یان بریتییە لە: ((هەوڵێك بۆ دەرخستنی مەعریفە و وردبینیکردن تیایدا، پاشان خستنەڕووی بەزیرەکانە، بۆ ئەوەی پشکداربێت لە مەعریفەی مرۆییدا))[2].

یان بریتییە لە: ((گەڕانێکی رێکخراو، ئامانجی زیادکردنی مەعریفەیە، کە دەکرێت بەدەست بهێنرێت، هەروەها لێکۆڵینەوە لە دروستی ئەو زانستە، لە رێگای تاقیکردنەوەی زانستییەوە))[3].

ئەو پێناسانەی پێشەوە، کورت دەکەینەوە لەوەدا لێکۆڵینەوەی زانستی هەوڵێکە لێکۆڵەر دەیدات بۆ دەرخستنی مەعریفە بە رێگەیەکی میتۆدی گونجاو

[1]- أحمد شلبي، كيف تكتب بحثا او رسالة، ط5، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، 1966، ص5.
[2]- ثريا ملحس، البحوث العلمية، ط 2، دار الكتاب لبناني، بيروت، ص34.
[3]- أحمد بدر، مرجع سابق، ص19.



و دەیگەیێنێتە کۆمەڵە دەرئەنجامێکی پشت ئەستوور بە بەڵگە، کە دەکرێت سوودەکەی گشتگیر بکرێت و لەناو خەڵکیدا بڵاو بکرێتەوە. گرنگی لێکۆڵینەوەی زانستی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بناغەی پێشکەوتنی زانستی و شارستانییە و بەهۆیەوە ئەمڕۆ مرۆڤەکان خۆشگوزەرانن، ئەو پێشکەوتنە زانستی و گەشەکردنی شارستانیەتەش، بە هۆی هەزاران لێکۆڵینەوەوە بنیادنراوە کە زانایان لە هەموو پارچە جیاوازەکانی زەوی و لە هەموو بوارەکانی زانست و مەعریفەدا ئەنجامیان داوە.

شتێکی ئاشکرایە کە لێکۆڵینەوەی زانستی، تەنها تایبەت نییە بە بوارێکی دیاریکراو، یان نەوەیەکی دیاریکراو، بەڵکو زانستە پراکتیکییەکان لەخۆی دەگرێت هەروەك چۆن زانستە مرۆییەکان لەخۆی دەگرێت، گونجاوە بۆ هەموو کەسانێك کە تینوی مەعریفەن و ئارەزووی زانستیان هەیە، جا خەڵکی هەر شوێنێك بن و لە هەر گەلێك بن.

بەهۆی گیانی لێکۆڵینەوە و دەرخستنەوە، مرۆڤ پێشکەوتنێکی سەرسوڕهێنەری بەدەستهێناوە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا، لە بوارەکانی پزیشکی و زانستەکان و پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەیاندن و پەیوەندییەکاندا، مرۆڤ توانی سەرکەوێت بۆ بۆشایی و لە هەسارەکان دابەزێت، بەهۆی ئامێرە فەزاییەکانییەوە مرۆڤ توانی نامە بنێرێت بۆ هەسارە دوورەکان و توانی بچێتە ناو قوڵایی زەریاکان، چاودێری خستۆتە سەر هەموو بەشێك لە دارستانە چڕەکانی زەوی و بیابانە وشکە لمینەکان و ناوچە جەمسەرییە نەزانراوەکان.

لێکۆڵینەوەی زانستی رێگەخۆش دەکات بۆ لێکۆڵەر زانیاری تەواو دەربارەی بابەتێك یان دۆزێك بەدەست بهێنێت و لایەنە نەزانراوەکانی دەربخات و دێکۆمێنتەکانی شیبکاتەوە، بەهۆی نووسینەوە گوزارشت لەو دەرئەنجامانە دەکات پێیان گەیشتووە، بەهۆیەوە پشکدار دەبێت لە پاڵنانی رەوڕەوەی زانست بەرەو پێشەوە[1].

[1]- محمد عجاج الخطيب، لمحات في البحث والمكتبة والمصادر، ط10، مؤسسة الرسالة، بيروت، 1985، ص99.

لێکۆڵینەوەی زانستی باش بەوە وەسف دەکرێت: ((متمانە پێکراوە))، بەڵام لێکۆڵینەوەی خراپ بەوە وەسف دەکرێت: ((شایەنی متمانەپێکردن نییە))[1].

**ئامانجی لێکۆڵینەوە لە یەکێك لەم ئامانجانەی خوارەوە دەرناچێت:**

1- داهێنانی شتێك کە نەبووە، واتە پێکهێنانی بابەتێکی نوێ.
2- زیندووکردنەوەی کۆن، واتە وردبینیکردنی بابەتێکی کۆن بە ڕێگەیەکی زانستی نوێ.
3- ڕوونکردنەوەی نادیار، واتە تاوتووکردن و ڕاڤەی بابەتێك و دیاریکردنی هەڵەکانی.
4- کۆکردنەوەی بابەتە پەرتەوازەکان و ڕێکخستنیان.
5- فراوانکردنی بابەتێکی پوخت، یان کورتکردنەوەی بابەتێکی درێژ.

**ب- جۆرەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی**

لێکۆڵینەوەی زانستی جۆراوجۆرە جیاوازە بەپێی قەبارە و قوڵی، ئەویش بەپێی ئەو مەبەستەی لێکۆڵینەوەکەی لەپێناودا دەکرێت، هەروەها بە ڕەچاوکردنی ئەو قۆناغە زانکۆییەی قوتابی تێدایە، لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش لە سێ جۆردا خۆیان دەبیننەوە کە بریتین لە:

**1- لێکۆڵینەوەی پۆلی یان کاغەزی لێکۆڵینەوە**

بەهەمان شێوە بە ((ڕاپۆرت)) یان ((گوتار)) یان ((کاغەز)) ناو دەبرێت.

بریتیە لەو لێکۆڵینەوەیەی کە قوتابی لەماوەی ساڵانی زانکۆدا ئامادەی دەکات، یان لە ساڵی کۆتایی خوێندنیدا بەمەبەستی وەرگرتنی پلەی لیسانس یان بەکالۆریۆس داوای لێدەکرێت. کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت،

1- جان بيار فرانيير، كيف تنجح في كتابة بحثك، ترجمة هيثم اللمح، المؤسسة العربية للدراسات، بيروت، 1988، ص13.



بەشێوەیەکی باو لاپەرەکانی لەنێوان (10-50) لاپەڕەدا دەبێت، یان لەوەش زیاتر. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە ناخوازێت لە لێکۆڵەر بەفراوانی و قوڵی کاربکات، بەڵکو وەك دەوڵەمەندکردنێك دەبێت بۆ ئەو بابەتەی قوتابی لە وانەکانی زانکۆدا وەری گرتووە، یان کورت کردنەوەیەك دەبێت بۆ ئەو زانیاریانەی بەدەستی هێناوە لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی ئەو بابەتەی لەخۆ گرتووە.

بەشێوەیەکی گشتی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی پۆلی ئامانجی بەدیهێنانی ئەم مەبەستە بنەڕەتییانەی خوارەوەیە:

1- ئاشنابوون بە سیستەمی پەرتوکخانەکان و چۆنیەتی بەدەستهێنانی ژێدەرەکان (المرجع) بەخێرایی.
2- ڕاهێنان لەسەر کرداری کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیارییەکان و پێکەوە گونجاندنیان.
3- ڕاهێنان لەسەر بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و، گوزارشتکردن لە بۆچوونی خودی.
4- هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و ئەمانەت و وردی لە وەرگرتنی زانیاریدا.
5- گەشەپێدانی تواناکانی لێکۆڵەر و بەهێزکردنی سیفاتی باشی زانستی تیایدا و، ئامادەکردنی بۆ لێکۆڵینەوەکانی خوێندنی باڵا.

**2- نامە (الرسالة)**

بریتییە لە لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند کە قوتابی ئامادەی دەکات، بە مەبەستی بەدەستهێنانی دیپلۆم لە خوێندنی باڵادا، یان ماتریز یان ماجستێر.

هەندێك لە زانکۆکان مەرجی ئەوە دادەنێن قوتابی ساڵێکی خوێندنی ئامادەکاری بەسەر بەرێت لە بواری تایبەت و دیاریکراودا بۆ دەستپێکردن بە ئامادەکردنی نامەکەی، لە کاتێکدا لە هەندێك زانکۆی تر پێویستە دوو ساڵ لە خوێندن و لێکۆڵینەوە بەسەر بەرێت لەدوای لیسانس (بەکالۆریۆس) بۆ بەدەستهێنانی ئەو پلەیە.

پێویستە لە لێکۆڵینەوەی پۆلی زۆر قوڵتر و درێژتر بێت، هەروەها ماوەیەکی زۆریشی پێدەچێت لەوانەیە چەند ساڵێك بخایەنێت، رادەوەستێت لەسەر خوێندنەوەیەکی فراوان، هەروەها پێویستی بە وردبینییەکی تەواو هەیە لە گواستنەوەی بۆچوونی نووسەر و لێکۆڵەرانی تر و دەبێت پشکداربێت لە بەرەوپێشبردنی زانست بەزیادکردنی شتێکی نوێ بۆ مەعریفەی مرۆیی.

بەڵام سەبارەت بە قەبارەکەی سنووری بۆ دانانرێت، لەوانەیە دوو سەد پەڕە یان زیاتر یان کەمتر بێت، پەند وەرگرتن لە چۆنێتی دایە نەك لە چەندێتی.

### 3- تێز ((الاطروحة))

بریتییە لە بەرزترین پلەی زانستی زانکۆیی، ئەو کەسەی بە دەستی دەهێنێت نازناوی دکتۆر یان پرۆفیسۆری پێدەدرێت. لە زۆربەی زانکۆکاندا دوو قۆناغە **یەکەم:** دکتۆرای زانکۆیی، کە قوتابی نزیکەی دوای دوو ساڵ خوێندن بە دەستی دەهێنێت، **دووەم:** دکتۆرای دەوڵەت، کە ماوەیەکی زۆرتر و لێکۆڵینەوەیەکی قوڵتر و فراوانتری دەوێت.

لە هەندێك لە زانکۆکاندا سیستەمی فەرەنسی و دکتۆرای بازنەی سێیەم هەیە کە بەرامبەر دکتۆرای زانکۆییە، پاشان دکتۆرای بازنەی دووەم دێت کە لە هی سێیەم فراوانترە، پاشان دکتۆرای بازنەی یەکەم دێت، کە بەرامبەر دکتۆرای دەوڵەتە و پێویستی بەماوەیەکی درێژتر و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر قوڵتر هەیە لەوانەی پێشتر.

پێویستە لێکۆڵەری تێزی دکتۆرا بەسیفەتی قوڵی شیکارکردن و لێهاتوویی بناسرێت، هەروەها بە رێکخستنی بابەتەکە و یەکێتیبوونی و زۆری و فراوانی و رەسەنایەتی سەرچاوە و ژێدەرەکان بناسرێت، جگە لەوە داهێنانکاری و کۆششکاری و رەوشتی کەسی لە سیفەتەکانی بێت، بۆ ئەوەی شایەنی ئەوە بێت شتێکی نوێ زیادبکات بۆ رۆشنبیری مرۆیی.



تێزی دکتۆرا قەبارەیەکی دیاری کراوی نییە، دەکرێت بگاتە 300 لاپەڕە، یان زیاتر یان کەم تر، گرنگ شارەزایی و بەئاگابوونە لە بابەتەکە، هەندێك تێزی زانستی هەیە لەگەڵ ئەوەشدا لاپەڕەکانی لە پەنجا پەڕە زیاترنەبووە پلەی دکتۆرای پێدراوە، بەهۆی رەسەنایەتی و قوڵی بابەتەکەیەوە ئەگەرچی وێنەی ئەم قەبارەیە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا کارێکی گرانە.

## ج- خاسییەت و تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵەر

لێکۆڵینەوەی زانستی کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو کارێکە گرانی و شەکەتبوون و دەست لە ملانێیەت، بە ئاڵۆزی و نادیار دەورە دراوە، کاریگەری لەسەر لێکۆڵەر دەبێت لە کاتی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەیدا، هەندێکجار دەبێتە مایەی بێهیوایی و بێزاری، هەندێك جاریش مایەی هیوا و ئومێدە.

هەروەك هەندێکجار کەمی سەرچاوە و ژێدەرەکان یان گرانی و ئاڵۆزی بابەتەکە، یان تێنەگەیشتن و نەزانینی خەڵکی لە سوودی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لێکۆڵەر هەندێکجار ئەنجامی دەدات، دەبێتە هۆی کەمکردنەوە و لاوازکردنی توانا و هەوڵەکانی لێکۆڵەر.

تەنها لێکۆڵەری باش دەتوانێت تامی سەرکەوتن بچێژێت و، هەست بە خۆشی بە دەستهێنانی دەرخستنی نوێی زانستی بکات.

ئەو لێکۆڵەرەی خۆڕاگربێت و بەسەر ئاستەنگەکاندا سەربکەوێت، خاوەنی سیفاتی زانستی و رەوشتی و دەروونی بێت، دەتوانێت لێکۆڵینەوەکەی بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەمانەی خوارەوەش هەندێك لە گرنگترین سیفات و تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵەرن.

### 1- ئارەزوومەندی

ئارەزووبوون لە لێکۆڵینەوە و حەزلێکردنی و، خۆشەویستی بۆ بابەتەکە بە جۆرێك وەك عیشق و تاسە بێت لای، ئەمەش سەرچاوە دەگرێت لە رەزامەندی

و باوەڕبوونەوە، دەشبێتە هۆی ئەوەی لێکۆڵەر بە هەموو توانا و ئەندامەکانییەوە خۆی بۆ تەرخان بکات، هەوڵدەدات بە کەمترین کات و باشترین شێوە بە ئەنجامی بگەیێنێت، بۆیە بەبێ ئارەزوولێبوون لێکۆڵەر ناتوانێت هیچ لێکۆڵینەوە یەك بەئەنجام بگەیەنێت، ئەگەر هەوڵی ئەنجامدانیشی بدات بێگومان بەخراپترین شێوە دەیکات.

## 2- ئارامگرتن

بە ئارامگرتن لێکۆڵەر پاڵپشتی ئارەزووبوونی لە لێکۆڵینەوە دەکات، خۆی رادەهێنێت لەسەر نارەحەتییەکان و چەشتنی ناخۆشییەکانی سەفەر و رۆیشتن بە دوای سەرچاوەکاندا لە هەر کوێیەك بن، هەوڵی دەرخستنی رووداوە تێکەڵ و بەیەکداچووەکان و دیاردە ئاڵۆزەکان دەدات.

زۆر جار لێکۆڵەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی دەیدات لە پێناوی لێکۆڵینەوەکەیدا، لەسەر حسابی تەندروستی و لەش ساغی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانی دەبێت، بۆیە پێویستە بۆ هەموو ئەم شتانە خۆڕاگرێت ئەمەش تەنها لەپێناوی زانستدا.

## 3- رۆشنبیرییەکی فراوان

هەرچەند لێکۆڵەر رۆشنبیرییەکی فراوانی هەبێت، ئەوەندە توانای سەرکەوتنی دەبێت لە کارەکەیدا، بێگومان پێویستە ئەو رۆشنبیرییە هەموو بوارە جیاوازەکانی مەعریفەی مرۆیی بگرێتەوە، بە تایبەتی لەبواری لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا، هەروەك پێویستە زمانێکی بێگانە یان زیاتر بە باشی بزانێت، بۆ ئەوەی راستەوخۆ لە سەرچاوە رەسەنەکان ئاگاداربێت، بێگومان رۆشنبیری فراوان بەهۆی خوێندنەوەی بەردەوامەوە بەدەست دێت.



## 4- بەهرەی رەخنەگرتن

بەهۆی ئەم سیفەتەوە لێکۆڵەر ئەوەی پێشینان نووسیویانە بە بەڵگەنەویستی نازانێت، بەڵکو دەیخاتە ژێر رەخنەی زانستی ئەبستراکتەوە، بۆ ئەوەی دروستی دەقەکە و دووری لە ساختەوە بۆ دەرکەوێت، لەمەشدا پشت بە بەهرەی هۆشیاری رەخنەگرانەی خۆی دەبەستێت، بە جۆرێك پرانسیپ و باوەڕێك لەسەر گومان دابمەزرێنێت، چونکە هەموو دەقێك گومان لێکراوە تا ئەو کاتەی راستییەکەی دەسەلمێنرێت، بۆیە قوڵی لێکۆڵینەوە و رەسەنێتی زانیارییەکانی لەو هێزە رەخنەگرییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لێکۆڵەر بەکاری دەهێنێت.

## 5- دادوەری و بێلایەنی

ئەمەش دەخوازێت لێکۆڵەر خۆی لە هەواداری کەسی و ئارەزووە تایبەتییەکانی و، لایەنگرییە خودییەکانی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەدوور بگرێت، هەروەك پێویستە لەسەری خۆی لە پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانی و پاڵنەرە ئایدیۆلۆژی و حیزبییەکان بەدوور بگرێت.

ئەگەر توانی ئەوانە ئەنجامبدات، ئەوا سیفەتی دادپەروەری تێدایە و ناوبانگی بە پاکی و بێلایەنی دەبرێت، ئەمەش لە پێناو دەرخستنی راستی و بڵاوکردنەوەیدا.

بێگومان کارێکی گرانە ئەم سیفەتە بەتەواوی بەرجەستە ببێت لە لێکۆڵەرانی زانستە مرۆییەکاندا، بە تایبەتی لە مێژوودا، لە کاتێکدا بەدیهێنانی لە لێکۆڵەرانی بواری زانستی وەك فیزیا و کیمیا و پزیشکی و ئەندازیاری و...هتددا ئاسانە.

## 6- راستگۆیی و دەستپاکی

پێویستە لەسەر لێکۆڵەر راستگۆبێت لەگەڵ خۆی و خەڵکیدا، دەستپاك بێت لەگوێزانەوەی بیروڕا و هزری خەڵکیدا، هەروەها لە وەرگرتنی زانیاری لێیان.

پێویستە وردبین بێت لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ سەرچاوەکاندا، بەجۆریك هەر بۆچوون و گوتەیەك بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی، بەدەر لەوەی بۆچوونە دروستەکان بداتە پاڵ خۆی، ئەو بۆچوونەی پێی سەرسامە نەی رازێنێتەوە و ئەو بۆچوونەش بەدڵی نییە نەی شێوێنێت، بەڵکو پێویستە ویژدانی خۆی بکاتە چاودێر بەسەر خۆیەوە لە هەموو قۆناغەکانی کارکردنیدا[1].

### 7- خاکیبوون ((التواضع))

بەهۆی ئەم سیفەتەوە مرۆڤ رێزی خۆی دەزانێت و لە سنووری خۆی دەرناچێت، رێز لە کەسانی تر و بیروڕا و هزریان دەگرێت، لە ئاستیان ناهێنێتە خوار و ناوبانگ و رێزیان نازڕێنێت.

کەسی خاکی هەوڵنادات بۆ ناوبانگ و، گرنگی بەپایە و خۆدەرخستن نادات، ئەگەر شتێکی نوێی دۆزیەوە و سەرکەتنی بەدەستهێنا لە داهێنانی شتێکی ناوازەدا، توشی لەخۆباییبوون نابێت.

تەنها ئەوەی بەسە ناوبانگی باشبێت، نازناوی وەك لێکۆڵەر یان زانا باشترین نازناوە، کە بەردەوام دەمێنێتەوە، هەروەها پلە و پایەی وەك لێکۆڵەرێك لە زانکۆدا، یان زانایەك لە تاقیگەدا، باشترین و بەرزترین و بە نرخترین پلە و پایەیە.

### 8- ئەندێشە ((الخیال))

ئەگەرچی لێکۆڵینەوەی زانستی بە وشکی ناسراوە، بەهۆی مامەڵەکردنی لەگەڵ راستییەکاندا وەك خۆیان، بەڵام لە راستیدا ئەگەر لێکۆڵەر خاوەن ئەندێشە بێت جوانییەکی تایبەت دەدات بەلێکۆڵینەوەکەی بەجۆرێك وای لێ دەکات نزیکبێت لە دەروونی مرۆییەوە، جگە لەوەی جۆرێك لە راستییەکان لە ئەندێشەوە سەرچاوەیان گرتووە. زۆرێك لە دۆزینەوە و داهێنانە زانستییە سەرسوڕهێنەرەکان ئەندێشەیەك بوون بە هزری زاناکاندا هاتوون، بێگومان

[1]- حسن الساعاتی، ص45.



مێژوونووس لە هەموو لێکۆڵەرێك زیاتر پێویستی بە ئەندێشە هەیە، چونکە ئەرکی ئەوەیە وێنەی رابردوو بگەڕێنێتەوە وەك خۆی[1].

### 9- خۆشویستنی راستی

ئەگەر لێکۆڵەر خۆشەویستی نەبێت بۆ راستی بێگومان کار ناکات بۆ دۆزینەوەی، بەڵکو هەوڵی کپکردنەوە و شاردنەوەی دەدات. بەڵام ئەگەر حەز و خۆشەویستی هەبێت بۆ راستی ئەوا بە هەموو هەوڵ و تواناکانییەوە کار دەکات بۆ برینی ئەو رێگایە ئەگەرچی قورسیش بێت، پاشان بڵاوکردنەوەی ئەو راستییانە بەپێی توانا.

### 10- بیرێکی رێکخراو

پێویستە لێکۆڵەر خاوەنی هزرێکی روون بێت، بیرێکی هۆشیاری رێکخراوی هەبێت و بەرێکوپێکی و یاسا و پلەبەندی لۆژیکی کاربکات، بە جۆرێك لێکۆڵینەوەکەی بەهەوڵێکی کەم و کاتێکی کورت ئەنجامبدات، لە کاتێکدا ئاڵۆزی بیر و پەرتەوازەیی هزر دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی لەناکاو یان ئەنجامدانی بە ئەرکێکی زۆر.

[1]- طریف الخالدي، بحث في مفهوم التاريخ و منهجة، دار الطليعة، بيروت، 1982، ص7.

# تەوەرەی سێیەم: خوێندنی باڵای زانکۆیی

## ا- سیستەمی تۆمارکردن و مەرجەکانی

قوتابی ئارەزوومەند بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵای زانکۆیی، داواکەی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی تایبەتمەندی کۆلێژ دەکات، بەمەبەستی تۆمارکردنی دیپلۆم یان دکتۆرا، مەرجە کۆی گشتی نمرەکانی لە خوێندنی پێشووی زانکۆدا پلەی باش یان زیاتری هەبێت، ئەگەرچی هەندێك لە زانکۆکان ئەم مەرجە ناکەنە کۆت.

قوتابی بابەتێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت و پلانی کارەکەی پێشکەش دەکات، کە تیایدا رەگەزەکانی بابەتەکە و سەرچاوەکانی و رێبازی لێکۆڵینەوەکەی دیاری دەکات، لیژنەیەکی تایبەت لە ئاستی زانستی قوتابییەکە دەکۆڵنەوە، لە رێگای نیشانە و لێکۆڵینەوەکانی پێشتری، پاشان یان قبووڵ دەکرێت یان قبووڵ ناکرێت.

سەرەتای هەموو ساڵێکی زانکۆ، زانکۆکان رێبەرێکی تایبەت بە زانکۆکەیان دەردەکەن ((Cata logue)) یان ((Gide book)) ناوی هەموو کۆلێژ و بەشەکان لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ پێویستییە خوازراوەکان و مەرجەکانی تۆمارکردن و دەرچوون و سیستەمی تاقیکردنەوە و جگە لەمانەش. ئەو زانکۆیانەی سیستەمی فەرەنسی پراکتیزە دەکەن، دوای بە دەستهێنانی ((دیپلۆمی زانکۆیی بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان)) قوتابی داوا پێشکەش دەکات بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی ((ماترێز))، پاش ئەوە بە ساڵێك دەتوانن بڕوانامەی ((تەبرێز)) بەدەستبهێنن، پاشان داوا پێشکەش دەکات بۆ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا، ئەمەش سێ زنجیرەیە، یەکەم و دووەم و سێیەم.

بەڵام لە سیستەمی ئەنگلۆ سەکسۆنیدا، دوای ئەوەی قوتابی بڕوانامەی یەکەمی زانکۆ بەدەستدەهێنێت، کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی ماجستێر، پاش دەرچوونی لە ماجستێر داوا پێشکەش دەکات بۆ بەدەستهینانی پلەی دکتۆرا، ئەویش دوو جۆرە دکتۆرای زانکۆیی و دکتۆرای دەوڵەت.



پێشتر زانکۆی لوبنانی لە دوای بڕوانامەی زانکۆ ((بەکالۆریۆس)) راستەوخۆ بڕوانامەی ماجستیری دەبەخشی، بەڵام لەدواییدا بەپێی مەرسومی (900) ی ساڵی 1983 گۆڕانی بەسەردا هێنا و کردی بە بڕوانامەی دیپلۆمی خوێندی باڵا. زانکۆی لوبنانی بەپێی ئەم مەرسومە دکتۆرا دەبەخشێت، ئەویش دکتۆرای دەوڵەتە.

## ب- مامۆستای سەرپەرشتیار و رۆڵی

مامۆستای سەرپەرشتیار یان رابەر، بریتییە لە مامۆستای تایبەتمەند کە سەرپەرشتیاری لێکۆڵینەوەی پێ دەسپێردرێت، هەر لەکاتی هەڵبژاردنی بابەتەکە هەتا کاتی گفتوگۆکردنی، هەڵبژاردنیشیان لە رێگەی لیژنەیەکی ئەکادیمی تایبەتمەندەوە دەبێت، یان لە رێگەی سەرۆك بەشی تایبەتەوە دەبێت، یان قوتابی خۆی هەڵی دەبژێرێت، لە هەردوو بارەکەدا دەبێت مامۆستاکە تایبتمەند بێت لە بواری بابەتی لێکۆڵینەوەکەدا، یان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بابەتەکەدا هەبێت.

سەرپەرشتیار رۆڵێکی ئەکتیڤی هەیە لە رێڕەوی زانستی قوتابیدا بۆیە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەکتیڤکردنی قوتابی و هەڵنانی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەی، یان ببێتە هۆی خاوکردنەوەی لە تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکەیدا، بێگومان لێکۆڵینەوەی باش بەرهەمی کارێکی هزری و هاوکاری مرۆیی ئەکتیڤی نێوان سەرپەرشتیار و قوتابییە.

پێویستە سەرپەرشتیار خاوەنی زۆرێك لە بەهای رەوشتی و زانستی بێت، هەتا بتوانێت پەیوەندییەکی گەرم و جوان لەگەڵ قوتابییەکاندا دروست بکات، هاوشێوەی پەیوەندی باوك بە نەوەکانییەوە، بۆ ئەوەی کاتێك خوێندنیان تەواو بوو پەیوەندییەکەیان ببێتە هاوڕێیەتی و بەدرێژایی تەمەنیان بەردەوام بێت.

بۆیە پێویستە سەرپەرشتیار دوور بێت لە هەموو مەبەستێکی تایبەتی و بە نەرم و نیانی و خۆشەویستییەوە سەرپەرشتی قوتابییەکانی بکات و بەباشی و

دوور لە توندی و دڵڕەقی ئاڕاستەیان بکات، ئارامی و باوەڕ بەخۆبوون لە دەروونیاندا بچێنێت و هانیان بدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی دێتە رێگەیان لە لێکۆڵینەوەکەیاندا و، یارمەتی دەربێت لە چارەسەرکردنیاندا.

پێویستە سەرپەرشتیار رەخنە لە قوتابییەکەی بگرێت، رەخنەیەکی پاك و بێگەرد و دروستکەر، نابێت لە پرسیارەکانی بێزاربێت و گاڵتە بەکارەکەی بکات، سنگی فراوان بێت و خاوەنی هێمنی و ئارامی بێت، نابێت بیروبۆچوونی خۆی بسەپێنێت بەسەر قوتابییەکەیدا ئەگەرچی بۆچوونەکانی دروستیشبن، ئەمین بێت و لێکۆڵینەوەی قوتابییەکەی بۆ سوودی خۆی بەکارنەهێنێت[1].

ئەگەر بوونی ئەم سیفەتانە پێویست بێت لە مامۆستای خوێندنی باڵادا هەبێت، ئەوا برێکی کەم لە مامۆستایان هەندێك لەم سیفەتە زانستی و رەوشتییانەیان تێدا نییە کە دەبێتە هۆی خراپکردنی ناوبانگی کەسێتی و زانستییان، بۆیە لێرەدا پێویستە لەسەر قوتابی لە ژیانی خودی مامۆستاکەی و بەهای لێکۆڵینەوە و کتێبەکانی ئاگاداربێت تا بزانێت چ مامۆستایەك هەڵدەبژێرێت.

ئەرکەکانی سەرپەرشتیار بەرامبەر بە قوتابی زۆرن، لەکاتی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەوە دەستپێدەکات، کاتێك مامۆستای سەرپەرشتیار هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی باروودۆخی دەوری بابەتەکە و ئاستی گرنگی بابەتەکە و، ئەو سەرچاوە سەرەکییانەی پێویستە قوتابی بۆی بگەڕێتەوە و ئەو زمانە بیانییانەی پێویستە قوتابی پشتی پێ ببەستێت بۆ قوڵبونەوە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی[2].

مامۆستای سەرپەرشتیار رێنوێنی قوتابییەکەی دەکات بۆ لای ئەو دامودەزگا و کەسایەتییانەی دەتوانن یارمەتی بدەن لە بابەتەکەیدا، ئەوەش لە رێگەی پەیوەندی

1- ثريا ملحس، ص40.
2- أحمد شلبي، ص20.



کەسی خۆی پێیانەوە، یان لە رێگەی ناردنی نامەوە، هەروەك قوتابییەکەی ئاشنای ئەو رێبازی لێکۆڵینەوەیە دەکات کە خۆی هەڵی بژاردووە لەگەڵ چۆنێتی پابەندبوون پێوەی، هەڵەکانی بۆ راست دەکاتەوە و رەخنە لە زانیارییەکانی دەگرێت و هەوڵی یارمەتیدانی دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە کتوپڕەکانی[1].

ئەو بەشدارییە فراوانەی مامۆستای سەرپەرشتیار لە لێکۆڵینەوەی قوتابیدا، ئەو مافە نادات بە مامۆستای سەرپەرشتیار شێوازی میتۆدی و گیانی خۆی بسەپێنێت بەسەر لێکۆڵینەوەی قوتابییەکەدا، بەڵکو پێویستە ناوی قوتابی و کەسایەتی خۆی پێوە دیار بێت، چونکە بەرپرسیاری کۆتایی لێکۆڵینەوەکە قوتابی خۆیەتی و بەرپرسیارێتی سەرپەرشتیار تێناپەڕێت بۆ بواری ئەدەبی[2].

بەڵام سەبارەت بە قوتابی پێویستە رێزی مامۆستاکەی بگرێت و ئامۆژگارییەکانی جێبەجێبکات، بە وردی و بەئاگایی گوێ لە تێبینییەکانی بگرێت، دەگونجێت گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاکەی بکات لەسەر ئەو شتانەی لەگەڵ بۆچوونە تایبەتییەکانیدا ناگونجێت، دەکرێت وەك لێکۆڵەرێکی بیر ئازاد بۆچوونەکانی پەسەند نەکات، نەك وەك کەسێکی دژ و بەرهەڵستکار.

پێویستە لەسەر خوێندکار پابەند بێت بەو کاتانەی مامۆستاکەی بۆی دیاریدەکات، نابێت لێیان دوابکەوێت مەگەر بە هۆکارێك لە دەستی خۆیدا نەبێت و مامۆستاکەی ئاگاداربکاتەوە، چونکە زۆرجار کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ قوتابییەکاندا، لە کاتی تایبەتی دانیشتنی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیدا، یان لەکاتی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی دەگرێت.

پێویستە چاوپێکەوتنەکان لە سەرەتادا ماوەی نێوانیان کەم بێت پاشان وردە وردە ماوەکە زیاتر بکرێت، وەك ئەوەی لە سەرەتادا هەفتانە بێت پاشان بکرێتە

1- جان بيار فرانيير، ص61.
2- طريف الخالدي، ص86.

مانگانە، بە جۆرێك مامۆستا و قوتابی باش یەكتر بناسن و لە پلانی كارەكە تێگەیشتبن، دەكرێت بەیەكگەیشتنەكان لە شوێنی تایبەتی سەرپەرشتیار، لە كۆلێژ یان لەماڵی سەرپەرشتیار، یان لە هەر شوێنێكی تر كە گونجاوبێت ئەنجام بدرێت.

لە چاوپێكەوتنەكاندا قوتابی لێكۆڵینەوەكەی بەش بەش بۆ مامۆستاكەی دەخاتەڕوو ئەویش پاش خوێندنەوەی لەگەڵ تێبینیەكاندا دەیگەڕێنێتەوە بۆ قوتابیەكەی، یان خۆی دەیخوێنێتەوە بۆ مامۆستاكەی و تێبینییەكانی لەسەر دەنووسێت.

ڕێگەی دووەم ئەوەیە قوتابی بەتەواوەتی پێشكەش بە مامۆستاكەی دەكات بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوە و تێبینییەكانی خۆی لەسەر بنووسێت، ئێستا ڕێگەی یەكەم زیاتر باوە لای مامۆستایان و لێكۆڵەران، لە ڕێگەی دووەمیش باشترە[1].

## ج- هەڵبژاردنی بابەتی لێكۆڵینەوە

لە ڕاستیدا یەكەم كاری گران كە ڕووبەڕووی قوتابی خوێندنی باڵا دەبێتەوە هەڵبژاردنی بابەتی لێكۆڵینەوەیە، بە تایبەتی لە قۆناغی دیپلۆمدا بۆیە سەركەوتن یان سەرنەكەوتنی لێكۆڵینەوە لەسەر چۆنێتی هەڵبژاردنی بابەتەكە وەستاوە، بەتایبەتی قوتابی چەند ساڵێك لەتەمەنی لە ئامادەكردنی ئەو بابەتەدا بەسەردەبات، دەشێت ئەو ساڵانە قورسترین ساڵەكانی تەمەنی بێت لەڕووی ماددی و دەروونی و كۆمەڵایەتییەوە.

1- ئەم ڕێگەیە هەردوو مامۆستای بەڕێزم لەگەڵیان بەكار هێنام، خوالێخۆشبو دكتۆر (احمد عزت عبدالكریم) لەگەڵمدا بەكاریهێنا لە نامەی ماستەرەكەمدا لە زانكۆی (عین شمس) من بەشێكی تەواوم بۆ دەخوێندەوە و تێبینیەكانم لەسەر دەنووسی، لە یەك دانیشتندا كە یەك كاتژمێری دەخایاند یان لە دوو دانیشتندا، هەروەها دكتۆر نیقۆلا زیادە لە تێزی دكتۆراكەمدا لە زانكۆی (الیسوعیة) لەگەڵمدا بەكاری دەهێنا، هەر بەشێكی لێوەردەگرتم دەیخوێندەوە، پاشان بە تێبینییەكانەوە بۆی دەگەڕاندمەوە.



هەڵبژاردنی بابەتی لێكۆڵینەوە كاری قوتابییە و خۆشی لێی بەرپرسیارە، دەكرێت مامۆستای سەرپەرشتیار بابەتێكی بۆ هەڵبژێرێت لەگەڵ ئارەزووی خۆیدا بگونجێت لە بواری تایبەتمەندی خۆیدابێت، شتێكی ئاساییە ئەگەر یەكێك لە مامۆستا تایبەتمەندەكان یان یەكێك لە هاوڕێ لێكۆڵەرەكانی ئاماژە بكەن بە بابەتێكی دیاریكراو لەگەڵ خواستی خۆیدا بگونجێت.

زۆرجار مامۆستایانی مێژوو لیستی كۆمەڵە بابەتێك لای خۆیان دەپارێزن حەزدەكەن قوتابیەكانیان بیكەنە بابەتی لێكۆڵینەوەكانیان، جگە لەوە گۆڤاری تایبەت هەیە پێشنیاری بابەتی زانستی دەكات بۆ لێكۆڵەران لە هەموو بوارەكاندا[1].

قوتابی كۆمەڵێك بابەت لەگەڵ سەرچاوە سەرەكییەكانی هەر بابەتێك پێشكەش بە مامۆستای سەرپەرشتیار دەكات، پلانی تایبەتی خۆی بۆ لێكۆڵینەوەكە و ئەو میتۆدەی بەكاری دەهێنێت دەخاتەڕوو، پاشان لەگەڵ مامۆستاكەیدا یەكێك لەوبابەتانە هەڵدەبژێرێت[2].

لە زانكۆی لوبنانیدا پێویستە قوتابی دیپلۆم بابەتێك یان دوو بابەت دیاریبكات، قوتابی دكتۆراش دەبێت بەلایەنی كەمەوە سێ بابەت دیاریبكات بۆ ئەوەی یەكێكیان هەڵبژێرێت.

بابەتی هەڵبژێردراو بۆ لێكۆڵینەوە یان دەبێت بابەتێكی نوێ بێت پێشتر لێكۆڵینەوەی لە سەر نەكرابێت، یان كتێبێك وەربگێڕێت* بە مەرجێك پێشەكییەكی زانستی درێژی بۆ بنووسێت و، بەپێڕستی هونەری پێویست كۆتایی پێبهێنێت، یان لێكۆڵینەوە لەسەر دەستنووسێك بكات بە شێوەیەكی زانستی و دروست، یان پێڕست دابنێت بۆ هەندێك كتێبی فراوان، یان نووسراوە خولییە گرنگەكان ((الدوریات)).

1- لویس جوتشلك، ص77.

2- أحمد بدر، ص75.

* نوسەر لێرەدا دەڵێت كتێبێك بكات بە عەرەبی، بەڵام ئێمە پێمان باش بوو لە جێگەی ئەوە وەربگێڕێت دابنێین. (وەرگێڕ)

یەکەم پێوەر بۆ هەڵبژاردنی هەر بابەتێك بریتییە لە ئارەزووبوون لەو بابەتە، چونکە قوتابی پێویستە بابەتێك هەڵبژێرێت کە باوەڕی پێی هەبێت و حەزی لێبێت و پێچەوانەی هەزر و بیروباوەڕی نەبێت، چونکە شەو و ڕۆژ لەگەڵ بابەتەکەیدا دەژی و تێکەڵ بەخوێنی دەبێت ئالوودەی گیانی دەبێت و بەسەریدا زاڵدەبێت، هەموو تواناکانی خۆی تیادا دەخاتە گەڕ بۆ ماوەیەك لەوانەیە چەند ساڵێك بخایەنێت[1].

ئەو قوتابییەی لێکۆڵینەوە لە بابەتێك دەکات ئارەزووی لێی نییە، لە یەکەم هەنگاویدا دەکەوێت و یەکەم کۆسپ کە دێتە ڕێگەی پەشیمانی دەکاتەوە، هەر کاتێکیش کە چوو بەلای لێکۆڵینەوەکەیدا پەستی و بێزاری بە سەریدا زاڵ دەبێت، زۆر بە دەگمەن دەگاتە کۆتایی ڕێگاکە.

پێوەری دووەم بریتییە لە گرنگی بابەتەکە و گونجانی بۆ لێکۆڵینەوە، پێویستە لەسەر قوتابی پرس بە مامۆستای تایبەتمەند بکات و بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکان، تا لەوە دڵنیابێت بابەتەکە دەگونجێت بۆ لێکۆڵینەوە، دەبێت بابەتەکە شتێکی نوێ بۆ مەعریفەی مرۆیی زیاد بکات و لە دواییدا بڵاوکردنەوەی سوودی خەڵك و شانازی خاوەنەکەی تێدا بێت[2].

پێوەری سێیەم ئەوەیە دەبێت دڵنیابێت لەوەی بابەتەکەی تازەیە و لێکۆڵەرێکی تر لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکردووە، جا لە زانکۆکەی خۆی بێت یان لە زانکۆکانی تری وڵاتەکەی بێت، لێرەدا پێویستە سەردانی کتێبخانەی زانکۆکان بکات، بۆ ئەوەی تۆماری ئەو لێکۆڵینەوانە ببینێت کە گفتوگۆی لەسەرکراوە، یان قوتابیان خەریکی ئامادە کردنیانن بەمەش قوتابی بابەتێك تۆمار ناکات لەپێش ئەودا لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت.

1- محمد عجاج الخطيبي، ص103.
2- أحمد شلبي، ص24.



پێوەری چوارەم ئەوەیە قوتابی لەخۆی بپرسێت ئایا لە توانایدا هەیە لەو بابەتە تێزێکی زانستی سەرکەوتوو تۆمار بکات؟ ئەو توانایەش خۆی لە بواری زانستیدا دەبینێتەوە، بۆیە پێویستە خاوەنی کۆمەڵە توانا و بەهرەیەکی زانستی بێت گونجاوبێت لەگەڵ بابەتەکەیدا، لەوانەش هەندێك زمانی بیانی بزانێت.

جگە لەوە خۆی دەبینێتەوە لە بواری ماددیدا، چونکە پێویستە بڕێکی زۆر پارە تەرخان بکات بۆ کڕینی کتێب و کۆپی کردنی دەستنووس و بەڵگەنامەکان، بۆ گەشتکردن ئەگەر پێویست بوو، بە هەمان شێوە خۆی دەبینێتەوە لە بارودۆخی کەسی قوتابیدا، چونکە پێویستە دڵنیابێت ئایا کاتی پێویستی هەیە؟ تا تەرخانی بکات بۆ لێکۆڵینەوەکەی بەدرێژایی چەند ساڵ، یان ئایا بارودۆخی تەندروستی و ژیانی خێزانی دەبێتە ڕێگر لەوەی لێکۆڵینەوەیەکی باش بەرهەم بهێنێت؟[1].

ئەگەر قوتابی دڵنیابوو لەوەی بەشێوازێکی پۆزەتیڤ ئەو پێوەرانەی پێشوو لەودا هەن، پێویستە لەسەری پشت بەخوا ببەستێت و دەستبکات بەلێکۆڵینەوەکەی، بەڵام ئەگەر بەو جۆرە نەبوو پێویستە واز لەو بابەتە بهێنێت و بابەتێك هەڵبژێرێت لەگەڵ خۆیدا بگونجێت، یان هەر بەتەواوەتی واز لە لێکۆڵینەوەی زانستی بهێنێت، چونکە ئەوە تواناکانیەتی و ئەوەش چارەنووسیەتی.

## د- ئامادەگردنی پلانی لێکۆڵینەوە

دوای ئەوەی قوتابی بابەتی لێکۆڵینەوەکەی هەڵدەبژێرێت، پلانێك ئامادە دەکات تاوەکو جێبەجێی بکات، ئەمەش بەخوێندنەوەیەکی فراوانی ئەو کتێب و ئینسکلۆپیدیا گرنگانەی تایبەتن بە بابەتەکەوە، بەمەش ئاستی قوڵی و فراوانی بابەتەکەی بۆ ئاشکرادەبێت، جگە لەوەی زۆرجار گوتاری ئینسکلۆپیدیاکان لیستی سەرچاوە بەسوودەکانی ئەو بوارە لەخۆیان دەگرن.

1- ثريا ملحس، ص39.

کەواتە پلان بریتییە لە پێرستی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەو ئەو ئێسکە پەیکەرەیەتی کە تێزەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت، ڕێگاپێشاندەری لێکۆڵەرە بۆ کارکردنی لۆژیکی ڕێکخراو، بەشێوەیەکی باو پلان پێکدێت لە پێشەکی کە تیایدا لێکۆڵەر باس لەگرنگی لیکۆڵینەوەکە و ڕادەی پێوستی زانستی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەکات، باس لەوانە دەکات کە پێشی کەوتوون لە لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتەدا، ئاماژە بەو میتۆدە دەکات کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکاری دەهێنێت.

هەروەها کورتەی بیروبۆچوونە سەرەکییەکانی هەریەك لە بەشەکان لەخۆدەگرێت، ئەو شتە نوێیانەش باس دەکات چاوەڕوان دەکرێت لە بابەتەکەدا بیانخاتەڕوو.

لە زانکۆی لوبنانی قوتابی لە بەشی دکتۆرا پلانێك یان نەخشەیەك بۆ لێکۆڵینەوە پێشکەش دەکات، بەدرێژی باسی هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە و میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی دەکات، پاشان پلانەکەی دابەش دەکات بۆ چەند بەشێك، بە لیستی سەرچاوە و ژێدەرە بنەڕەتییەکان کۆتایی پێدەهێنێت.

### هـ- هەموارکردنی بابەت یان گۆڕینی

لە کاتی هەڵسانی قوتابی بەکۆکردنەوەی زانیاری یان پاش تەواوبوونی لەو کردەیە، پێداچونەوەی ئەو مادده زانستییەی لای کۆبۆتەوە، بۆی روون دەبێتەوە بابەتەکە بەپێی ئەو پلانەی دایناوە پێویستی بە هەموارکردن هەیە یان نا، پێدەچێت ئەو هەموارکردنە بەشەکی بێت، وەك زیادکردن یان کەمکردنی بەشێك یان زیاتر. یان کردنی دوو بەش بە یەك، یان دواخستن و پێشخستنی هەندێك لە بەشەکان، لەمبارەدا پێویستە سەرپەرشتیارەکە ڕەزامەندی دەربڕێت.

بەڵام ئەگەر هەموارکردنەکە کرۆکی بابەتەکەی گرتەوە، وەك هەموارکردنی ناونیشان یان بەشێکی گەورەی ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە، پێویستە ڕەزامەندی



سەرپەرشتیاری چەند زانکۆیەك بەدەست بهێنێت، یان ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆلێژ یان بەشی تایبەتمەند بەدەست بهێنێت.

لە بارێکدا ئەگەر قوتابی نەیتوانی سەرچاوە بنەڕەتییە پێوستەکانی بابەتەکەی دەستبخات، یان نەیتوانی دانەی ئەو دەستنووسەی دەیەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات دەستبخات، یان ئەگەر خوێندنی نوێ بڕیارێکی دەرکرد ئەو لێکۆڵینەوەیەی ئەو کاری تیادا دەکات ڕەتبکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەویش لێکۆڵینەوە لەهەمان بابەت و بەهەمان میتۆد دەکات، ئەوا ناچار دەبێت بابەتەکەی بگۆڕێت بەبابەتێکی تر.

گۆڕینی بابەت دەبێت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆلێژ یان بەشی تایبەتمەند ئەنجام بدرێت، ئەوەش دوای ڕەزامەندی سەرپەرشتیار دەبێت، پێویستە قوتابی کاربکات بۆ دانانی پلانێکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە نوێکەی. لەوانەیە پێویست بە گۆڕینی سەرپەرشتیار بکات بەسەرپەرشتیارێك کە تایبەتمەند بێت لە بواری لێکۆڵینەوە نوێکەیدا.

هەموارکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی یان گۆڕینی لەکاتی گونجاودا، دەبێتە هۆی دابینکردنی هەوڵ و کات کە لەوانەیە بەفیڕۆ بچونایا لە لێکۆڵینەوەیەکدا نەسوودی دەبوو نە هیوای بەئەنجامگەیاندنی دەبوو، مافی ئەوەی هەیە ئەو بابەتەی کە تۆماری کردووە لەماوەی پێنج ساڵی زانکۆدا پارێزگاری لێبکات، دەتوانرێت بۆ پێنج ساڵی تر تازەبکرێتەوە، بەبڕیارێکی هۆدار لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژ لە زانکۆ لوبنانییەکان.

## تەوەرەی چوارەم: کۆکردنەوەی زانیارییەکان ئامانج و هۆکارە بەکارهێنەکان

### یەکەم: پێناسە و ئامانجەکانی

لە زمانەوانیدا ((القمش)) و ((التقمیش)) واتە کۆکردنەوەی شت لێرە و لەوێ، ((القَمْش)) خراپ لە هەموو شتێك کۆکەشی ((قماش))ە، ((قمشُهُ قماشاً)) کۆی کردەوە چۆن کۆکردنەوەیەك، ((القُمش)): کۆی ((القماش))ە کە بریتییە لە هەر شتێکی پەرتەوازە لەسەر زەوی، هەروەها ((قماش)) هەمووشتێك ((قماشتة)): پەرتەوازەییەکەی ((قُماش))ی ماڵ بریتییە لە پێویستییەکەی[1].

بەڵام لەزاراوەدا واتە کۆکردنەوەی ئەو بنەمایانەی پێشینان بەجێیان هێشتووە، جا هیچ جیاوازی نییە ئەو بنەمایانە نووسراوبن (وەك کتێب و دەستنووس و بەڵگەنامەکان) یان وێنەداربن (وەك نەخش و نیگار و وێنەی فۆتۆگرافی) یان بیستراوبن (وەك تۆمارکراوی مۆسیقا و گۆرانی و گوتە) جگە لەمانەش[2].

لە راستیدا زانایانی فەرموودە، پەییان بە گرنگی کۆکردنەوەی بنەماکان و پشکنینیان کردبوو، بۆیە کۆمەڵە رێسایەکیان بۆ داناو بەتوندی پراکتیزەیان دەکرد، مێژوونووسانی نوێ و نێوەندە زانستییە نوێکانیش ئەم شێوازەیان لە زانایانی فەرموودە وەرگرت، ئەم کارەش دەدرێتە پاڵ زانای فەرموودە ((ابی حاتم الرازی)) لەسەدەی سێیەمی کۆچی، کە دەڵێت: ((کاتێك نووسیت کۆبکەرەوە و کاتێکیش قسەت کرد بیپشکنە))[3].

گرنگی بنەماکان ((ألاصول)) جیاوازە بەپێی کۆنی و دروستی و گەڕانەوەیان بۆ خاوەنەکەی، بۆیە ئەو بنەمایانەی زۆر کۆنن و دروستن لەڕووی گەڕانەوە یان بۆ

1- لسان العرب، المجد 11، ص302.
2- الیاس القطار، مدخل الی علم التاریخ، دار لبنانیة للنشر الجامعي، بیروت، 1982، ص127.
3- اسد روستم، ص2.



خاوەنەکەی پێیان دەگوترێت سەرچاوە بنەڕەتییەکان یان یەکەمییەکان، بەڵام ئەوانەی کەمتر گرنگیان هەیە پێیان دەگوترێت سەرچاوە ناوەندییەکان.

کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوەکانییەوە، واتە کۆکردنەوە، پاشان لەخۆگرتنی، پێویستی بە لێکۆڵەرێکی خاوەن بەهرەی هونەری هەیە، کە لێهاتوویەکی زانستی فراوانی هەبێت لە هەندێك زانستدا وەك فیلۆلۆژیا (تێگەشتن لە زمان) و خوێندنەوەی نەخش و جگە لەوانەش[1].

لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان، بەتایبەتی لەزانستە مرۆییەکاندا، ئەنجامدانی بەشێوەیەکی باش بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بنەڕەتییەکان کارێکی گرانە، بەتایبەتی دیکۆمێنتەکان، ئەمەش بەتایبەتی تر لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا دەردەکەوێت، چونکە مێژوو بەبێ دیکۆمێنت نابێت، زۆر جار کات دەبێتە هۆی سڕینەوەی ئەو شوێنەوارانە، بۆیە مێژوو لەدەستیان دەدات یان لەبیریان دەکات وەك ئەوەی کە نەبووبن[2].

### دووەم: پێناساندنی سیستەمی کتێبخانە و کارمەندەکانی

#### أ- سیستەمی کتێبخانە

قەبارەی زانیاری بڵاوکراوە ئەوەندە زیادی کردووە لە جیهانی ئەمڕۆدا، بەجۆریك لە ((تەقینەوەیەکی راگەیاندنی)) دەچێت، کە لە توانای هیچ لێکۆڵەرێکدا نییە بەدواداچوون بۆ تەنها بەشێکیشی بکات، ئەگەرچی هەموو ژیانیشی بۆ تەرخان بکات.

ئەم زانیارییانە، بەکۆن و نوێوە، رۆژانە زیاد دەکات و دەڕژێتە ناو کتێبخانە و خانەکانی ئەرشیف و ناوەندی زانیارییەکانەوە، بەجۆرێك

1- هرنشو، علم التاریخ، ترجمة و تعلیق عبدالحمید العبادي، دار الحداثة، بیروت، 1986، ص12.
2- احمد بدر، ص235.

کۆدەکرێتەوە و پۆلێندەکرێت و پێڕستی بۆ دادەنرێت و دەخرێتە بەردەستی لێکۆڵەرە تایبەتمەندەکان.

پێوستە لەسەر لێکۆڵەر سەردانی ئەو دەزگایانە بکات بۆ ئەوەی سوود لەو زانیارییە کۆکراوانە وەربگرێت بۆ لێکۆڵینەوەکەی، خۆ ئەگەر لە شارەکەی خۆیدا ئەو ناوەندانە هەبوون ئەوا پێویستە لە باشترین خوێنەرانی بێت، ئەگەرنا پێویستە بۆ گەیشتن بەو ناوەندانە سەفەر بکات جا ماوەکەی درێژ بێت یان کورت.

بێگومان کتێبخانە و خانەی ئەرشیفەکان سیستەمی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ ئاسانکردنی کارەکانیان، پێویستە لەسەر زانکۆکان سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندنی زانکۆ، قوتابیانیان فێری چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە کتێبخانە بکەن بە رێگایەکی دروست، ئەو خزمەتانەش بناسێنرێت پێشکەش بە لێکۆڵەران و قوتابیان دەکرێت، زانکۆی ئەمریکی لە بەیرووت یەکەم زانکۆ بوو لەناو زانکۆکانی لوبنان ئەم شێوازەی پراکتیزە دەکرد لەگەڵ قوتابییە نوێکانیان، لە سەرەتای هەموو ساڵێکی زانکۆدا.

پێویستە بیبلیۆگرافیایەکی پرۆگرامی بنەڕەتی لە کتێبخانەی زانکۆ بدرێت بە قوتابی خوێندنی باڵا، کە هەڵدەستێت بەئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، ئەم کارەش نەك تەنها کات بۆ قوتابی دەگێڕێتەوە، بەڵکو دەشبێتە هۆی کەمکردنەوەی ماندوبوونی مامۆستای سەرپەرشتیار[1].

ئەگەر قوتابیەك بیەوێت سەردانی کتێبخانەیەك بکات بە بەردەوامی، پێویستە سەردانی یەکەمی تەنها بۆ شارەزابوون و ناسینی سیستەمی پێڕستی کتێبەکان و شوێنی کارتی پێڕستی کتێبەکان و شێوازی بەکارهێنانیان تەرخان

---

[1]- بڕیارمدا سەرەتای هەموو ساڵێکی زانکۆیی، لەگەڵ قوتابیانی خوێندنی باڵادا بچمە کتێبخانەی زانکۆ و هەرچی کتێبی تێدایە پێیان بناسێنم، چۆنیەتی بەکارهێنانی کارتی پێڕستەکانیان فێربکەم، لەگەڵ ئەوەی کە کتێبەکانی کتێبخانەی (صیدا) لە 12 هەزار بەرگ تێناپەڕێت.



بکات، شارەزای هۆڵی خوێندنەوە و مەرجەکانی خواستنی ناوخۆ و دەرەکی و کاتی بەردەوامی فەرمی کتێبخانەکە ببێت.

ئەگەر کتێبخانە یان خانەی ئەرشیف، ئامێری پێشکەوتوویان بەکار دەهێنا بۆ زانیاری وەرگرتن لە سەرچاوەکان، لەم بارەدا پێویستە لەسەر لێکۆڵەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە فێر ببێت، چونکە کاتێکی بەنرخی بۆ دەگەڕێنێتەوە و دەتوانێ بەئاسانی و دروستی و دوور لە هەڵە زانیارییەکان بەدەست بهێنێت، نموونەی ئەو سیستەمانەش کۆمپیتەر و ئامێری خوێنەرەوەی مایکرۆفیلم و جگە لەوانەش.

زانینی سیستەمی پۆلێنکردنی کتێب لە کتێبخانەکان زۆر گرنگە، سەرەتای ئەم جۆرە پۆلێنکردنانە لە ساڵی (1876) دەرکەوت، کە بریتی بوو لە پۆلێنکردنی دەیی (العشری)، کە دکتۆر ملفیل دیۆی ئەمریکی (( M.Deoey 1931-1851)) دایناوە.

لەساڵی 1892 هەردوو پارێزەر پۆل ئۆتلییە و هنری لاڤۆنتین ((نووسینگەی نێودەوڵەتی بۆ ژێدەرەکان))یان لە برۆکسل دامەزراند. پاشان لە ساڵی (1895) گۆڕییان بۆ ((دەزگای نێودەوڵەتی بۆ سەرچاوە و ژێدەرەکان))، هەستان بە دانانی کارتی پۆلێنکردن بۆ نووسەرەکان، تا ساڵی (1900) ژمارەی ئەو کارتانە گەیشتە نزیکەی (17) ملیۆن کارت.

دوای ئەوەی ئۆتلییە پەیوەندی کرد بە (ملفیل دیۆی)یەوە سیستەمەکەی ناونا ((رێکخستنی دەیی جیهانی)) ئەمەش لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو، ئەم سیستەمە بەخێرایی بڵاوبۆوە لە سوید و ئەوروپای ناوەڕاست و یەکێتی سۆڤییەتی جاران، رێکخستنی دیۆی لە ئەمریکا و هەندێ وڵاتانی ئەوروپا بڵاو بۆوە، بوو بە بەربەرەکانی کار، بەتایبەتی دوای ئەوەی کۆنگرەی کتێبخانەییە دەوڵەتییەکان دانیان پێدانا لە ساڵی (1937).

سیستەمی دیۆی بۆ پۆلێنکردنی کتێبخانەکان لە وڵاتانی عەرەبیشدا بڵاو بۆوە، لەناو ئەو وڵاتانەشدا لوبنان، بەڵام دوای ئەنجامدانی چەند هەموارکردنێکی کەم تیایدا کە لەگەڵ پێویستییە عەرەبییەکاندا بگونجێت، بۆیە هەندێك بەدرێژی باسی دەکەین[1].

دیۆی سەرجەمی مەعریفە مرۆییەکانی پلەبەند کردووە لە ژێر دە بنەمای سەرەکیدا، لەژێر هەر بنەمایەکیشدا دە لقی داناوە، لەژێر هەر لقێکیشدا دە بەشی داناوە، هەر بەشێکیشی تایبەت کردووە بە ژمارەیەکی ئاماژە پێکراوەوە.

**دە بەش یان بنەما سەرەکیەکان بریتین لە:**

000 = کارە گشتیەکان.

100 = فەلسەفە.

200 = ئایینەکان.

300 = زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

400 = زمانەکان.

500 = زانستە ئەبستراکتەکان.

600 = زانستە پراکتیکییەکان.

700 = هونەرەکان.

800 = ئەدەبیات.

900 = مێژوو و جوگرافیا و ژیاننامەکان.

یەکێك لە پۆلێنکردنە گرنگەکانی تر پۆلێنکردنی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکییە لە ساڵی (1910) بڵاو کراوەتەوە، 24 بەشی سەرەکی رێکخراو بەپێی پیتی ئەبجەدی لەخۆی دەگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

[1]- بۆ شارەزایی زیاتر لەسەر سیستەمی دیۆی دەبی بەتەواوی، سەیری پاشکۆی ژمارە دوو بکە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا.



A= کارەگشتیەکان.

B= فەلسەفە و ئاییینەکان.

C= مێژوو و زانستە یاریدەدەرەکانی.

D= مێژووی جیهانی، زانستی چینەکانی زەوی.

E و F= مێژووی ئەمریکی.

G= جوگرافیا و ئەنترۆپۆلۆژیا.

H= زانستە کۆمەڵایەتییەکان (کۆمەڵناسی).

J= سیاسەت.

K= یاسا.

L= پەروەردە.

M= مۆزیك.

N= هونەرە جوانەکان.

P= زمان و ئەدەب.

Q = زانستەکان.

R= پزیشکی.

S= کشتوکاڵ.

T= تەکنیکی ((التقنية))

U= زانستە سەربازییەکان.

V= زانستە دەرياییەکان.

Z= پێڕستکردن و زانیاری کتێبخانەکان.

جگە لەو دوو پۆلێنەی پێشوو، هەندێك پۆلێنکردنی تر هەن ناوبانگ و بڵاوبونەوەیان کەمترە، وەك پۆلێنی بلێس (Bliss) یان پۆلێنی چارلز کۆتەر (Charles cutter)، پۆلێنی سۆڤیێتی پێشوو، جگە لەمانەش[1].

[1]- جاك شومية، اصول التوثيق، ترجمة انطوان عبدة، ط2، منشورات عويدات، بيروت-باريس، 1982، ص82.

**ب- بەرپرسی کتێبخانەکان**

بەرپرسی کتێبخانە رۆڵێکی گەورە و گرنگی هەیە، چونکە ئەو سەرپەرشتی پۆلێن و پێرستکردنی کتێبەکان و ڕێکخستنی بەشەکان دەکات، دەتوانێت لەگەڵ کارمەندانی تری کتێبخانە یارمەتی پێشکەش بە قوتابیان و لێکۆڵەران بکات.

پێویستە قوتابی بە نەرم و نیانی و ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ کارمەندانی کتێبخانە بکات، بە شێوەیەکی جوان مەبەستەکەی بگەیەنێت بۆ ئەوەی بتوانێت بڕوا و هاوسۆزییان بەدەست بهێنێت، دەتوانێت دواتر ئەو بڕوا پێبوونە بەهێز بکات بۆ هاورێیەتی، ئەمەش سودی زۆری دەبێت بۆ لێکۆڵەر.

**ج- گرنگترین کتێبخانە و خانەی ئەرشیڤەکان**

ژمارەی کتێبخانەکان و خانەی ئەرشیڤەکان لە وڵاتانی جیهاندا زۆرن، لێکۆڵەران بێ نیازنین لە گەڕانەوە بۆ ئەو کتێبخانە و ئەرشیڤانە و سوودوەرگرتن لە کتێب و دێکۆمێنتەکانی ناویان، گرنگترین ئەو کتێبخانە گشتیانەی ئێستا لە لوبناندا هەن بریتین لە:

1- کتێبخانەی ((یافث التذکاریة)) لە زانکۆی ئەمریکی لە لوبنان.
2- کتێبخانەی زانکۆی قەدیس یوسف لە بەیرووت.
3- کتێبخانەی زانکۆی بەیرووتی عەرەبی لە بەیرووت.
4- خانەی کتێبی نیشتمانی لە بەیرووت.
5- کتێبخانەی زانکۆی لوبنانی — لقی یەکەم - بەیرووت.
6- کتێبخانەی پەیمانگای گۆتەی رۆشنبیری ئەڵمانی لە بەیرووت.
7- کتێبخانەی ((دیر المخلص-جون)) ((هەرێمی خەروب)).

**بەڵام گرنگترین کتێبخانەکانی وڵاتانی عەرەبی بریتین لە:**

1- خانەی کتێبی میسری (قاهیرە).
2- کتێبخانەی زانکۆی قاهیرە (قاهیرە).



3- کتێبخانەی زانکۆی عین شەمس (قاهیرە).
4- کتێبخانەی زانکۆی ئەزهەر (قاهیرە).
5- کتێبخانەی ((الاسد)) (دیمەشق).
6- کتێبخانەی ((الظاهریة)) (دیمەشق).
7- خانەی کتێبی ئەردەنی (عومان).
8- کتێبخانەی گشتی (بەغداد).
9- کتێبخانەی زانکۆی زەیتونە (تونس).

گرنگترین کتێبخانەکانی هەندێك وڵاتانی جیهان:

1- **کتێبخانەکانی ئەستەنبول لە تورکیا کە بریتین لە:**

(الجامعة - العمومیة — الفتح — نور عثمان — السلیمانیة — سراي طوب قابو- کوبریللي).

2- **کتێبخانەکانی لەندەن کە بریتین لە:**

خانەی کتێبی بەریتانی - کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانی — کتێبخانەی کۆمەڵەی پادشایی ئاسیایی — کتیبخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد — کتێبخانەی زانکۆی گلاسکۆ لە بەریتانیا.

3- **کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی و کتێبخانەی زانکۆکان:**

کۆلۆمبیا — کالیفۆرنیا — هارڤارد — ییل، هەموویان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادان.

4- **کتێبخانەی سان پترسبۆرگ و کتێبخانەی زانکۆی مۆسکۆ لە روسیا.**
5- **کتێبخانەی میللی لە پاریس.**
6- **کتێبخانەی ڤاتیکان لە رۆما.**
7- **کتێبخانەی ئەسکۆ ریاڵ لە مەدرید.**

بەڵام خانەکانی ئەرشیڤی هاوچەرخ لە ئەوروپا دەستیپێکرد، پاشان لە وڵاتانی عەرەبیشدا بڵاوبوونەوە لە ساڵی 1792 مەرسومێك لە فەرەنسا دەرچوو مافی ئەوەیدا بە هاوڵاتیان بتوانن دیکۆمێنتە نیشتمانییەکان ببینن و دەستیان بخەن، لە ساڵی 1818 یاسای رێکخستنی دیکۆمێنتەکان دەرچوو، لە ساڵی 1851 دەستکرا بە دامەزراندنی خانەی تۆمارە گشتییەکان لە لەندەن ( Public Record Office) لەدواییدا گوێزرایەوە بۆ ناوچەی کیۆ لە نزیك لەندەن.

بەڵام لە وڵاتانی عەرەبیدا، لە ساڵی 1828 لە سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا لە قاهیرە ((دەفتەر خانە)) دامەزرا، کە یەکەم خانەی ئەرشیڤی سەردەمە لە وڵاتانی عەرەبیدا، پاشان سەرجەمی دیکۆمێنتە دەوڵەتییەکان لە کۆگاکانی قەڵای قاهیرە کۆکرانەوە، لە کۆشکی عابیدین: ((ئێستا ئەمانە هەمووی لە خانەی دیکۆمێنتە نەتەوەییەکانە لە قاهیرە)).

هەروەها سوریا هەستا بە کۆکردنەوەی دیکۆمێنتە هاوچەرخەکان لەخانەی دیکۆمێنتە مێژووییەکان لە ((قصر العظم)) لە دیمەشق، لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان خانەی ئەرشیڤی نیشتمانی رێکخراو هەیە.

لە ساڵی 1929 لە لوبنان مەرسومێك دەرچوو چۆنیەتی پاراستنی بەڵگەنامە بەڕێوبەرایەتییەکانی لوبنانی رێکدەخات، پاشان لە ساڵی 1959 بەڕێوبەرایەتی پاراستگەکانی دەوڵەتی ناوەندی دامەزرا، لە سەرەتای ساڵی 1978 ((دەزگای پاراستگە نیشتمانییەکان)) دامەزرێنرا، کە بریتییە لە دامەزراوەیەکی ناوەندی بۆ پاراستنی بەڵگە دەوڵەتییەکان، رێگە درا بە خەڵکی گشتی و لێکۆڵەران دەستیان پێی بگات بەپێی مەرجی دیاریکراو، ئەم دەزگایە دەکەوێتە ناوچەی (الحمراء) لە بەیرووت.

لەسەرجەم خانەی ئەرشیف و پاراستگە نیشتیمانییەکان لە بەشە جیاجیاکانی جیهاندا، رێگە نادرێت بەبینینی دیکۆمێنتە نهێنییەکان، مەگەر دوای



تێپەڕبوونی (30-50) ساڵ لە مێژووەکەی، هەندێك دیکۆمێنتی زۆر نهێنی هەیە (Top secret) ناخرێنە بەردەستی خەڵك مەگەر دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ کە دەگاتە دوو سەد ساڵ.

## سێیەم: سەرچاوە و ژێدەرەکان

### أ- پێناسە و جۆرەکانیان

خەڵکی و هەندێك لە لێکۆڵەران لەسەر ئەوە راهاتوون جیاوازی ناکەن لەنێوان سەرچاوە و ژێدەردا، ئەگەرچی زۆرجار لەلایەنی گوتنیشەوە بێت، بۆیە پێویستە ئەم دوو زاراوەیە بۆ لێکۆڵەرانی خوێندنی باڵا سنووردار بکرێت.

سەرچاوە (المصدر) (Source) لە زمانەوانیدا بریتییە لە شوێنی لێهەڵقوڵین (المنبع) یان بنەڕەت (الأصل)، کە داتاشراوە لە وشەی (الصدر)ەوە واتە سنگ یان پێشەوە، پێشینە لە هەرشتێکدا واتای گرنگی و شوێنی لەپێشتر دەگەیێنێت.

بەڵام لە زاراوەدا هەموو کتێبێك دەگرێتەوە کە چارەسەری بابەتێکی دیاریکراو بکات بە شێوەیەکی گشتگیر و قوڵ، بەشێوەیەکی باو راستییە دروست و بنەڕەتییەکان لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەك رێکخراوە لێکۆڵەر بە ئاسانی دەتوانێت سوود لە زانیارییەکانی وەربگرێت[1].

دەگونجێت سەرچاوە هی نووسەرێك یان چەند نووسەرێك بێت، سەرچاوەی بابەتی کۆن زۆرجار ئەو کتێبە کۆنانەیە کە هاوچەرخی بابەتەکە بوون، یان کەمێك پاش ئەو سەردەمە، بەڵام سەرچاوەی بابەتی نوێ رۆژنامە و گۆڤار و، بێژراوەکان دەگرێتەوە[2].

---

1- محمد ماهر حمادة، المصادر العربية و المعربة، مؤسسة الرسالة، بيروت، 1982، ص7.
2- علي جواد الطاهر، ص79.

بەڵام ژێدەر (المرجع) (Reference) بریتییە لەوەی جار لە دوای جار بۆی دەگەڕێتەوە، بەڵام لە زاراوەدا بە کتێبێك دەگوترێت بابەتەکەی لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە کۆکرابێتەوە، بۆ گشت خوێنەران نووسراوە، بە شێوەیەکی تایبەت ڕێکخراوە لەسەر بنەمای هیجائی وەك (فەرهەنگە زمانەوانی و بانکی زانیارییەکان)، یان لەسەر بنەمای بابەتی وەك (بیبلیۆگرافیا و هەندێك لە ئینسکلۆپیدیاکان) یان لەسەر بنەمای مێژوویی وەك (کتێبی ڕووداو و خولییەکان) یان لەسەر بنەمای جوگرافی وەك (کتێبە وڵاتناسییەکان و ئەتڵەسەکان)[1]، بەهەمان شێوە هەموو جۆری بەڵگەکان لەوانەش بەڵگەی بیستراو.

لە ژێدەرەکاندا لە پاڵ ڕاستییەکاندا دانەر بۆچوونەکانی خۆشی سەبارەت بەبابەتەکە پیشاندەدات، بۆیە بەهاکەی جیاوازە بە پێی وردبینی نووسەر و قووڵی لێتوێژینەوەی، لێرەدا لێکۆڵەر دەتوانێت تەنها ئەو شتانە پەسەند بکات کە لەگەڵ سەرچاوەکانیدا دەگونجێت*، ئەوانەش ڕەت بکاتەوە پێچەوانەی سەرچاوەکانیەتی.

لێکۆڵەر بۆ تەواوکردن و جێگیرکردنی زانیارییەکانی و پێداچوونەوەی هەندێك لەدید و بۆچوونەکان دەگەڕێتەوە بۆ ژێدەرەکان، هەرچەندە ئەو ژێدەرە نزیکتر بێت لەو سەردەمەی باسی لێوە دەکات و، هەرچەندە نزیکتر بێت لەسەرچاوەکانەوە، ئەوا زانیارییەکانی گرنگتر و وردتر دەبێت.

لەبەر ئەوەی خوێنەران بە بەردەوامی لە کتێبخانە گشتییەکاندا پێویستی زۆریان بە ژێدەرەکان هەیە ڕێگە نادرێت بە خواستنیان وەك (فەرهەنگە زمانەوانییەکان – فەرهەنگی زاراوەکان- ئینسکلۆپیدیاکان- کتێبی زانیاری و ڕاستییەکان). بۆیە هەندێك لە کتێبخانەکان، هۆڵی تایبەتیان هەیە بۆ خوێنەری ژێدەرەکان.

---

1- میری عبودی فتوحی، تقویم المراجع عربیة والاجنبیة، وکالة مطبوعات، الکویت، لا. ت، ص9.

* لێرەدا مەبەستی لەوەیە، ئەو لێکۆڵەرە ی کە ژێدەرێك (مرجع) بەکاردەهێنێت لە لێکۆڵینەوەکەیدا، بۆی هەیە بەپێی ویستی خۆی و گونجانی لەگەڵ سەرچاوەکانی تری لێکۆڵینەوەکەیدا زانیاری لێوەربگرێت. (وەرگێڕ)



**دەکرێت سەرچاوەکان بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە پلەبەند بکرێن:**

### 1- دێکۆمێنتەکان

بریتییە لەو کاغەز و تۆمارە ڕەسمییانەی کە نووسراونەتەوە، ئەمانە بەزۆری بڵاونەکراونەتەوە و بەهاکەیان لەوەدایە زانیارییەکانیان تازە و دروستن، چونکە لە کاتی ڕووداوی ڕووداوەکان یان کەمێك پاش ڕووداونیان تۆمارکراون.

دێکیۆمێنتەکان کۆمەڵێك بواری جیاواز و فراوان دەگرنەوە، وەك ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان و دەقی ڕێکەوتننامە و پەیماننامەکان، فەرمانی دادگاکان و نووسراوی کۆبوونەوە و ئامادەکراوی کۆنگرە و نەدوەکان، بەهەمان شێوە تۆماری باجەکان و دادگا شەرعییەکان و ئەوقاف و فتواکان، لەگەڵ گرێبەستی کڕین و فرۆشتنەکان و ئامادەکراوی دانیشتنەکانی دەزگاکان و شارەوانییەکان و پاپیرۆسی (بردی) سەدەکانی ڕابردوو، جگە لەمانەش[1].

### 2- دەستنووسەکان

بریتین لەو کتێبانەی چاپ نەکراون، گرنگترینیان ئەوانەن کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە و بڵاونەکراونەتەوە، بەهاکەشیان لەوەدایە کە زانیاری تازە و چڕیان لەخۆگرتووە، ئەگەر نووسخە ڕەسەنەکەی دەست نەکەوت، دەتوانرێت پشت بە نووسخە وێنەگیراوەکەی لەسەر مایکرۆفلیم ببەسترێت.

### 3- کاغەزە تایبەتییەکان

بریتین لەو کاغەزانەی خاوەندارێتیان دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی دیاریکراو، بەهاکەشیان لەوەدایە زانیارییەکی فراوانی دیاریکراو لەخۆیان دەگرن، زیاتر لە هەر سەرچاوەیەکی تر، زانیارییەکانیان زۆر ڕاست و ڕاشکاون چونکە تایبەت

---

1- عبد المنعم ماجد، مقدمة لدراسة التاریخ الاسلامی، ط2، القاهیرة، ص87.

نییە بە بڵاوکردنەوە. بە زۆری پشت دەبەستێت بە شاهیدی بینەری رووداوەکان یان بەشداریکردنی کرداری خاوەنەکەی لە دروستکردنی رووداوەکاندا. ئەم جۆرە کاغەزانەش خۆیان دەبیننەوە لە یادداشتەکان و نووسینی رۆژانە و نامە گۆڕینەوەکاندا و کاغەزی تری کەسی تایبەت[1].

### 4- نووسینی تایبەت بە وەقفکراوەکان (الوقفيات)

بریتین لە کۆمەڵە دیکۆمێنتێکی گرنگ، چونکە کۆمەڵە زانیارییەك لە خۆ دەگرن پڕاوپڕی واقیعی ئەو سەردەمەیە کە تیایدا نووسراوە، لە بوارەکانی مێژوویی و ئاوەدانکردنەوە و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و بەڕێوەبرایەتی، زۆرێك زاراوە و چەمك و ناوی جیاجیامان دەداتێ سەبارەت بەو سەردەمەی کە تیایدا نووسراوە[2].

### 5- نەخش و نیگارەکان (النقوش)

بریتین لە گرنگترین سەرچاوە تایبەتییەکان لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شوێنەواریدا، کە بەدیکۆمێنتی رەسەن دەژمێردرێن، کۆمەڵە نووسراوێکی دروست و بێلایەن لە خۆدەگرن، زانیاری تەواو دەدات بەدەستەوە سەبارەت بە ئەو کۆمەڵگایەی ئەو نیگارەی تێدا نەخشێنراوە یان نووسراوە کە لەسەر دیوارەکان یان پایەکان یان قاپ و قاچەغە جیاجیاکان نەخشێنراون[3].

### 6- دراوەکان (المسكوكات)

بریتین لە دراوی کانزایی دروستکراو لە ئاڵتون یان زیو یان برۆنز، گرنگی ئەم دراوانە لە راستی و دروستی ئەو نەخش و نووسراوانەوەیە لەسەریان

1- سيد عبدالعزيز سالم، التاريخ و المؤرخون العرب، دار النهضة العربية، بيروت، 1984، ص124.
2- المرجع نفسه، ص163.
3- عبد المنعم ماجد، ص23.



هەڵکەندراوە. لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە دراوانە بۆتە زانستێکی تایبەت کە ناو دەبرێت بە زانستی دراو ((علم النميّات)). زانیارییەکانی سەر ئەم دراوانە تیشك دەخەنە سەر لایەنی سیاسی و ئابوری و لایەنەکانی تری ئەو سەردەمە.

### 7- پاشماوە شوێنەوارییەکان

بریتین لەو پاشماوە ماددیانەی مرۆڤ لە دوای خۆی بەجێیهێشتون لە پارچەی سواڵەت (فخار)، یان قاپ و قاچاغی کانزایی و ناکانزایی و جلوبەرگ و پێویستییە بەکارهێنانەکانی ژیانی ئاسایی، وێنە و مۆرەکان و پاشماوەی ناو گۆڕەکان، یان پاش ماوەی تێکشکاوی کەشتییەکانی نزیك کەنارەکان، ئەمانە وێنەیەکی روونی ئەو رابردووەمان دەدەنێ کە بۆی دەگەڕێنەوە[1].

### 8- نووسینی گەڕیدەکان

بریتین لەو نووسراوانەی لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراون ئەو شوێن و ناوچە و وڵاتانە گەڕاون کە لەبارەیانەوە نووسیویانە، پاش بینینی هەموو ئەو شتانە بەچاوی خۆیان، یان بیستنیان لە دەمی خەڵکییەوە، بە شێوەیەکی باو لەم کتێبانەدا درێژەی باسەکان هەیە، کە زۆر ورد و پڕمانایە بە جۆرێك لە دیکۆمێنتەکانی تردا بەو وێنەیە نییە، ئەگەرچی زۆرجار ئارەزوو و لایەنگری نووسەری تێکەڵە[2].

### 9- گێڕانەوە دەمییەکان

گێڕانەوە دەمییەکان گرنگی و بەهایان کەمتر نییە لە گێڕانەوە نووسراوەکان، چونکە ئەوانەش پێش ئەوەی بنووسرێنەوە گێڕانەوەی دەمی بوون. کە بریتین لە

1- لويس جوتشلك، ص58.
2- علي ابراهيم حسن، استخدام مصادر والطرح البحث في التاريخ الاسلامي العام، و في التاريخ المصري الوسيط، ط 3، دار النهضة المصرية، القاهرة، 1980، ص37.

گێڕانەوەی دەمی و دەکرێت متمانەیان پێبکرێت، بەزۆری خاوەنی ئەم گێڕانەوانە بینەری رووداوەکان بوون، یان بەشداریان تێدا کردووە[1].

### ب- چۆنێتی بەکارهێنانی سەرچاوە و ژێدەرەکان

کتێبخانە جۆرێك لە تاقیگە بۆ لێکۆڵەر پێکدەهێنێت، کەرەستەکانی بریتین لە پێڕستەکان، ماددەی تاقیکردنەوەکەشی بریتین لە کتێب و دیکۆمێنتەکان، بۆیە سەردانی لێکۆڵەر بۆ کتێبخانە شتێکی پێویستە تاوەکو بەئاگابێت لە کتێبەکان، ئەمەش کردەیەکی ئاسان نییە، بەڵکو پێویستی بە وردبینی و بەئاگایی هەیە، بۆ ئەوەی لێکۆڵەر بە خێراترین شێوە بگات بە مەبەستەکەی.

قوتابی بە پێداچوونەوەی کتێبە گشتییەکان و بانکی زانیارییەکان دەستپێدەکات، پاشان کتێبی ژێدەرەکان (بیبلیۆگرافیا)ی پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوەکەیەوە. بەهەمان شێوە بە پێڕستی کتێبخانە و خانەی بڵاوکردنەوەکاندا دەچێتەوە، بۆ ئاگاداربوون لە هەموو کتێبێکی نوێ، سەردانی کەسانی خاوەن ئەزموون و تایبەتمەند دەکات بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری تازە دەربارەی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکەی.

سەرجەم کتێبخانە گشتییەکان سێ جۆر پێڕستیان هەیە:

**یەکەم:** پێڕستی نووسەران.

**دووەم:** پێڕستی ناونیشانەکان.

**سێیەم:** پێڕستی بابەتەکان.

1- مسعود ظاهر، التاريخ الاهلي و التاريخ الرسمي، مجلة الفكر العربي، العدد 27، السنة الرابعة، ايار- حزيران، 1982، ص185.



**بەم شێوەیە بۆ هەر کتێبێك سێ کارت دەبێت:**

**کارتی یەکەم:** بەناوی نووسەرەوە دەبێت، بە شێوەی پیتی هیجائی ڕێکخراوە، لە سەرەوەی کارتەکە ناوی نووسەر دەنووسرێت، ناوی بنەماڵەکەی (نازناو) دادەنرێت (پاشان جیاکەرەوەیەك)* پاشان ناوی کەسیی خۆی، دوای ئەوە ناوی کتێبەکە، شوێنی چاپ و مێژووی بڵاوکردنەوە و ژمارەی پەڕەکانی کتێبەکە، ئەندازەی کتێبەکە و، ژمارەکەی لە تۆماری کتێبخانەدا.

**کارتی دووەم:** تایبەتە بەناونیشانی کتێبەکەوە، هەمان زانیارییەکانی پێشوی لەسەر دەنووسرێت، بەڵام بە ناونیشانی کتێبەکە دەستپێدەکات، بەپێی پیتە هیجائیەکان.

**کارتی سێیەم:** تایبەتە بە بابەتەکان، بەپێی بابەتی کتێبەکان دەنووسرێت، بەهەمان شێوە زانیارییەکانی پێشووی لەسەر دەنووسرێت، بەڵام بەپێی بابەتی کتێبەکە** دەستپێدەکات، بەپێی پیتە هیجائەکان.

هەندێك لە کتێبخانەکان بۆ هەر جۆرێك لەو کارتانە ڕەنگێکی تایبەت دیاری دەکەن، بۆ نموونە ڕەنگی سپی بۆ کارتی نووسەرەکان، ڕەنگی سەوز بۆ کارتی کتێبەکان، ڕەنگی سوور بۆ کارتی بابەتەکان، سەبارەت بە ڕێکخستنی ناوی نووسەرە عەرەبییەکان، لە ڕێکخستنی هیجائیدا (ال)ی ناساندن بە پیت حساب ناکرێت.

* مەبەست لە جیاکەرەوە وێرگوڵ (فاریزە)یە. (وەرگێڕ)

** مەبەست لە بابەتی کتێبەکە ئەوەیە، ئایا ئەو کتێبە لە چ بوارێکدا نوسراوە بۆ نموونە بواری مێژوویی یان کۆمەڵناسی یان هەر بوارێکی تر. (وەرگێڕ)

## تەوەرەی پێنجەم: نووسینی زانیارییەکان

### أ- هۆکارە بەکارهێنەرەکانی نووسینەوەی زانیاری

نووسینەوە یان تۆمارکردنی زانیاری لەو سەرچاوانەوە کە قوتابی خوێندونیەوە، کارێکی گرنگە، پێویستی بە وردبینی و ڕێکخستن هەیە، تۆمارکردن یان نووسینەوەی زانیارییەکانیش بەیەکێك لەم دوو ڕێگایە دەکرێت، ئەوانیش ڕێگای کارت و فایلن.

#### 1- ڕێگای کارت

ڕێگای کارت پارچە پارچە یان بەش بەشیشی پێدەگوترێت، بەشێوەیەکی باو لە کاغەزی بەهێز و ئەستوور دروستدەکرێت، جا هێڵدار بێت یان بێهێڵ، ئەندازەکەی لە نێوان 6x4 سم یان 12x8 سم یان 20x13 سم دا دەبێت، یان هەر ئەندازەیەکی تر کە لێکۆڵەر بە باشی بزانێت.

ئەو کارتانە لە پەراوگەکاندا دەفرۆشێت، دەشکرێت لێکۆڵەر خۆی دروستی بکات بەپێی ئەو سیفەتانەی داواکراوە، پێویستە سەرجەم ئەو کارتانەی بەکاریان دەهێنێت یەك ئەندازەیان هەبێت.

تەنها لەسەر یەك دیوی کارتەکە دەنووسرێت، بە مرەکەب یان بەقەڵەمی جاف یان (زۆربەی کات بەپێنووسیی دار) بە خەتێکی روون کە خوێندنەوەی ئاسان بێت.

لەسەر کارتێك تەنها یەك زانیاری دەنووسرێت، ئەگەر کارتێك بەشی نەکرد بۆ زانیارییەك، ئەوا دەتوانرێت کارتی دووەم و سێیەم بەکاربهێنرێت. بەڵام ئەگەر دەقی زانیارییەکە لە سێ کارت زیاتری پێویست بوو، واتای ئەوەیە کەم و کورتییەکی میتۆدی هەیە.



لەسەرەوەی کارتەکەدا بە تەواوی ناوی نووسەر پاشان زانیاری بڵاوکردنەوە (ژمارەی چاپ، ناوی چاپ خانە، دەزگای بڵاوکەرەوە، مێژووی چاپ، ژمارەی بەرگ یان بەش) پاشان ژمارەی ئەو لاپەڕەیەی زانیارییەکەی لێوەرگیراوە.

ئەگەر کتێبەکە چەند چاپێکی هەبوو، پێویستە تەنها یەك چاپی کتێبەکە بەکاربهێنرێت، باشتر وایە ناونیشانی زانیارییەکان لەسەرەوەی کارتەکە بەپێنووسی دار بنووسرێت[1].

سەبارەت زانیارییەکان یان دەقاودەق دەبێت یان پوختەی زانیارییەکە وەردەگرێت. لە وەرگرتنی دەقاودەقدا پێویستە زانیارییەکە لەنێوان دوو کەوانەدا دابنرێت، بەڵام ئەگەر دەقاودەق نەبێت ئەوا پێویست ناکات لەنێو دوو کەوانەدا دابنرێت، بەڵکو لە پەراوێزدا ئاماژە بەسەرچاوەکە دەکرێت و لە پێشییەوە دەنووسرێت (بڕوانە)* .

ئەگەر لێکۆڵەر هەندێك گوزارەی لابرد ئەوا سێ خاڵی ئاسۆی دادەنێت (...) کە گوزارشت لەسەر لابردن دەکات، دوای پڕکردنەوەی کارتەکان هەر کۆمەڵێك بە پێی بەشەکان بەیەکەوە دەبەسترێن بە جۆرێك لاستیکی تایبەت کە بکشێت، پاشان لەشوێنی تایبەتدا دادەنرێت[2].

#### 2- ڕێگای فایل (دۆسیە)

پێشی دەگوترێت ئیزبارە یان دۆسیە یان جەلاسور، بریتییە لە بەرگێکی پێکهاتوو لە کاغەزی بەهێز (مقەبا) کە لەناویدا دوو بازنە هەیە (گیرە)، کۆمەڵێك کاغەزی سپی تێدا دادەنرێت، جا هێڵدار بێت یان بێهێڵ، کاغەزەکان

---

[1]- أحمد شلبي، ص62.

* جوانتر وایە بنووسرێت دەڕوانرێتە، چونکە ئەو لێکۆڵینەوەیە دەچێتە بەر دەستی دکتۆر و پرۆفیسۆر و....هتد، لەڕووی ڕێزەوە جوان نییە بەشێوەی فەرمان بنوسرێت. (وەرگێڕ)

[2]- محمد عجاج الخطيب، ص109.

بە پێی بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە دابەش دەکرێت، بۆ هەر بەشێك ژمارەیەکی گونجاو کاغەز دیاری دەکرێت و کاغەزێکی ئەستووری زماندار دەخرێتە نیوان بەشەکانەوە بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری[1].

تەنها لە یەك رووی کاغەزی دۆسییەکە دەنووسرێت، جا بەپێنووسی مرەکەب بێت یان جاف، دەشکرێت بەپێنووسی دار بنووسرێت، بە خەتێکی روون دەنووسرێت، لە سەرەوەی کاغەزەکەدا روونکردنەوەی پێویست دەنووسرێت، بەهەمان شێوەی کارت.

**بۆ بەراوردکردن لە نێوان هەردوو رێگاکەدا گرنگترین جیاوازی نێوانیان دیاری دەکەین کە بریتین لە:**

- رێگای کارت وردتر و خێراترە بۆ پاراستنی زانیارییەکان.
- رێگای کارت ئاسانتر و خێراترە لە پۆلێنکردندا، بەئاسانی پێشخستن و دواخستن و هەموارکردن و زیادکردنی زانیاری تیادا ئەنجام دەدرێت، ئەویش بە گواستنەوەی کارتەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر یان بە زیادکردنی کارتی نوێ.
- هەندێکجار لەکاتی گواستنەوەی کارتەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەندێك لە کارتەکان ون دەبن یان لە شوێنی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لێی بەجێدەمێنێت، بەڵام لە رێگەی دۆسیەدا هەمووی بەیەکەوە هەڵدەگیرێت، بۆیە هیچی لێ ون نابێت.
- ئەگەر قوتابی بیەوێت لە هەندێك زانیاری پێشوو دڵنیا بێت، ئەوا لە رێگەی کارتدا ناتوانێت ئەو کارە بکات، چونکە بەردەوام کارتەکان لەگەڵ خۆی نابات بۆ کتێبخانەکان، بەڵام لە رێگەی دۆسیەدا بەخێرایی دەتوانێت ئەو کارە ئەنجام بدات، چونکە هەموو کاغەزەکان لە دۆسیەکەدان.

1- أحمد شلبي، ص64.



- کارتەکان کێشیان سوکە بە ئاسانی دەگوێزرێنەوە، چونکە لێکۆڵەر هەرجارە و ژمارەیەکی کەمیان لێهەڵدەگرێت، دەتوانێت لە کاتێکی دیاریکراودا پڕیان بکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە دۆسیە بە بەردەوامی هەمووی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت.

زۆربەی لێکۆڵەران ئێستا رێگەی کارت بەکاردەهێنن، ئەگەرچی تێچونی زۆرترە لە رێگەی دۆسیە.

### ب- چۆنێتی نووسینەوە یان تۆمارکردنی زانیارییەکان

زانست سیفەتی کەڵەکەبوونی هەیە، ئەوەی ئەمڕۆ زانست پێی گەیشتووە لە پێشکەوتن، نەوە دوای نەوە لێکۆڵەران و بیریاران دایانمەزراندووە. بۆیە پێویستە لە ئێستادا لێکۆڵەر زانیارییەکان لە سەرچاوە رەسەنەکانەوە وەربگرێت، ئەوەش لە پێناو بەهێزکردنی بیرۆکەیەك یان پشتگیری کردنیدا، یان بۆ شایەتی دان بە شتێك کە بەڵگەیە لەبوارەکەیدا، یان بۆ رەخنەلێگرتنی بە مەبەستی روونکردنەوەی راستی و هەڵە تیایدا.

وەرگرتنی دروست پێویستی بە مەعریفە و لێهاتوویی هەیە، چونکە هەموو چاپکراوێك شایەنی لێوەرگرتن نییە، بەڵکو زانیاری لە دانراوە رەسەنەکانەوە وەردەگیرێت، پێویستی بە پاراستنی ئەمانەتی زانستی و وردبینی هەیە، بەجۆرێك هەر بۆچوون و گوتەیەك بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنەکەی، هیچ جیاوازیەکی نییە ئەگەر وەرگرتنی دەقی بیرۆکە بێت یان ناوەڕۆکەکەی بێت[1].

وەرگرتن یان تۆمارکردنی زانیاری یان وەرگرتنێکی دەقاودەق دەبێت یان دەقی، بۆیە لێرەدا پێویستە گوتە وەرگیراوەکە لەناو هێمای دەقدا دابنرێت« » پاشان ژمارەی پەراوێزەکە دوای نیشانەی دەقەکە دادەنرێت، پاشان لە پەراوێزدا ئاماژە بەو سەرچاوەیە دەکرێت کە زانیارییەکەی لێوەرگیراوە[2].

1- حسن ساعاتي، ص292.
2- أحمد شلبي، ص87.

وەرگرتنی زانیاری دەقاودەق بەبێ بەکارهێنانی نیشانەی دەق (( )) و ئاماژەنەکردن بۆسەرچاوەکەی بە ((داگیرکردن)) دادەنرێت، وەك دزینی بیر و بۆچوونی خەڵك وایە. بەڵام ئەگەر وەرگرتنی زانیاری دەقاودەق نەبوو، ئەوا بەشێوازی وەرگرتنی ناوەڕۆکی گشتی زانیارییەکە دەبێت، ناودەبرێت بە راگواستن بە ((تەئویل))، بۆیە نووسەر شێوازی خۆی تێکەڵ بەزانیارییە وەرگیراوەکە دەکات و بۆچوونی خۆی بۆ زیاد دەکات یان راڤەی دەکات یان کورتی دەکاتەوە، بەم جۆرە گوتە وەرگیراوەکە ناخاتە ناو نیشانەی دەق (( ))، بەمەرجێك ئاماژە بکات بەو سەرچاوەیەی زانیاریەکەی لێوەرگرتووە و لەپێش ناوی سەرچاوەکەوە ووشەی بڕوانە دابنێت.

لە وەرگرتنی زانیاریدا بەشێوەی حەرفی وەرگر رێز لە حەرفیبوونی دەق دەگرێت، نابێت هەڵە راست بکاتەوە، جا لەڕووی واتاوە بێت یان لەڕووی زمانەوە، ئەگەر دەقەکە نیشانەی ئاماژەکردنی بۆ دانەنرابوو، نابێت بۆی دابنێت، بەڵکو وەك خۆی دایدەنێتەوە، لەدوای وشەی هەڵەوە گوزارەی (بەم شێوەیە) (كذا) لە نێوان دوو کەوانەدا دادەنێت بۆ ئەوەی وای دابنێت کە هەڵەکە لای نووسەرەوەیە.

ئەگەر ویستی ووشەیەك یان پیتێك زیاد بکات بەمەبەستی راستکردنەوەی واتاکەی، یان چاککردنی کێش (وزن)، دەبێت لەناو دوو کەوانەی بەمجۆرە دایبنێ [ ].

وەرگرتنی زانیاری دەقی واباشترە لە دوو تا سێ دێڕ زیاتر نەبێت لە هەرجارێکدا، بەڵام ئەگەر وەرگرتنەکە لە شەش دێڕ زیاتر بوو ئەوا پێویستە بە پیتی بچووکتر لە پیتی دەقی لێکۆڵینەوەکە بنووسرێت[1].

نابێت لێکۆڵەر دەقی زۆر وەربگرێت، چونکە دەبێتە هۆی شاردنەوەی کەسایەتی لێکۆڵەر و لە بەهای لێکۆڵینەوەکەی کەم دەکاتەوە، بەڵگەشە لەسەر

1- علی ابراهیم، حسن، ص46.



بێتوانایی لێکۆڵەر و پشتبەستنی بە هەوڵی کەسانی تر، بەتایبەتی ئەگەر وەرگرتنەکان دووبارە بن یان بۆ رازاندنەوەی دەقی لێکۆڵینەوەکە بێت[1].

## ج- شیکردنەوە و پۆلێنکردنی زانیارییەکان

### 1- شیکردنەوە و رەخنەلێگرتنی زانیارییەکان

لە راستیدا شیکردنەوەی زانیارییەکان بە ئەندازەی کۆکردنەوەیان گرنگە، لە سەرجەم لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا، بەتایبەتی لە زانستی مێژوودا، چونکە لە هەموو زانستەکانی تر جیاوازە، لە بەرئەوەی زانستێکە بواری هەڵبژاردن تیایدا فراوان نییە وەك ئەوەی لە زانستەکانی تردا هەیە، بێگومان زانستی مێژوو کاریگەری ئارەزوو و لایەنگیری لە هەموو لایەنەکانی تر زیاتر لەسەرە.

شیکردنەوە و رەخنە لە بنەڕەتدا ئاراستەی سەرچاوە و ناوەڕۆکی سەرچاوەکان دەکرێت، چونکە رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی هیچ بۆچوونێك بە راست و هەڵە هەڵنەگر و بەدەر لە رەخنە دانانێت، ئەگەرچی بۆچوونی زانایەك یان لێکۆڵەرێك بێت، بێگومان رەخنەلێگرتن و لە بێژنگدانی راستییەکان گرنگییەکی گەورەی هەیە لە زانستی مێژوودا، چونکە مێژوونووس خۆی وادادەنێت، بەڵکو پێویستە خۆی وادابنێت رەخنەگرە.

ڕەخنەگرتنی مێژوونووس بەدوو ئاراستە دەبێت، یەکەمیان رەخنە لە دەقی ئەو سەرچاوانە دەگرێت کە بەکاریان دەهێنێت، دووەمیان رەخنەی خودییە. لە راستیدا مێژوونووسی راستەقینە ئەوەیە کە لە کاتی نووسیندا چەند دەنووسێت ئەوەندەش لابەرێت[2].

بۆیە هەروەك چۆن پێویستە گێڕەرەوەی فەرموودە (المحدث) دادوەربێت و توانای زەینی بەهێز بێت، هەمان شتیش پێویستە لە مێژوونووسدا هەبێت

1- أحمد شلبي، 89.
2- طريف الخالدي، 78.

مەبەست لە دادوەری واتە رازیبوون و باوەڕهێنان لە شایەتیداندا، توانای زەینیش واتا توانای پاراستنی ورد (لەبەرکردن)ی هەبێت، گومانکردن پێشەنگە لای مێژونووس، چونکە بنەڕەت گومانکردنە لە مێژوودا نەك بە راست دانان.

رەخنەش دوو جۆرە: رەخنەی دەرەکی یان رووکەش، بەهەمان شێوە رەخنەی ئەنجامگیر یان رەخنەی فیلۆلۆجیشی پێدەوترێت. رەخنەی ناوەکی یان ناوخۆ، مەبەست لە رەخنەی ناوەکی رەخنەی پۆزەتیڤە واتا راڤەکردنی دەق و تێگەیشتن لە مەدلولە زمانەوانییەکەی، کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە کردەیەکی زمانەوانی.

ڕەخنەی ناوەکی گرنگی دەدات بە ناوەڕۆکی دێکۆمێنت و رەسەنێتی زانیارییەکانی، گرنگیش دەدات بە لێهاتوویی و پاکێتی نووسەر و رادەی گرنگیدانی بە بابەتەکە، ئایا ئەو شتانەی لەکەسانی ترەوە وەرگرتووە یان خۆی هەستاوە بە ئەنجامدانی تێبینییەکانی؟

ڕەخنەی نێگەتیڤ بۆ پاکێتی و وردبینی و راستگۆیی نووسەر دەبێت لە گێڕانەوەکەیدا، ئایا چۆن رووداوەکەی بینیوە، ئایا لە گێڕانەوەکەیدا راستگۆ بووە یان بە پێچەوانەوە؟ بە گوزارشتێکی تر، رەخنەگر لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بارە هزرییە دەکات کە خاوەنی دەقەکە پێیدا تێپەڕیوە، بە تایبەتی دەقی مێژوویی، تێگەیشتن لە مەبەستی ئەوەی کە نووسیویەتی، ئایا ئەوەی نووسیویەتی بە دروستی زانیوە؟ واتە راڤەکردنی رووکەشی دەق و مانا حەرفیەکەی، بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوە لەو واتا راستەقینەیە دەکات کە نووسەر ئامانجی بووە[1].

لێرەدا گرنگی مەعریفەی واتای یەك بێژە لای دانەر گەشە دەکات، چونکە هەموو سەردەمێك زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، هەموو نووسەرێکیش شێوازی خۆی هەیە لە نووسیندا، هەروەك خودی زمان بە تێپەربوونی کات گەشە دەکات، بەهەمان شێوە هەموو سەردەمێك زاراوە و گوزارشتی تایبەت بەخۆی هەیە.

بەڵام رەخنەی دەرەکی یان رووکەش، بریتییە لە رەخنەی گەڕاندنەوە، واتە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخ و دروستی دەق، بەتایبەتی دەقی مێژوویی ئایا خەتی

1- حسن عثمان، ص119.



خاوەنەکەیەتی یان ساختە کراوە؟ بەهەمان شێوە رەخنەگرتن لە سەرچاوە، واتا ناسینی نووسەری دەقەکە و مێژووی دێکۆمێنت و سەرچاوەکەی، دەکرێت پشت بەشیکردنەوەی ببەسترێت لە رێگەی خەتەکەی و ئەو واقعەی لێوەی هاتووە، لەگەڵ جۆری کاغەزەکەی، تا لە رێگای شیکاری کیمیاییەوە زەمەنی کاغەزەکە و جۆری مرەکەبەکەی دیاری بکرێت، زۆرجار ئەم کردارە بە پشتبەستن بە تاقیگەکان ئەنجام دەدرێت.

کرداری رەخنەگرتن خوازیارە لە لێکۆڵەر زانیاری دەربارەی خەت و کاغەز و مرەکەب هەبێت، بە پشتبەستن بە بەڵگەکان لە دێکۆمێنتە وێکچووەکان، بەمەبەستی گەیشتن بەدەقێکی زۆر نزیك لە دەقە رەسەنەکە. جگە لەوە بەهۆی پرسیاری بریندارکردن و هەموارکردنەوە ((الجرح و التعديل))، لێکۆڵەر بەهای نووسەر و دەقەکەی دەزانێت، بەتایبەتی مێژوونووس پێویستە لەسەری وێنای رابردوو بکات وەك ئەوەی بە ئەندێشە بۆی بگەڕێتەوە، بەو شێوەیە هاوسەردەمی رابردوو دەکات ئەگەرچی سەردەمەکەشی رۆیشتووە[1].

لێکدژی گێڕانەوەکان یارمەتی لێکۆڵەر دەدات لە سەلماندنی راستی گێڕانەوەدا، ئەوەش بە رەخنەی مێژوویی دێتە ئەنجام کە گێڕانەوەیەك پەسەند دەکات و ئەوی تریان پەسەند ناکات، خۆ ئەگەر نەیتوانی ئەو کارە بکات ئەوا چاوەڕێ دەبێت تا ئەوکاتەی بەڵگەی نوێی دەست دەکەوێت. هەروەك لێکدژی گێڕانەوەکان مێژوونووس ناچار ناکات هەڵوێستی مامناوەند بگرێت لە نێوانیاندا، بەڵکو دەبێت کەموکورتی یەکێك لە گێڕانەوەکان دەربخات بەدەر لە ئەوانی تر، ئەو گێڕانەوەیەش کە دروست و راستە جیا بکاتەوە، زیاد لەوەش پێکەوە گونجانی گێڕانەوەکان هەموو کات بەڵگە نییە لەسەر دروستیان[2].

1- تيسير شيخ الأرض، الحقيقة التاريخية و الصورة التاريخية، مجلة الفكر العربي، العدد27، السنة الرابعة، آيار –حزيران، 1982، ص48.

2- حسن عثمان، ص151.

## 2- پۆلێنکردن و دابەشکردنی زانیارییەکان

دوای ئەوەی لێکۆڵەر لە جێگیرکردنی زانیارییەکان تەواو دەبێت، دوای لابردنی ئەو زانیاریانەی کە راستییەکەی جێگیر نەبووە، بە چاوپۆشی لەوەی زۆر قورسە واز لەو زانیاریانە بهێنێت کە هەولّی گەورەیداوە لەپێناو کۆکردنەوەیاندا، بە شەونوخونی و سەفەرکردن، لێکۆڵەر هەڵدەستێ بە جیاکردنەوەی زانیارییەکانی.

جیاکردنەوەی زانیارییەکان و دابەشکردنیان بەپێی ئەو تەوەرانە دەبێت پێشتر لێکۆڵینەوەکەی بۆ دابەشکردووە، بە شێوەیەك کارتەکانی هەر تەوەرەیەك بەیەکەوە دەبەستێت، هەر کۆمەڵە کارتێك بە لاستیکێکی تایبەت دەبەسترێت و لە شوێنێکی پارێزراودا دادەنرێت، تا هاتنی کاتی دارشتنی لێکۆڵینەوەکە.

# بەشی دووەم: ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی زانکۆیی

## تەوەرەی یەکەم: داڕشتنی لێکۆڵینەوە

### أ- بنەما هونەرییەکانی نووسینی زانستی

**1- شێواز (الاسلوب)**

جیاوازی نووسینی زانستی لە نووسینەکانی تر بە پلەی یەکەم بەهۆی شێوازەکەیەوە دەبێت، شێواز سروشتی خودی لێکۆڵەر دەدات بەلێکۆڵینەوە، کە بریتییە لە فۆرمێك بیروڕاکانی لێکۆڵەر لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەکی هونەری راستییەکانی تیادا رێکدەخرێت و لۆژیکیانەش پلەبەند دەکرێت.

تەنها شێوازی زانستی دەتوانێت راستەوخۆ و بەئاسانی بیروڕاکانمان بە خەڵکی بگەیێنێت، یەکەم تایبەتمەندی شێواز بریتییە لە زمانێکی سفت و رەوان، ئەوەش پێویستی بە وردبینی هەیە لە هەڵبژاردنی گوزارەکاندا، بە جۆرێك هەموو وشەیەك واتای خۆی هەبێت و وشەکان بە پێی واتاکانبن، وشە زۆر دووبارە نەکاتەوە و زۆریش قوڵی نەکاتەوە، واتە نەیجوێتەوە و خول نەخوات بە دەوریدا.

هەروەها پێویستە وشەی پاراو و رەسەن و زاراوەی ئاسان و باو بەکاربهێنێت، دوور بکەوێتەوە لە وشەی قورس و ئاڵۆز و زاراوەی سەخت، بەهەمان شێوە پێویستە لە شتی لاواز یان زۆر لەخۆکردن بەدەر لە توانای خۆی دوور بکەوێتەوە، گوزارشتی کورتبڕ و کاریگەر بەکاربهێنێت و گرنگی بدات بەدروستی رێزمان و بنەماکانی رێنووس.

لە تەواوکارییەکانی شێواز بریتییە لە رەچاوکردنی خاڵبەندی، هەر لە خاڵ و فاریزە و کورتبڕی هەر کات پێویستی کرد، دوورکەوتنەوە لە درێژ بڕی و پێچ و



پەنا، یان گوستنەوەی لەناکاو لە بیروبۆچوونێکەوە بۆ بیروبۆچوونێکی تر، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکە چێژ و ئاسانکاری تێدا بێت بۆ خوێنەر، بەگشتی شێوازی باش بەهای لێکۆڵینەوە زیاد دەکات و بەڵگەشە لەسەر باڵادەستی لێکۆڵەر و قوڵبونەوەی لە رەهەندە جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەکەیدا. لە مەرجەکانی تری شێوازی زانستی، پابەندبوونی لێکۆڵەرە بە ئەدەبی لێکۆڵینەوەوە، ئەویش بە رێزگرتن لە بۆچوونی ئەوانی تر و نرخدانان بۆ تێڕوانینەکانیان و باس نەکردنیان بە ووشەی ناشرین و گاڵتەنەکردن بەو شتانەی لێکۆڵەرانی تر گوتویانە، دوورکەوتنەوە لە لەخۆباییبوونی زانستی، یان زیادەڕەوی لە شانازی و بانگەشەکردن، ئەگەرچی لەسەر واقیعی کرداریش دامەزرابێت.

پێویستە راستگۆیی پێشەنگی لێکۆڵەر بێت لە نووسیندا، دەستپاك بێت لە وەرگرتنی زانیاریدا و راست بێت لە ئەنجامگیریدا، شێوازی خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی خوێنەر توشی بێزاری و وەڕس بوون نەبێت، بەهەمان شێوە دوور بکەوێتەوە لە زمانی ئامۆژگاری ئامێز و بەکارهێنانی راناوی قسەکەری تاك کە وەك بەرزخوازی وایە بەسەر خوێنەردا.

لە لێکۆڵینەوە مێژووییە ئەکادیمیەکاندا پێویستە لێکۆڵەر راستییە مێژووییەکان بەپێی زنجیرەی لۆژیکییانە ریز بکات، دوور بکەوێتەوە لە بەکارهێنانی وشە و گوزارەی وا کە بەڵگە نەویستی دەربخات وەك:

جەخت دەکەمەوە — بڕاندومەتەوە — هەڵدەکەم — دەیپێکم — بە بەردەوامی هەموو — گشت... بەهەمان شێوە: نووسەر وای دەبینێت — دانەر کۆك نییە لەسەر — لێکۆڵەر ئارەزوومەندی فلانە شتە... لە بەرامبەر ئەمانەدا ووشە و گوزارەی ئەوتۆ بەکاردەهێنرێت کە بەڵگە بێت لەسەر خۆپاریزی وەك: لەوانەیە — پێدەچێت — نزیکەی — بەزۆری — بەو شێوەیەی کە پەسەندکراوە— هەندێك... بەهەمان شێوە: واپێدەچێت — لەوەی پێشەوە کە باسکرا بۆمان دەردەکەوێت — لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە — جێگەی ئاماژە بۆ کردنە...

ئەگەر لێکۆڵەر هەستیکرد بەوەی توانای بەسەر ئەو زمانەدا نییە* کە پێی دەنووسێت، پێویستە پەنا بەرێتە بەر کەسێك لێکۆڵینەوەکەی و هەڵە زمانەوانییەکانی بۆ راست بکاتەوە، ئەوەش هیچ نەنگییەکی تێدا نییە مەگەر لێکۆڵینەوە پێشکەشی بەشی زمان بکات، لەم کاتەدا دەبێت خۆی لێکۆڵینەوەکەی دابرێژێتەوە بەبێ پشت بەستن بە کەسانی تر. بۆیە هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی جا ئەدەبی بێت یان فەلسەفی یان مێژوویی یان کۆمەڵناسی، پزیشکی یان زانستی یان دەروونی یان ئایینی، یان هەر بابەتێکی تر بێت، دەبێت بە زمانێکی پاراو و دروست دابرێژرێت بەجۆرێك خوێنەر لێی تێبگات.

## 2- ناونیشانەکان

هەموو لێکۆڵینەوەیەك ژمارەیەك ناونیشانی سەرەکی و ناسەرەکی لەخۆ دەگرێت، بەپێی جۆری بابەتەکەو شێوازی خاوەنەکەی، گەرچی زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بدەین زۆری ناونیشان بەبێ هیچ پاساوێك، بابەتەکە پچڕپچڕ دەکات و کەموکورتی دەخاتە ریزبەندی بابەتەکەوە.

پێویستە ناونیشان روون و سنووردار بێت، لە بیرۆکەیەکەوە سەرچاوەی گرتبێت و بەڵگەشبێت بۆ ئەو بیرۆکەیە. پێویستە بە ووشەی رەسەن و دوور لە وروژاندن و ئەندێشە بنووسرێت، چونکە ناونیشان لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا جیاوازە لە ناونیشانی گوتاری رۆژنامەوانی کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەندێشەسازی یان ورووژاندن، بە مەبەستی سەرنجراکێشانی خوێنەر و کێشکردنی. ئەمەش نابێتە رێگر لەبەردەم ئەوەی ناونیشانی درێژ بۆ هەندێك بابەت دابنرێت.

* نوسەر لێرەدا ئاماژە بە زمانی عەرەبی دەدات، بەڵام ئێمە وامان بە باش زانی زمانەکە دیاری نەکەین.(وەرگێر)



## 3- پەرەگراف و تەوەرەکان

پەرەگراف لە کۆمەڵێك رستەی پێکەوەلکاو پێکدێت، کە یەکەیەکی سەربەخۆ پێکدەهێنن بۆ دەرخستنی بیرێکی دیاریکراو، یان بۆ راڤەکردنی تەنها رستەیەك، لەگەڵ بۆچوونەکانی تردا بگونجێت، کە لە پەرەگرافەکانی پێشەوە و دواوەدا هاتووە. پێویستە بەدوایەکدا هاتنی پەرەگرافەکان دروست و لۆژیکیبن، بە جۆرێك هەر پەرەگرافێك دەروازەیەك بێت بۆ پەرەگرافی دواتر، بەمجۆرە خوێنەر هەست بە پچڕپچڕی بۆچوونەکان یان گوێزانەوەی لەناکاو لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر ناکات، دەگونجێت کۆمەڵە پەرەگرافێك لقێکی سەربەخۆ پێکبهێنن، ناونیشانێکی تایبەتی ناسەرەکی بۆ دابنرێت، لە کۆی ئەم لقانە تەوەرەیەك پێکدێت.

پێویستە پەرەگرافەکان بەیەکەوە گونجاوبن، بە ریزبەندییەك هاوشێوەی زنجیرەیەکی پێکەوەلکاو، دەبێت لەڕووی درێژییەوە هاوسنگ بن، نابێت هەندێك تەوەرە لە چەند پەرەگرافێکی درێژپێك بێت و هەندێکیان زۆر کورتبن، هەموو پەرەگرافێك بە دێڕێکی نوێ دەستپێدەکات، لە سەرەتای پەرەگرافەکەدا بۆشاییەك بەجێدەهێڵرێت بە ئەندازەی دوو وشە، ئەگەرچی هەندێك لێکۆڵەری فەرەنسی پێیانوایە پێویست بە بەجێهێشتنی بۆشایی ناکات لە سەرەتای پەرەگرافدا[1]، بەدەر لە لایەنە میتۆدییەکەی بەجێهێشتنی بۆشایی لەسەرەتای پەرەگرافدا جوانترە و خوێنەرانیش لەسەری راهاتوون.

ئەوەی سەبارەت بە پەرەگراف روونکرایەوە بەسەر تەوەرەشدا پراکتیزە دەبێت، چونکە تەوەرە بریتییە لە کۆمەڵە پەرەگرافێك. بۆیە دەبێت تەوەرەکان یەکسانبن یان تا ئاستێك هاوسنگبن، چونکە بوونی هەندێك تەوەرەی درێژ و هەندێکی کورت، ئەوە دەگەیەنێت هەندێك تەوەرە مافی خۆی لە لێکۆڵینەوەکەدا پێدراوە و هەندێك تەوەرە زانیارییەکانیان کەموکورتن و پێویستییان بەتەواوکردن هەیە، مەگەر لێکۆڵینەوەکە دابەشکرابێت بۆ چەند بەشێك، لەو کاتەدا دەکرێت درێژی تەوەرەکان لە نێوان بەشەکاندا جیاوازبن، بە مەرجێك تەوەرەکانی هەربەشێك هاوسەنگبن.

1- أحمد شلبي، ص87.

پێویستە بۆچوونەکانی هەر تەوەرەیەك ریزبەند و پێکەوە گونجاوبن، هەر تەوەرەیەکیش دەگونجێت بە پێشەکییەکی کورت دەستپێبکات و لەنێوان دوو تا چوار دێڕدا بێت، تیایدا ناوەرۆکی تەوەرەکە و بۆچوونە سەرەکییەکانی دەناسێنرێت، ئەمەش راستەوخۆ لە دوای ناونیشانی تەوەرەکە دێت.

### ب- نووسینەوەی دەستنووس

لێکۆڵەر رەشنووسی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر یەك دیوی کاغەز دەنووسێت، بە خەتێکی ئەوتۆ کە بخوێنرێتەوە، پێنووسی مەرەکەب یان پێنووسی دار بەکاردەهێنێت، باشتر وایە دێڕ بپەڕێنێت، پاشان لەلای راست و چەپ و خوارەوەی کاغەزەکە پەراوێز دابنێت، ئەوەش بۆ ئەوەی دواتر تێبینییەکانی و زیادەکانی لەسەر بنووسێت، کە دەکرێت خۆی بۆ ئامادە بکات کاتێك دووبارە دەیخوێنێتەوە.

دوای ئەوەی لێکۆڵەر رەشنووسەکە تەواو دەکات، چەند رۆژێك وازی لێدەهێنێت، بۆ ئەوەی بیربکاتەوە و رابمێنێت لەوەی نووسیویەتی، پاشان زۆر لەسەرخۆ دەیخوێنێتەوە، بەمەش کۆمەڵە بۆچوونێك لە هزریدا گەڵاڵە دەبێت و بەمەش دارشتنەوەی پاکنووسێکی نوێ لە هزریدا ئامادە دەبێت، نووسخەیەکی نوێ دەنووسێتەوە کە ناودەبرێت بە پاکنووس یان سپینووس. پاکنووس کۆتا دارشتنەوەی لێکۆڵینەوەکەیە پێش ئەوەی پێشکەش بە مامۆستای سەرپەرشتیار بکرێت، لێکۆڵەر لەسەر کاغەزی سپی و ساف دەینووسێت دێڕیش بەجێدەهێڵێت، پەراوێزێکی فراوان لای راستی کاغەزەکە دادەنێت، یەکێکی بچوکتر لە لای چەپ و خوارەوەی کاغەزەکەدا دادەنێت، ئەم پەراوێزانەش بۆ ئەوەیە مامۆستای سەرپەرشتیار و مامۆستا خوێنەرەکان ئەگەر ویستیان تێبینی و پرسیاری خۆیان دەربارەی خاڵەکانی لێکۆڵینەوەکە بنووسن.

لەگەڵ ئەوەی نووسخەی پاکنووس بەرهەمی چەند ساڵەی هەوڵ و کارکردنی قوتابییە کە ئەنجامیداوە، جا ئەو ساڵانە کەم بووبن یان زۆر، پێویستە لێکۆڵینەوەکە تەواو بێت یان نزیك بێت لە تەواوێتییەوە، لەرووی دروستی رێزمان و رەچاوکردنی پرەنسیپەکانی رێنووس و خاڵبەندی.

## تەوەرەی دووەم: پەراوێز و چۆنێتی بەکارهێنانی

**أ – پەراوێز** Foot note

**1- پێناسەکەی**

پەراوێز بریتییە لە هەر شتێك کە لە دەق دەربچێت، جا لێکدانەوە بێت یان راڤەکردن، یان ئاماژەبۆکردن، کە بە هێڵێکی کورت لە دەقەکە جیادەکرێتەوە.

ئەو پەراوێزەی ئێستا لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوەکاندا بەکاریدەهێنن، داهێنراوێکی ئەوروپییە، لە دوای بڵاوبونەوەی چاپی کتێب بڵاوبۆتەوە. عەرەبەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە حاشییەیان زانیوە، کە بریتییە لە سپیاییەك دەوری دەقی دەستنوسەکەی داوە، لە سەرەوەی دەقەکە یان لە خوارەوەی یان لەلای چەپ یان لە راستی پەڕەکەدا دەبێت، بەجێ دەهێڵرێت تا دوایی پڕ بکرێتەوە، بە لێکدانەوە و لەسەر نووسینی جیا جیا.

**2- مەبەستەکانی بەکارهێنانی پەراوێز**

پەراوێز بۆ یەکێك لەم سێ مەبەستە بەکار دەهێنرێت کە بریتین لە:
**یەکەم:** ئاماژەکردن بەو سەرچاوەیە یان ژێدەرەی لێکۆڵەر بابەتەکەی لێوەرگرتووە، بەمەبەستی دەرخستنی دروستی ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەکاری هێناوە، ئەمەش وەك ئەوە وایە شایەتێك بانگ بکەیت بۆ هۆڵی دادگا بە مەبەستی چەسپاندنی رووداوێك[1].

**دووەم:** لێکدانەوە و راڤەکردنی هەندێك زاراوە و گوزارە، یان بۆ پێناسەکردنی ناوێك یان رووداوێك، یان بۆ دەستپێکی لێدوان و بۆچوونە کەسییەکان، یان بۆ راستکردنەوەی هەڵەیەك، یان هەموارکردنی بۆچوونێك.

---
[1]- لویس جوتشلك، ص32.



**سێیەم:** بۆ گواستنەوەی خوێنەر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری لێکۆڵینەوەکە، بە مەبەستی ئاماژەکردن بە زانیارییەکی دیاریکراو، کە لە لێکۆڵنەوەکەدا هەیە و رابردووە یان لە پاشان دێت، بۆ ئەوەی خوێنەر بۆی بگەڕێتەوە لە جیاتی ئەوەی زانیارییەکە باس بکاتەوە، چونکە دووبارەکردنەوە دەبێتە هۆی لاوازکردنی لێکۆڵینەوە، ئاماژە بۆ کردنیشی بەمجۆرە دەبێت ((بڕوانە لاپەڕەی ژمارە)) یان ((بڕوانە بەشی ژمارە)) لە لێکۆڵینەوەکەدا.

**3- گرنگی و سوودەکانی پەراوێز**

لە ئێستادا پەراوێز بۆتە بەشێکی گرنگ لە هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا هەر بەهۆی پەراوێزەوە دەتوانرێت گرنگی ئەو سەرچاوانە بزانرێت کە لێکۆڵەر پشتی پێبەستوون، بۆ ئەوەی ببێتە بەڵگە لەسەر راستی لێکۆڵینەوەکەی و بەئاگایی لێکۆڵەر لە سەرچاوەکان، بەهەمان شێوە بەڵگە بێت لەسەر قوڵی و گرنگی لێکۆڵینەوەکەی.

هەندێك لە مامۆستایان ئەوەندە گرنگی دەدەن بە پەراوێز، تا ئەو ئاستەی هەموو هەوڵ و کۆششی قوتابی کە تەرخانیکردووە بۆ لێکۆڵینەوەکەی دەبەستنەوە بەرادەی رێکخستنی پەراوێزەکانەوە[1].

گرنگی پەراوێز لەوەدایە لێکۆڵەر دەپارێزێت لە زیادە و لادان لە باس و باسکردنی زانیاری دوورودرێژ لە دەرەوەی چوارچێوەی دەق، ئەمەش رێگە بۆ خوێنەر خۆشدەکات بە ئاسانی دەقەکە بخوێنێتەوە، بەڵام ئەگەر کەسێك ئارەزووی زیاتر و درێژەی باسەکەی کرد، یان جەختیکردەوە لەسەر گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان، ئەوا دەتوانێت بۆ ئەو مەبەستە بگەڕێتەوە بۆ پەراوێزەکان.

---
[1]- طريف الخالدي، ص87.

## ب- نووسینی سەرچاوەکان لە پەراوێزدا

یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی پەراوێز، ئاماژەکردنە بە سەرچاوە و ژێدەرەکان لە پەراوێزدا. بۆیە لەسەر لێکۆڵەر پێویستە ئاماژە نەکات تەنها بەو سەرچاوانە نەبێت، کە پشتی پێبەستوون لە کارەکەیدا، ئەگەر نا ئاماژەدان بە سەرچاوەیەك کە بەکاری نەهێنابێت زیان بە ناوبانگ و کەسایەتی دەگەیەنێت و لە بەهای لێکۆڵینەوەکەشی کەم دەکاتەوە.

نووسینی سەرچاوە و ژێدەرەکان لە پەراوێزدا بەپێی بنەما میتۆدییەکان ئەنجام دەدرێت، ئەو بنەمایانەش لای زۆربەی لێکۆڵەرانی جیهان ناسراون کە بریتین لە:

- ئەگەر سەرچاوەیەکی عەرەبی* بۆ یەکەمجار لە لێکۆڵینەوەدا هات، ئەوا زانیارییەکانی بەتەواوی لە پەراوێزدا دەنووسرێت، بەپێی سیستەمی ئەنگلۆسەکسۆنی، بەڵام لە سیستەمی فەرەنسیدا بەکورتی دەنووسرێت، بەرەچاوکردنی ئەوەی لە دواییدا بە درێژی لە پێڕستی سەرچاوە و ژێدەرەکاندا دەنووسرێت.

- **زانیاریەکان بە پێی ئەم ڕێکخستنە تۆمار دەکرێت:**

ناوی نووسەر و ناوبانگی (پاشان دوو خاڵ) ناونیشانی سەرچاوە (فاریزە یان جیاکەرەوە) ژمارەی چاپ (ئەگەر چەند چاپێکی هەبوو) پاشان فاریزە، زانیاریەکانی بڵاوکردنەوە کە بریتین لە ناوی بڵاوکەرەوە (فاریزە) مێژووی بڵاوکردنەوە یان چاپ (فاریزە) ژمارەی بەش (ئەگەر چەند بەشێك بوو) پاشان (فاریزە) لەکۆتاییدا ژمارەی لاپەڕەی لێوەرگیراو.

- ئەگەر کتێبەکە وەرگێڕدراو بوو، ناوی وەرگێڕ لە دوای ناونیشان دێت، لە نێوانیاندا فاریزەیەك دادەنرێت ئەگەر کتێبەکە تەحقیق کرابوو ناوی (محقق) بە

* نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەی عەرەبی دەکات، بۆ سەرچاوەی کوردیش هیچ جیاوازییەکی نییە.(وەرگێڕ)



هەمان شێوە لە دوای ناونیشانی سەرچاوەکە دێت، پاشان فاریزە. ئەمانەش چەند نموونەیەکن بۆ ئەو سەرچاوانەی یەکەمجار لە پەراوێزدا دێن:

1- جبور عبدالنور: چەند تێڕوانینێك لە فەلسەفەی عەرەب، خانەی (الكشوف)، بەیرووت، 1945، (ژمارەی لاپەڕە).

2- عبدالمجید المغربي: سەرچاوەی هەڵقوڵاو لە زانستە فەرزەکان، چاپخانەی (الادبیة)، بەیرووت، 1344ھ، (ژمارەی لاپەڕە).

3- طلال مەجزووب: مێژووی کۆمەڵایەتی صەیدا 1840- 1914، چاپخانەی (العصریة)، صەیدا- بەیرووت، 1983، (ژمارەی لاپەڕە).

4- ابو عثمان بن بحر جاحظ: ڕۆژدەکان، لێکۆڵینەوەی تەها جابری، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی دیمەشق، 1960، (ژمارەی لاپەڕە).

5- بیرۆ نۆڤن: مێژووی سەدەی بیستەم، وەرگێڕانی (نورالدین حاطوم)، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی دیمەشق، 1960، (ژمارەی لاپەڕە).

6- جیرارجۆر لیمز: قاوەخانەکانی ڕۆژهەڵات، وەرگێڕانی (محمد عبدالمنعم جلال)، زنجیرە کتێبی ئەمڕۆ، ژمارە 320، قاهیرە، 1990، (ژمارەی لاپەڕە).

7- فؤاد الخوري: (من مشارف المئة لبنان وجوه حضارية) لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی لوبنانی، بەیرووت، 1987، (ژمارەی لاپەڕە).

ئەگەر سەرچاوەکە دەستنووس بوو و بۆ یەکەمجار لە لێکۆڵینەوەدا بەکارهات، بە هەمان شێوەی تۆمارکردنی زانیارییەکانی کتێب زانیارییەکانی تۆمار دەکرێت، لەگەڵ ئاماژەکردن بە ناوی ئەو کتێبخانەیە یان ئەو دەزگایەی خاوەنی ئەو دەستنووسەیە (لە جێگەی ناوی بڵاوکەرەوە)، ژمارەی دەستنووسەکە لە تۆماری ئەو دەزگایەدا، لە جێگەی وشەی (لاپەڕە) وشەی (پەڕە) بەکار دەهێنرێت، ئەمانەش چەند نموونەیەکن:

1- ابو الوليد هشام بن عبدالله الأزدي: (مفيد الأحكام فيما يعرض لهم من نوازل الأحكام)، ژماره 9524، کتێبخانەی مۆزەخانەی بەریتانیا، لەندەن، (ژمارەی پەڕە).
2- اسماعيل العجلاني الشافعي: (كتاب تاج الملوك) ژماره732، المكتبة الظاهرية، دیمەشق، (ژمارەی پەڕە).
3- نووسەرێکی نادیار: (أغاثة الملهوف في عمل الخسوف والكسوف، وفي أولها فائيدة في معرفة ليلة القدر) ژماره(124-520)، کتێبخانەی زانکۆی ئەمریکی، بەیرووت، (ژمارەی پەره).

ئەگەر سەرچاوەکە خولی بوو (ڕۆژنامە و گۆڤار) ناوی خاوەنی وتارەکە دەنووسرێت، (پاشان دوو خاڵ) ناونیشانی وتارەکە (فاریزە) پاشان مێژووی دەرچوونی بەتەواوی (زۆرکات ژمارەی لاپەڕەکەش). ئەمانەش چەند نمونەیەکن لەو بارەیەوە:

1- شوکری نجار: گەشەکردنی هزری مێژوویی لای مێژوونووسان، گۆڤاری هزری عەرەبی، ساڵی چوارەم، ژماره 26، ئایار- حوزەیران 1982، (ژمارەی لاپەڕە).
2- أهيف سنو: ئێستای خوێندنی ئیسلامی: پرۆگرام و مەیدانەکانی، گۆڤاری (المشرق)، ساڵی 65، ژمارەکانی 1 - 2، 1991، بەیرووت، (ژمارەی لاپەره).
3- هيثم الگيلاني: سەربازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، گۆڤاری (العربی)، ژماره407، ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)، 1982، کوێت، (ژمارەی لاپەره).

ئەگەر سەرچاوەکە بۆ جاری دووەم لە پەراوێزدا هات، ئەوا زانیارییەکانی بە کورتی دەنووسرێت، بەپێی ئەو رێگایەی لەپەراویزەکەدا هاتووە.

خۆ ئەگەر هەمان سەرچاوە لە دوو پەراوێزدا هات لە یەك لاپەڕەدا، بەڵام لەنیوانیاندا پەراوێزێك یان زیاتر هەبوو، ئەوا سەرچاوەکە لە یەکەمیاندا بەکورتی دەنووسرێت، بەڵام لە دووەمیاندا تەنها ناونیشانی سەرچاوەکە دەنووسرێت، یان ناوی نووسەرەکە، پاشان ژمارەی ئەو لاپەڕەیەی کە زانیارییەکەی لێ وەرگیراوە، ئەمانەی خوارەوەش چەند نمونەیەکن لەو بارەیەوە:



1- طلال مجزوب، مێژووی کۆمەڵایەتی صەیدا، (ژمارەی لاپەڕە).
2- فلیپ حتی، مێژووی عەرەب، (ژمارەی لاپەڕە).
3- حسن عثمان، رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، (ژمارەی لاپەڕە).
4- طلال مجزوب، (ژمارەی لاپەڕە)، یان مێژووی کۆمەڵایەتی صەیدا (ژمارەی لاپەڕە).

ئەگەر سەرچاوەکە لە دوو پەراوێزی یەك لە دوای یەکی یەك لاپەڕەدا هات، بەبێ ئەوەی لە نێوانیاندا پەراوێزێك هەبێت، ئەوا زانیارییەکانی بەپێی پێویست دەنووسرێت، بەڵام لەپەراوێزی دووەمدا گوزارشتی هەمان سەرچاوە، یان کورتکراوەکەی (هـ.س.) دەنووسرێت، پاشان ژمارەی لاپەڕە ئەمانەش چەند نمونەیەکن لەم بارەیەوە:

1- عبدالسلام هارون: لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی دەقەکان، چ 2، دەزگای (الحلبی و شرکاه)، قاهره، 1965، (ژمارەی لاپەڕە).
2- حسن عثمان، (ژمارەی لاپەڕە).
3- هەمان سەرچاوە، (ژمارەی لاپەڕە) هـ.س.(ژمارەی لاپەڕە).

- سەبارەت بە ژێدەرە بیانییەکان، ئەگەر یەکەم جار لە پەراوێزدا هات، هەموو زانیارییەکانی بەتەواوەتی دەنووسرێت، ئەمانەی خوارەوەش نموونەن لەو بارەیەوە:

1- Jane Austine: Prejudce, Longmans, London, 1963, P…

بەڵام ئەگەر ژێدەرەکە بۆ جاری دووەم لە پەراوێزدا هات، زانیارییەکانی بە کورتی دەنووسرێت، بەمجۆرە:

1- J. Austine, P…

ئەگەر سەرچاوەکە لە دوو پەراوێزی یەك لە دوایەکی یەك لاپەرە دابێت، ئەوا زانیارییەکان بەم شێوەیە دەنووسرێت:

1- J. Austine, P …

2- Ibid, P …

بریتییە لە کورتکراوەی وشەی Ibidem ی لاتینی واتای هەمان سەرچاوە یان هەمان شوێن دەگەیەنێت.

ئەگەر سەرچاوەکە لە دوو پەراوێزدا هات لەیەك لاپەرەدا، بەڵام لە نێوانیانـدا پەراوێزێك یان زیاتر هەبێت، ئەوا زانیارییەکان بەم شێوەیە دەنووسرێت:

1- J. Austine, P …

2- J. Henry sm

3- J. Austine, op.cit, P…

کورتکراوەی وشەکانی (opera citato) ی لاتینییە واتای سەرچاوەی پێشوو یان کاری باسکراو دەگەیێنێت.

ئەگەر دوو زانیاری لەیەك سەرچاوە و یەك لاپەڕە وەرگیرابێت ئەوا زانیارییەکان لە پەراوێزی دووەمدا بەمجۆرە دەبێت:

1- J. Ausine, P …

2- LOC. Cit., P…

کورتکراوەی هەردوو وشەی Loco citato ی لاتینییە واتای هەمان لاپەڕە یان شوێنی باسکراو دەگەیێنێت.

لەکاتی وەرگرتنی چەند زانیاریەك لە یەك سەرچاوە یان یەك ژێدەر، وشەی (passim) دەنووسرێت بەواتای ((لێرەدا))، لەکاتی ئاماژەکردن بە سەرچاوەیەکی لاوەکی بیانی cof دەنووسرێت کە کورتکراوەی وشەی conferre واتە ((بڕوانە)) یان ((بگەڕێرەوە بۆ)).



ئەگەر لاپەڕەکە کۆتایی پێهات بەڵام دەقی پەراوێزەکە کۆتایی پێ نەهات، ئەوانیشانەی ( = ) لە دوا دێڕی پەراوێزی کۆتاییدا دادەنرێت، بەهەمان شێوە لە سەرەتای پەراوێزی لاپەڕەی دواتر ئەو نیشانەیە دادەنرێت.

لە کۆتایدا جێگەی ئاماژەپێکردنە بڵێین دەتوانرێت لە جێگەی (لاپەڕە) پیتی (ل) لە پەراویزدا بەکاربهێنرێت.

## ج – شوێنی پەراوێز و ژمارەکردنی

دەگونجێ پەراوێز لە یەکێك لەم سێ جێگەیەدا دابنرێت کە لێکۆڵەران لەسەری کۆکن، لە بەشی خوارەوەی لاپەڕەدا دادەنرێت، بە کێشانی هێڵێکی کورت بە ئەندازەی 4/1 دێڕێك بۆ جیاکردنەوەی پەراوێزەکە لە دەقەکە.

هەروەها لە کۆتایی هەربەشێکدا تەنها پەراوێزی ئەو بەشە دادەنرێت، یان لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا پەراوێزی هەموو لێکۆڵینەوەکە دادەنرێت.

دانانی پەراوێز لە خوارەوەی لاپەڕەدا ڕێگەیەکی بڵاوترە لای لێکۆڵەر و دانەران و بۆ خوێنەریش ئاسانترە.

بە هەمان شێوە ژمارەکردنی پەراوێز بە یەکێك لەم سێ ڕێگەیە دەبێت کە بریتین لە: ژمارە کردنی سەربەخۆ، تیایدا پەراویزی هەر لاپەرەیەك بە ژمارەی سەربەخۆ ریزبەند دەکرێت.

ژمارەکردنی بەشی: تیایدا پەراوێزەکانی هەر بەشێك بە شێوەیەکی ڕێزبەند ژمارەدەکرێت، بە جۆرێك ژمارەکان بەسەرەتای پەراوێزەکانی بەشەکە دەستپێدەکات و بەکۆتایی هاتنیشیان کۆتایی پێدێت.

ژمارەکردنی ریزبەندی تەواو، لەم شێوازەدا هەموو پەراوێزەکانی لێکۆڵینەوەکە بە یەك ریزبەند ژمارە دەکرێت، بە یەکەم پەراوێزی لێکۆڵینەوەکە دەستپێدەکات و بە کۆتا پەراوێزیش کۆتایی پێدێت.

ڕێگـای ژمـارەکردنی پـەراوێزی هـەر لاپەڕەیـەك بـەجیا (هەرلاپـەڕەیی)، ڕێگەیەکی زۆر بـڵاوە لای لێکۆڵـەر و دانـەران و بـۆ خوێنـەریش ئاسـانترە، لـە کاتێکدا دووڕێگەکەی تر کەمتر بڵاون و دەشبنە هۆی گرانی بۆ خوێنەر.

ژمارەکردنی پەراوێزیش، بە دانانی ژمارەیەکی بـچووك دەبێـت لـەنێوان دوو کەوانەدا لەسەر ئەو وشەیەی کە مەبەستە، پاشان هـەمان ژمـارە لـە پـەراوێزی داواکراودا دادەنرێت.

## تەوەری سێیەم: دابەشکردن (یان بەش بەشکردنی)ی لێکۆڵینەوەی زانکۆیی

### أ – بەرگی دەرەکی

بەشێوەیەکی بـاو بـەرگی دەرەکـی لـە کاغـەزی بـەهێز (ئەسـتور) دەبێـت، زانیارییە سەرەکییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی زانکۆیی لەسەر تۆمار دەکرێت جا لێکۆڵینەوەیەکی بچوك بێت یان نامە یان تێز هیچ جیاوازییەکی نییە. نـاوی زانکۆ و کۆلێژ و ناونیشانی لێکۆڵینەوە و ناوی لێکۆڵەر و ئەو پلە زانـستییەشی لەسەر تۆمار دەکرێت کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات.

هەندێ زانکۆ زانیاری زیاتریان دەوێت، وەك ئەو بەشەی تێیـدا دەخوێنێـت و مامۆستای سەرپەرشتیار و مێژوو و شوێنی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکە.

ئەمانەش چەند نمونەیەکی بەرگی دەرەکی لێکۆڵینەوەی زانکۆیین لـە نامـە و تێزەکـان، کـە لـە زانکـۆ لوبنانییـەکان و جگـە لەوانیـشدا پێـشکەشکراون، بەمەبەستی زیاتر شارەزابوونی قوتابی.

**نمونەی (1)**

زانکۆی لوبنان

پەیمانگای زانستە کۆمەڵایەتییەکان

-لقی پێنجەم-

سەندیکای جوتیارانی توتن لە باشور

گەشەکردنی –واقیعەکەی- ئاسۆکانی پەرەگرتنی

ئامادەکردنی

علی جـواد ظاهر

بە سەرپەرشتی

دکتۆر سـلیم حسـین

بە مەبەسـتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی لێهـاتوویی لـە کۆمەڵناسـی کـاردا 1982 ئامادەکراوە.



**نـمونەی (2)**

زانکۆی لوبنانــی

کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکـان

-لقی پێنجەم-

بەشی مێژوو

شیخ یوسف الاسـیر

ژیان و بەرهەمـەکانی

1815 – 1889

نامەیەکی ئامادەکراوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی دیپلۆمی خـوێندنی بـاڵا لە مـێژوودا

ئامادەکردنی

مونا عثمـان حجازي

سەرپەرشتیکردنی

دکتۆر طلال مجزوب

صەیدا – 1989

**نمونەی (3)**

ئەدەبـی چیـرۆك لای عەرەب

بە پێـنووسـی موسا سلیمان

بریـتـیـە لە نامـەیـەك پێشکەش بە بـەڕێوبەرایەتـی خوێـنـدنــی عـەرەبی کراوە، لە کۆلێـژی زانسـتـەکـان و ئەدەبـیـات لە زانـکۆی بەیرووتـی ئـەمریکی، بەمـەبـەسـتـی بـەدەسـتهێـنـانـی بڕوانامـەی مامـۆستـایی لە ئەدەبـیـاتـدا.

16 ئایار ـ 1945

**نمونەی (4)**

کۆڕە ئەدەبییەکان لە سەردەمی عەباسی یەکەمدا

دانانی

أحمد السيد سليم

نامەیەکە پێشکەش بە بە شی زمانی عەرەبی کۆلێجی ئەدەبیات کراوە (زانکۆی قاهیرە) بە مەبەستی بە دەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبیاتدا.

مایو ـ 1952

**نمونەی (5)**

موقەرنەس لە بیناسازی عەباسی لە عێراقدا

نامەیەکە کامل محمد حیدر پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی ئەدەبیاتی دەکات لە زانکۆی بەغداد وەکو بەشێك لە داواکاری پلەی دکتۆرا لە شوێنەواردا.

بەسەرپەرشتی

مامۆستای دکتۆر

طاهر مظفر الحميد

1411 هـ ـ 1990 م



**نموونەی (6)**

زانکۆی قەدیس یوسف

کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکان

لقی ئەدەبیاتی عەرەبی

مێژووی کۆمەڵایەتی صەیدا

1840 ـ 1914

تێزی دکتۆرای دەوڵەت لە مێژوودا

ئامادەکردنی

طلال ماجد المجذوب

سەرپەرشتیکردنی

دکتۆر نیقولا زیادە

بەیرووت ـ 1981

### ب- لاپەڕەی ناونیشان

لاپەڕەی ناونیشان دوای بەرگی دەرەکی دێت، هەمان زانیارییەکانی بەرگی دەرەکی لەسەر دەنووسرێت، بەهەمان شێوەی ئەویش ڕێکخرێت، ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بە پیتی گەورە دەنووسرێت، ناوی قوتابیش بە پیتی گەورەتر لەناوی مامۆستای سەرپەرشتیار دەنووسرێت، جگە لەمانە ئەو نووسینانەی دەمێنێتەوە قەبارەی پیتی نووسینەکانی یەکسان دەبێت.

### ج- پێشکەشکردن

دەکرێت لێکۆڵەر لاپەرەیەك تەرخان بکات لە لێکۆڵینەوەکەی، بۆ ئاراستەکردنی (پێشکەش) بەو کەسانەی خۆشی دەوێن و ڕێزیان دەگرێت، لە دوای لاپەڕەی ناونیشان دێت و بە ڕەگەزێکی پێویست دانانرێت لە لێکۆڵینەوەدا، بەڵکو لێکۆڵەر دەتوانێت بێنیازبێت لێی ئەگەر ویستی.

پێشکەشکردنیش ئاراستەی کەسێك یان زیاتر دەکرێت، کە پشکدار بووە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە یارمەتیدانی لێکۆڵەر لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەیدا، جا لە بابەتەکەدا بێت یان ئامادەکردنی بارودۆخی گونجاو بۆ لێکۆڵەر لە پێناو ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەیدا.

پێشکەشکردنەکەش بە چەند دێڕێك و بە چەند ڕستەیەکی سانا و ڕۆشن دەبێت، ئاڕاستەی کەسەکە دەکرێت ڕاستەوخۆ، کە دەشێت هاوسەری لێکۆڵەر یان منداڵەکانی یان دایکی یان باوانی بێت، یان هەر کەسێکی تر بەڕێز و خۆشەویست بێت لای.

### د- لاپەڕەی سوپاس و پێزانین

ڕاستەوخۆ دوای پێشکەشکردن دێت، بەهەمان شێوە لە ڕەگەزەکانی لێکۆڵینەوە نییە، واتە دەکرێت لێکۆڵەر لێی بێنیاز بێت، دەشکرێت لە پێشەکیدا ئاماژەی بۆ بکرێت.

تیایدا باسی چاکەی ئەو کەس و لایەن و دەزگایانە دەکات، کە هاوکاری لێکۆڵەریان لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەیدا کردووە، یان هەوڵیان داوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، یان کارئاسانی بەدەستهێنانی سەرچاوەکانیان بۆ کردووە، سوپاسکردنەکە بە ووشەی سانا و ڕاست و گوزارشتی کورت دەبێت، بەبێ درێژکردنەوە و زیادەڕەوی.

سوپاس و پێزانین بەشێوەیەکی باو ئاراستەی مامۆستای سەرپەرشیار دەکرێت، ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆکردن و ئەمینداری کتێبخانەکان و مامۆستا و هاوڕێیانی یان ئەو کەسانەی لێکۆڵەریان هانداوە لە کەسوکار و هاوڕێیان.



### هـ- پێڕستی ناوەڕۆك

لە دوای لاپەڕەی سوپاسکردن دێت واتە لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا، بەپێی سیستەمی ئەنگلۆسەکسۆنی، بەڵام لە سیستەمی فەرەنسیدا دەکەوێتە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەوە، کە لە کتێبە چاپکراوەکاندا بەدی دەکرێت، ئێمە وامان پێباشە قوتابیانمان لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەدا دایبنێین، چونکە بۆ خوێنەر ئاسانترە تا لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە شارەزابێت، زۆربەی لێکۆڵەرانیش بەمجۆرە دەکەن.

پێڕستی بابەتەکان یان ناوەڕۆك هەموو بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە لەخۆ دەگرێت، کە لە تەوەرەکاندا ڕێکخراون و دابەشکراون بۆ چەند ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی، لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەی ناونیشانەکان.

### و- دەروازە یان دەستپێك*

لە زمانی عەرەبیدا ((التوطئة)) یان ((التصدیر))یشی پێدەگوترێت، لە دوای پێڕستی بابەتەکان دێت، بە تەوەرەیەك لە لێکۆڵینەوەکە دانانرێت، بەڵکو وەك بەشێکی دەستپێك و دەروازەیەکی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکە وایە، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ڕەگەزێکی بنەڕەتی لە لێکۆڵینەوەکە دانانرێت، واتا دەکرێت نەبێت، یان پێشەکی بابەتەکە جێگەی بگرێتەوە. لێکۆڵەر لە دەروازەدا باس لەو پاڵنەرانە دەکات کە هانیان داوە بۆ هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەی، چۆن کاری بۆ کردووە و ئەو ئەنجامانە چین کە پێیان گەیشتووە، لەگەڵ ئەو گرنگییە شاراوەیەی کە لە بابەتەکەدا هەیە، دەکرێت باس لەو سەرچاوە بنەڕەتیانە بکات، کە لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکەدا پشتی پێبەستوون.

* المدخل أو التمهيد.

## ز- پێشەکی

پێشەکی لە دوای دەروازە دێت، ڕاستەوخۆ لە پێش دەقی لێکۆڵینەوەکە دێت، بەشێکی لکاوە بە دەقی لێکۆڵینەوەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت پێشەکی نەبێت ئەگەر دەروازە یان دەستپێك هەبێت، خۆ ئەگەر دەروازە نەبێت پێویستە پێشەکی هەبێت، چونکە لێکۆڵینەوە بەبێ پیشەکی نابێت.

بە شێوەیەکی باو پێشەکی لە دوای تەواوبوونی دەقی لێکۆڵینەوە دادەڕێژرێت، بە مێژوو و شوێنی ئامادەکردنی دەستنووسەکە کۆتای پێدەهێنرێت، ژمارەی لاپەڕەکانیشی جیاواز دەبێت لە ژمارەی لاپەڕەکانی دەقی لێکۆڵینەوەکە، وەك ئەوەی بە پیتی ئەبجەدی ژمارە بکرێت (ا- ب – ج – د) یان بەژمارەی ڕۆمانی () یان هەر ژمارەکردنێکی تر.

**پێشەکی سێ ڕەگەزی سەرەکی لەخۆ دەگرێت بریتین لە:**

**یەکەم:** پێناسەکردنی بابەتەکانی لێکۆڵینەوە و سنووردارکردنی ڕەهەندە کاتی و شوێنییەکانی، لەگەڵ ناساندنی سروشتی زانستی لێکۆڵینەوەکەدا. پێشکەش کردنی بەڵگە لەسەر گرنگی لێکۆڵینەوەکەی، ئەو هۆکارە پاڵنەرانەی هانیان داوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو جۆرە بابەتە.

**دووەم:** باسکردنێك سەبارەت بەبابەتەکە، لە ڕووی لێکۆڵەرانی پێشتر بۆ ئەو باسە و ئەو ئامانجانەی پێی گەیشتوون، باسیش لەو میتۆدە دەکات، کە بۆ چارەسەرکردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکەی جێبەجێی دەکات، لەگەڵ ئاستی گونجاندنی ئەو میتۆدە بۆ بابەتەکەی، تەوەرەکانی لێکۆڵینەوەکە چین و چۆن دابەشی کردوون.

**سێیەم:** باسکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو ژێدەرە بنەڕەتییانەی لە بەئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکەیدا پشتی پێبەستوون، لە بەڵگەنامە و



کتێب و جگە لەوانەش، ئایا چ بابەتێکی پێشکەشکردووە لە لێکۆڵینەوەکەیدا و کەموکورتییەکانی چین.

لە کۆتاییدا ئاماژە بەو کۆسپ و تەگەرانە دەکات توشی هاتووە لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکەیدا، جا بەهۆی خودی بابەتەکەوە توشی هاتبێت یان بە هۆی بارودۆخی دەوروبەری، بە شێوەیەکی کورت و ڕاست دەریان دەبڕێت، بەبێ گەورەکردن و زیادەگۆیی (مبالغة)، لێکۆڵەر لە کۆتاییدا نابێت ئەوەی لە بیر بچێت سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکات کە یارمەتییان پێشکەشکردووە لە بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکەیدا.

## ح- دەق (تێکست)

بریتییە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکە و تێکستەکەی بە پێی پلانی بابەتەکە لە پێشتردا دانراوە، دابەشکراوە بۆ چەند بەش و تەوەرەیەك.

## ط- کۆتایی یان ئەنجام

بریتییە لەوەی کە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەی پێدەهێنرێت، بیر و بۆچوونە بنەڕەتییەکانی ناو لێکۆڵینەوەکەی لەخۆگرتووە، لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵەر پێیان گەیشتووە، ئەو پێشنیار و تیۆرانەی لێکۆڵەر پیشانیان دەدات، لەگەڵ ئەو کەلێن و کەموکورتییانەی لێکۆڵەر نەیتوانیوە چارەسەریان بکات.

پێویستە گوزارشتەکانی کورتبن و شێواز و مەبەستەکانی ڕوون و ئاشکرابن، ئەمیش ڕەگەزێکی پێویست نییە لە لێکۆڵینەوەدا دەکرێت نەبێت بەپێی جۆری بابەتەکە، باس لە سروشتی ئەو شێوازە دەکات کە لێکۆڵەر پیادەی کردووە بەبێ ئەوەی لە بەهای بنەڕەتی لێکۆڵینەوەکە کەم بکاتەوە.

## تەوەرەی چوارەم: پێڕستە هونەرییەکان

وشەی (فهرس) یان (فهرست) لە فارسییەوە کراوە بە عەرەبی، لە عەرەبییدا بەرامبەری چەند وشەیەکی تر هەیە، وەك (قائمة، لائِحَة، مسْرَدْ، ثَبتْ)*.

پێڕستە هونەرییەکان داهێنراوێکی ڕۆژئاواین لەوێ سەریهەڵداوە و بەکارهاتووە، وەك پەراوێزە نوێیەکان لە دوای بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی بڵاوبوونەتەوە، پێشتر لای دانەرە موسڵمانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەرکەوت، ئەویش لە دەستنووسەکاندا بەکاردەهات بە شێوەیەکی سەرەتایی لە پێڕست دەچوو.

پێڕستە هونەرییەکان زۆرن، لەوانە بۆ سەرچاوە و ناو و شوێن و خێزان و هۆزەکان بەکاردێت، بۆ زاراوە و شیعر و پەندەکان، بۆ ئایەتە قورئانییەکان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ ناوی شەڕەکان و وێنە و نەخشەکان، بۆ ڕوونکردنەوە ئامارییەکان و ڕوونکردنەوە وێنەییەکان، بۆ وەرگرتنی نمونە وسمپڵ و ڕووداوە کاتییەکان (chronology)، جگە لەوانەش بە پێی بابەتی لێکۆڵینەوەکە و پێویستییەکانی، بەپێی شێوازی لێکۆڵەر و هەرشتێك پێی باشبێت لەم بوارەدا. ئەمانەش چەند لێکدانەوەیەکی کورتن بۆ هەندێك لەو پێڕستانە:

### أ — پێڕستی سەرچاوە و ژێدەرەکان

پێشی دەگوترێت ((کتێبخانەی لێکۆڵینەوە)) لە گرنگترین پێڕستە هونەرییەکانە، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەبێ بوونی ئەمجۆرە پێڕستە تەواو دەرناچێت، بەڵگەیەکی بەهێزیشە لەسەر قوڵی و بەهای لێکۆڵینەوەکە، بە هەمان شێوە بەڵگەشە لەسەر فراوانی ئەو سەرچاوانەی لێکۆڵەر لە کۆکردنەوەی

* ئەوەی لە کوردیدا باوە زیاتر لیست یان پێڕستە. (وەرگێڕ)



زانیارییەکانی بابەتەکەیدا بەکاری هێناون، بە مەرجێك تەنها ئەو سەرچاوە و ژێدەرانە بنووسێت سوودی لێوەرگرتوون لە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەیدا.

**ئەمجۆرە پێڕستە بەیەکێك لەم سێ ڕێگەیە ڕێکدەخرێت**

1- **ڕێکخستنی مێژوویی**

لەم شێوازەدا سەرچاوەکان بەشێوەیەکی مێژوویی ڕێکدەخرێت، واتە بەپێی پێشینەیان لە دانان و بڵاوکردنەوەیاندا، یان بە پێی مێژووی کۆچکردنی خاوەنی کتێبەکە، ئەم ڕێگەیە زۆر بەکارنایەت لای لێکۆڵەران.

2- **ڕێکخستنی ئەلف بێیی**

یان هیجائی، تیایدا سەرچاوەکە بەپێی پیتی یەکەم لە ناوبانگی دانەر ڕێکدەخرێت، یان بە پێی پیتی یەکەمی ناونیشانی سەرچاوەکە، بەدەر لە ڕەچاوکردنی (ال) ی ناساندن بەپیت لەهەردوو بارەکەدا.

هەندێك لە لێکۆڵەران بەتایبەتی میسرییەکان، لە ڕێکخستنی سەرچاوەکان بەشێوازی هیجائی، پیتی یەکەمی ناوی نووسەر دادەنێن نەك ناوبانگی، شێوازی ڕێکخستنی هیجائی بۆسەرچاوەکان بە پێی ناوبانگی دانەر زیاتر بڵاوە لەناو لێکۆڵەراندا، هەروەك شێوازێکی ئاسانیشە بۆ خوێنەران و ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ لێکۆڵینەوە و دانراوەکان.

3- **ڕێکخستنی ئەبجەدی**

تیایدا سەرچاوەکان بەپێی شێوازی ئەبجەدی ڕێکدەخرێن، بە پێی یەکەم پیتی ناوبانگی دانەر، یان بە پێی یەکەم پیتی ناونیشانی سەرچاوەکە، بەبێ ڕەچاوکردنی (ال)ی ناساندن بە پیت لە هەردوو بارەکەدا، ئەم شێوازی ڕێکخستنە کەمتر بڵاوە.

ڕێگاکانی پۆلێنکردنی سەرچاوە و ژێدەرەکان لە پێڕستدا زۆرن، هەندێك لە لێکۆڵەران بە سەرچاوە و ژێدەرەکان پاشان خولییەکان* دەستپێدەکەن، لە کاتێکدا هەندێکی تر پێڕستەکانیان بە چاپکراوەکان دەستپێدەکەن وەك کتێب و خولییەکان بۆ ئەوەی بە چاپ نەکراوەکان کۆتایی پێبهێنن وەك دەستنووس و دیکۆمێنتەکان.

ئەمانەش چەند نمونەیەکن بۆ ڕێکخستنی پێڕستی سەرچاوەکان کە لە لێکۆڵینەوەکانماندا پشتی پێدەبەستین، ئاراستەی لێکۆڵەرانیشی دەکەین بۆ کارپێکردنی، لە بەر ئەوەی زۆر ورد و ڕێکخراوترە لە جۆرەکانی تر، هاوڕێکیشە لەگەڵ میتۆدی زانستیدا لە هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکاندا.

**یەکەم: دیکۆمێنتی بڵاونەکراوە:**

ناونیشانی بەڵگەنامەکە (پاشان جیاکەرەوە)** ناوی ئەو دەزگایەی یان ئەو دەوڵەتەی کە دەریکردووە، (پاشان فاریزە) ژمارەی بەڵگەنامەکە و مێژووەکەی (پاشان فاریزە) شوێنی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکە.

**أ- بەزمانی عەرەبی (یان کوردی)**

تۆماری جۆرەکانی حوکمی گەڕاوە بۆ ئەوقافی صەیدا لە ساڵی 1296ك، بەڕێوبەرایەتی ئەوقافی ئیسلامی، صەیدا.

**ب- بەزمانی (بیانی)**

Dispat chesof the united states consuisin in Beirut, from 1836-1906 underthe number T-3, 7, National archire Washington, U. S. A.

* مەبەست لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی هاوشێوەی ئەوانە، کە ڕۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە دەردەچێت. (وەرگێڕ)

** فاریزە.



**دووەم: دەستنووسەکان**

ناوبانگی نووسەر دەنووسرێت (پاشان فاریزە) ناوی نووسەر (پاشان دووخاڵ) ناونیشانی دەستنووس (پاشان جیاکەرەوە) ناوی خاوەن دەستنووس (پاشان جیاکەرەوە) ژمارەی دەستنووسەکە، ژمارەی پەڕەکانی.

- سلام، سلیم علی: یاداشتەکان دەستنووس لەسەر مایکرۆفلیم، کتێبخانەی زانکۆی ئەمریکی، ژمارە A-Mic389، ژمارەی پەڕەکانی 152.

**سێیەم: دیکۆمێنتی بڵاوکراوە**

**أ- بە عەرەبی (یان کوردی)**

- تۆماری دەرچووەکانی قائیمقامیەتی گاورەکان لە جەبەل لوبنان، بەڕێوبەرایەتی گشتی بۆ شوێنەوار، لێکۆڵینەوەی دکتۆر سلیم هشی، ب1، 1، 1974-197.

**ب- بە بیانی**

-Ismail,Adel: documents dip lomatiques et consulaires Realatifs ALhistore du Liban,Tom 20, beyrouth ,1979.

**چوارەم: نامە و تێزە زانکۆییەکان**

ناوی دانەر دەنووسرێت (پاشان فاریزە) ناونیشانی نامە یان تیزەکە، ناونیشانی ئەو بروانامەیەی کە لە پێناویدا ئامادەکراوە، (پاشان فاریزە) ناوی کۆلێژ یان زانکۆ، (پاشان فاریزە) مێژووی ئامادەکردنی، زۆرجار ژمارەی پەڕەکانی:

-دەباجە، حسین، دورکەوتنەوە لە (بنت جبل) 1948-1975 هۆ و دەرئەنجامەکانی (لێکۆڵینەوەیەکە لە مێژووی کۆمەڵایەتی)، نامەیەکە ئامادەکراوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دیپلۆمی خوێندنی باڵا لە مێژوودا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی لوبنانی — لقی پێنجەم، 1989، 157پەڕە.

-المعری، شیخ فؤاد سعید: ریبازە سۆفیگەرییەکان و ئاستی کاریگەرییان لە ئێستای لوبناندا، تێزی دکتۆرا، زنجیرەی سێیەم، کۆلێژی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان، لقی ئەدەبیاتی عەرەبی — زانکۆی قەدیس یوسف، بەیرووت، 1982، 299 پەڕە.

**پێنجەم: سەرچاوەکان**

ناوبانگی دانەر دەنووسرێت (پاشان فاریزە) ناوی نووسەر (پاشان دوو خاڵ) ناونیشانی کتێبەکە (پاشان فاریزە) ژمارەی چاپ (ئەگەر چەند چاپێکی هەبوو) پاشان فاریزە، ناوی بڵاوکەرەوە (پاشان فاریزە) شوێنی بڵاوکردنەوە یان چاپ (پاشان فاریزە) مێژووی بڵاوکردنەوە یان چاپ (پاشان فاریزە) ژمارەی بەش (ئەگەر هەیبوو) پاشان جیاکەرەوە.

**أ- عەرەبی (یان کوردی)**

- ئەلئەنسی، عبدولباسط: ڕێبەری بەیرووت و (ئەلئیقبال)، بۆ ساڵی 1909 1910، چاپخانەی ئەلئیقبال، بەیرووت، ساڵی 1326ك.

**ب- وەرگێڕدراوی بیانی بۆ عەرەبی یان (کوردی)**

- ڕۆبنسۆن، ئەدوار: ڕۆژانەی لوبنان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی ئەسەد شێخانی، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی پەروەردەی نیشتمانی چاپخانەی نەصار، بەیرووت، 1949، 3بەش.

**ج- بیانی**

- Lindsay, R. Humpherys; Nineteenth century American schools in the Levant, University of Michigan, 1965.



**شەشەم: ژێدەرەکان (المراجع)**

(هەمان شێوازی ڕێکخستنی سەرچاوەکان ڕەچاو دەکرێت)

**حەوتەم: خولییەکان (الدوریات)**

ناوی نووسەر (پاشان دوو خاڵ) ناونیشانی گوتارەکە (پاشان فاریزە) ناوی خولییەکە (گۆڤار یان ڕۆژنامە) و شوێنی دەرچوونی، ژمارەکەی (پاشان فاریزە) مێژووی دەرچوونی، بەڵام ئەگەر خولییەکە لە جارێك زیاتر ناوی هات لە لێکۆڵینەوەکەدا، ئەوا پێویست بەناوهێنانی گوتارەکە یان نووسەرەکە ناکات.

**أ- بە عەرەبی (یان کوردی)**

- پەرە لوبنانییەکان، گۆڤارێکی مانگانەیە گرنگی بە مێژووی لوبنان دەدات، 1955، بەیرووت.

**ب- بە بیانی**

- Revue du monde musulman pares 1918.

**هەشتەم: کۆڕ و وانە و گوتاری ڕاگەیاندن:**

ناوی وانە بێژ یان گوتاربێژ تۆمار دەکرێت، ناونیشانی وانەکە، شوێن و مێژووەکەی دەنووسرێت.

- زیادە، نیقۆلا: وانەیەك سەبارەت بە تێکۆشانی مێژوویی عەرەب بۆ لێکۆڵینەوەی سەردەمی مەمالیك، هۆلی (وەست هۆڵ) زانکۆی ئەمریکی لە بیروت، 20 ئایار 1959، کاتژێر 9 — 11 پێش نیوەڕۆ.

- عبود، مارون: شۆرش بەسەرکۆندا، گوتارێك لە ئێزگەی لوبنانییەوە، 5 ی تشرینی دووەم، کاتژێر (9) ی شەو.

### نۆیەم: چاوپێکەوتنی کەسی

ناوی ئەو کەسەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە دەنووسرێت، لەگەڵ شوێن و مێژووی چاوپێکەوتنەکەدا:

- عیلم ئەلدین، ریاض، چاوپێکەوتن لە ماڵەکەیدا، بەرواری 20- 9- 1992.

### ب- پێڕستە هونەرییەکانی دیکە

**1- پێرستی ناوەکان و شوێنەکان**

لێکۆڵەر دەتوانێت یەك پێڕست دابنێت بۆ ئەو ناو و شوێنانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا هاتوون، یان دەتوانێت دوو پێڕست دروست بکات یەکێکیان بۆ ناوەکان و یەکێکیان بۆ شوێنەکان، ئەگەر ناو و شوێنەکانی ناو لێکۆڵینەوەکەی زۆر بوون.

لاپەرەی پێڕست دەکرێت بە دوو ستوون، ستوونێکیان تایبەتە بە نووسینی ناوەکە یان شوێنەکە لە بەرامبەریشیدا ژمارەی ئەو لاپەڕەیەی تیادا دەنووسرێت کە ناوەکە یان شوێنەکەی تیادا هاتووە، ئەم ڕێگەیە هەم پەڕەی کەمی دەوێت هەم خوێنەریش بەئاسانی دەتوانێت بۆی بگەرێتەوە. ناوەکان بە شێوازی هیجائی ڕێکدەخرێن، بەڵام (الـ) ی ناساندن بە پیت دانانرێت.

بەڵام سەبارەت بەو ناوانەی کە بە (أبو) یان (أُم) یان (ابـن) یـان (ابنـة) یـان (بنت) دەستپێدەکەن، هەندێك بە بەشێك لە ناوەکەی دادەنێن و لە سەر ئەو بنەمایە ناوەکان ڕێکدەخەن، بەڵام هەندێك بە بەشێك لە ناوەکەی دانانێن و بەو جۆرە ڕێکی ناخەن.

ئەگەر چەند ناوێك یەك نازناویان هەبوو، ئەوا بە پێی پیتی دووەم پاشان سێیەم و بەوجۆرە ڕێکدەخرێت. بەڵام ئەو ناوانەی زۆر دووبارەدەبنەوە لە لێکۆڵینەوەکەدا یان دەبنەبابەتی لێکۆڵینەوەکە، ناوی هەموو ئەو لاپەڕانە



ناهێنرێت لەبەر زۆرییان، بەڵکو ناوەکە لە شوێنی خۆیدا لە رستەکەدا دادەنرێت، بە پێی ڕێکخستنی هیجائی، پاشان ئاماژە بەوەدەکرێ کە لە زۆربەی لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەکەدا ئەو ناوە هاتووە.

**2- پێڕستی خێزان و هۆزەکان**

ئەگەر لە لێکۆڵینەوەکەدا ناوی هۆز و خێزانەکان زۆر بوون، دەکرێت لێکۆڵەر پێڕستی تایبەتی بۆ دابنێت، بە هەمان شێوەی پێڕستی ناو و شوێنەکان ڕێکیان بخات.

**3- پێڕستی ووشە و زاراوەکان**

هەندێك لێکۆڵینەوە زاراوەی زۆری هونەری یان تەکنیکی یان ووشەی نوێی تێدایە، ئەمەش پێویستی بە پێڕستی تایبەت هەیە، کە بە پێی پیتە هیجائیەکان ڕێکدەخرێن.

### ج- پاشکۆکان

زۆر جار لێکۆڵەر لە کاتی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەیدا، ڕێکەوتی هەندێك خاڵی سوودمەند دەکات، بەڵام پەیوەندییەکی پتەوی بە بابەتەکەوە نییە، ئەمەش وای لێدەکات بیلکێنێت بە لێکۆڵینەوەکەوە، کە بە پاشکۆ دەناسرێت.

پاشکۆکان بریتین لە دەقی بنەڕەتی و دیکۆمێنتی گرنگ، خشتە و وێنە و روونکردنەوە ئامارییەکان، کە راڤەیەك یان لێکدانەوەیەك زیاد دەکات یان جەخت لە سەر ئەو زانیاری و راستییانە دەکاتەوە کە لە دەقی لێکۆڵینەوەکەدا هاتوون.

دەکرێت تەواوی دەقی دیکۆمێنتەکان لە پاشکۆدا دابنرێت، بە مەرجێك بوونی سوودمەند بێت بۆ خوێنەر، ناساندن و راڤەیەکی زیاتر ببەخشێت بە خوێنەر، لە پێناوی رازاندنەوەی لێکۆڵینەوەکە و زیادکردنی ژمارەی لاپەرەکانیدا نەبێت.

پاشکۆکان بە ژمارەی بەدوایەکدا ڕێکدەخرێن، دەکرێت بۆ هەموو پاشکۆیەك باسێکی کورتی ناوەڕۆکەکەی بکرێت، ئەو سەرچاوەیەی کە پاشکۆکەی لێوەرگیراوە باسبکرێت.

## تەوەرەی پێنجەم: چاپکردن و گفتوگۆکردن

### أ- مەرجەکانی مۆڵەتی لەبەرگرتنەوە

#### 1- خوێندنەوەی لێکۆڵینەوە و مۆڵەتی لەبەرگرتنەوەی

دوای ئەوەی قوتابی پێشنیار و تێبینیەکانی مامۆستا سەرپەرشتیارەکەی جێبەجێ دەکات، لە هەمواركردن یان لابردن، یان راستکردنەوە لە هەندێ بەشی لێکۆڵینەوەکەیدا، لە شێوەی دارشتنی کۆتاییدا پێشانی مامۆستای سەرپەرشتیاری دەدات، ئەویش راپۆرتێکی نووسراو پێشکەش بە سەرۆکی بەشی تایبەت دەکات و ئاماژە بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی قوتابیەکە دەکات و رەزامەندی خۆی لەسەر دەردەبڕێت.

لە دوای ئەوە سەرۆکی بەشەکە نووسخەیەك لە لێکۆڵینەوەکە دەدات بە خوێنەری دووەم*، ئەویش هەڵدەستێت بە خوێندنەوەی لێکۆڵینەوەکە و تێبینی خۆی لەسەر دەدات، لە ماوەیەکدا لە مانگێك تێپەڕنەکات، پاشان راپۆرتێك لە بارەیەوە پێشکەش بە سەرۆکی بەش دەکات، ئەگەر راپۆرتەکە پۆزەتیڤ بوو، لێکۆڵینەوەکە دەدرێتەوە بە قوتابیەکە و رێگەی پێدەدرێت لەبەریدا بگرێتەوە، واتە رێگەی چاپکردنی پێدەدرێت.

ئەمە لە بارێکدا ئەگەر لێکۆڵینەوەکە نامەیەکی ئامادەکراو بێت بۆ بەدەستهێنانی دیپلۆم لە خوێندنی باڵا یان ماجێستێردا. بەڵام ئەگەر تێزەکە ئامادەکرا بوو بۆ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا، ئەوا دەبێت بنێردرێت بۆ لای دوو

---

* بێگومان لێرەدا مەبەست لە خوێنەر کەسی پسپۆڕ و ئەکادیمییە نەك هەر خوێنەرێك. (وەرگێڕ)



خوێنەر لە دوای مامۆستای سەرپەرشتیار، بەمەرجێك راپۆرتەکان هەردووکیان پۆزەتیڤبن، هەتا مۆڵەتی لەبەرگرتنەوەی پێبدرێت.

هەندێك لە زانکۆکان بۆ بڕوانامەی دیپلۆم بوونی دوو خوێنەر بە پێویست دەزانن لە دوای مامۆستای سەرپەرشتیار، سێ خوێنەر لە دوای مامۆستای سەرپەرشتیار بۆ پلەی دکتۆرا، ژمارەی مامۆستایانی خوێنەر بە پێی سیستەمی زانکۆکە و جۆری بابەتەکە و تایبەتمەندی بابەتەکە دیاری دەکرێت.

لە هەموو بارێکدا، بەدەستهێنانی مۆڵەت لەلایەن قوتابییەوە بۆ لەبەرگرتنەوەی لێکۆڵینەوەکەی، جا نامە بێت یان تێز، واتا رازیبوونێکی پێشوەختی دەستەبەر کردووە، ئەو بڕوانامەیەشی بەدەستهێناوە کە هەوڵی بۆ دەدات، تەنها ئەوە ماوە ئەو ئاستەی پێ بدرێت کە پلە زانستییەکەی پێوەردەگرێت، ئەمەش لە دواییدا لەلایەن ئەنجومەنی گفتوگۆکەرانەوە دیاری دەکرێت.

#### 2- لەبەرگرتنەوە و مەرجەکانی

قوتابی نووسخەی لێکۆڵینەوەکەی دەنێرێت بۆ چاپکردن بە ئامێرێکی چاپ، لە ئێستادا زۆربەی لێکۆڵەران لێکۆڵینەوەکانیان بە کۆمپیتەر چاپ دەکەن، لەبەرئەوەی کاری چاپی خێرایە و راستکردنەوەی وردتر و باشترە، دەتوانرێت بەئاسانی بۆی زیاد بکرێت یان لێی لابرێت، بەکارهێنانی شێوە و وێنە روونکەرەوەییەکان ئاسانتر و سادەتر دەکرێت، بەمەش کاتێکی گرانبەها و بە نرخ دەگەڕێتەوە بۆ قوتابی کە پێویستی پێیەتی.

چەند مەرجێك بۆ لەبەرگرتنەوە پێویستە لەوانە چاپکردن لەسەر پەڕەی سپی بێت، بە پێوانەیەکی دیاریکراو (22 × 28 سم یان 21 × 33 سم یان20 × 26 سم یان هەر پێوانەیەکی تر)، پێویستە هەر لاپەڕەیەك ژمارەیەك دێڕی دیاریکراو لەخۆ بگرێت و هەر دێڕێکیش رێژەیەکی دیاریکراو ووشە لەخۆ بگرێت.

پێویستە رووبەری سپی لە چوار لای پەڕەکە بەمجۆرە بێت، ئەو پەڕی فراوانی لای راستی پەڕەکە دەبێت لە نێوان (3- 4 سم)دا دەبێت، فراوانی سپێتی لاکانی تری لە نێوان (1- 3 سم)دا دەبێت، تەنها لەسەریەك رووی پەڕەکە چاپ دەکرێت، سەبارەت بە ژمارەکردنی لاپەڕەکانی یان لەسەرەوە دەبێت یان لە خوارەوە، بەژمارەکرنی یەك لە دوایەك بۆ هەموو لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەکە.

قوتابی نووسخەی لێکۆڵینەوەکەی دەدات بە چاپکەر، جا بەش دوای بەش یا هەمووی بەیەکەوە، هەرکاتێك بەشێکی چاپکرا دەست دەکات بەراست کردنەوەی، بەوردی و ئاگاییەوە، هیچ رێگرێك نییە کەسێکی تر بەشداری بکات لەگەڵیدا بۆ راست کردنەوەی، لەبەر ئەوەی دانەر وەك خوێك، بە هزر دەقەکە دەخوێنێتەوە نەك بەچاو، بۆیە بەسەر هەندێك هەڵەدا تێدەپەرێت بەبێ ئەوەی پێی بزانێت.

هەندێك جار واپێویست دەکات لێکۆڵەر بۆ جاری دووەم هەڵەی چاپ راست بکاتەوە، بێگومان هەتا چاپەکە پاك و دروست بێت، ئەوا بەهای لێکۆڵینەوەکە لە دیدی لێژنەی پشکنیندا زیاد دەکات، بەڵگەشە لەسەر وردبینی خاوەنەکەی و سووربوونی لەسەر لێکۆڵینەوەکەی[1].

سەبارەت بە قەبارەی لێکۆڵینەوە لە زۆربەی زانکۆکاندا سنوورێك نییە بۆ ژمارەی لاپەڕەکانی، ئەگەرچی وەك خوێك وا دانراوە تێزی تایبەت بەدکتۆرا قەبارەکەی گەورەتر بێت لە نامەی ئامادەکراو بۆ دیپلۆم یان ماجستێر، هەرچۆنێك بێت، پەند لە ژمارەی لاپەڕەکانی لێکۆڵینەوەدا نییە، بەڵکو لە ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەدایە.

ژمارەی نووسخەی داواکراوی لێکۆڵینەوە، لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر جیاوازە، هەندێکیان تەنها بە نووسخەی پێویست بۆ لێژنەی پشکنەر و چەند نووسخەیەك بۆ کتێبخانەی زانکۆ رازی دەبن، بەڵام هەندێك زانکۆی تر

1- علی جواد الطاهر، ص136.



ژمارەیەکی زیاتر داوادەکەن لەنێوان (25 — 50) نووسخەدا، مەرجی زانکۆی لوبنانی ئەوەیە ژمارەی پێویست بۆ لێژنەی پشکنەر و، دوو نووسخە بۆ کتێبخانەی زانکۆ و ئەرشیڤی بەشی تایبەت دابین بکرێت.

### ب- گفتوگۆکردنی لێکۆڵینەوە

#### 1- ئەنجومەنی گفتوگۆکردن

دوای ئەوەی قوتابی نووسخەی چاپکراوی لێکۆڵینەوەکەی پێشکەش بە کۆلێژەکەی دەکات، کە پێویستە بە چاپێکی رێکوپێك و پاك و دەرهێنانێکی باش پێشکەش بکرێت، بەرێوبەرایەتی کۆلێژ کاتێکی بۆ دیاری دەکات بۆ دانیشتنی گفتوگۆکردنەکە، دانیشتنەکەش ئاشکرا دەبێت و قوتابیان و کەسی تایبەتیش بۆیان هەیە تیایدا ئامادەبن، بەمەرجێك پابەندی بێدەنگی و گوێڕاگرتنبن، بۆشیان نییە لە گفتوگۆکەدا بەشداربن، جا بە پرسیارکردن بێت، یان وەڵامدانەوە، یان هەرجۆرێکی بەشداریکردن بێت.

لێژنەی گفتوگۆکردنەکە یان پشکنینەکە (بۆ پلەی دیپلۆم) پێکدێت لە سێ ئەندام لە ناویشیاندا مامۆستای سەرپەرشتیار هەیە، بۆ (پلەی دکتۆرا) چوار ئەندام لە ناویشیاندا مامۆستای سەرپەرشتیار هەیە، درووستیشە چوار ئەندام بۆ دیپلۆم یان ماجستێر و پێنج ئەندامیش بۆ دکتۆرا.

مەرجی زانکۆی لوبنانی ئەوەیە لێژنەی پشکنین پێکبێت لە سێ ئەندام لە ناویشیاندا مامۆستای سەرپەرشتیار بۆ پلەی دیپلۆم، پێنج ئەندام لە ناویشیاندا مامۆستای سەرپەرشتیار بۆ پلەی دکتۆرا، کە دەبێت بە لایەنی کەمەوە دوانیان لە پلەی مامۆستا (أستاذ) دابن، تێزی دکتۆرا تاسێ ساڵ بەسەر مێژووی تۆمارکردنیدا تێنەپەرێت گفتوگۆ ناکرێت.

پێویستە چەند مامۆستایەکی تایبەتمەند و پسپۆر لە بواری بابەتی لێکۆڵینەوەکەدا بچنە پاڵ لێژنەی پشکنەر، بەهەمان شێوە لە بواری زمانەوانی و

رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیدا، دەکرێت پشت بە مامۆستای پسپۆڕی زانکۆ و کۆلێژەکانی تر ببەسترێت بۆ بەشداریکردن لە لێژنەی پشکنینیدا.

مامۆستای سەرپەرشتیار سەرۆکایەتی لێژنەی پشکنین دەکات، زۆرجاریش بە تەمەنترین ئەندامی لێژنەکە سەرۆکایەتی دەکات، یان ئەو ئەندامەیان کە بەرزترین پلەی ئەکادیمی هەیە، یان هەر یەکێکیان کە ئەندامانی لێژنەکە رازیبن بەوەی ببێتە سەرۆکی دانیشتنەکە.

سەرۆکی لیژنەی پشکنین بە راگەیاندنی ناوی قوتابیەکە و بابەتی لێکۆڵینەوەکەی و ئەو پلە زانستییەی کە کار دەکات بۆ بە دەستهێنانی دەست دەکات بە کردنەوەی دانیشتنەکە، ئاماژە بە قوتابیەکە دەکات بۆ پێشکەشکردنی گوتەی خۆی دەربارەی بابەتەکەی، سەبارەت بە کاتی دیاریکرا و بۆ قوتابی پلەی دیپلۆم لە نێوان 20- 30 خولەك دایە بەڵام بۆ پلەی دکتۆرا لە نێوان 30 — 45 خولەك دایە.

گوتەی قوتابی ناو دەبرێت بە بەشداریکردن (المداخلة)، یان بەرزکردنەوەی بەرگریکردن، یان پوختەی بابەت. تیایدا قوتابی چۆنێتی هەڵبژاردنی بابەتەکەی و هۆی هەڵبژاردنی روون دەکاتەوە، چەندی هەوڵ و کۆشش تێدادوە و چ ئاستەنگێکی توش هاتووە، لەکوێدا کەموکورتی تێدا کردووە و بە چ ئەنجامێك گەیشتووە و ئەو میتۆدە کامەیە کە پەیڕەوی کردووە[1].

دەکرێت قوتابی پێشکەشکردنی پوختەی بابەتەکەی بخوێنێتەوە کە لەپێشدا ئامادەی کردووە، یان هەر بە گوتن پێشکەشی بکات، بە پشت بەستن بە پەڕەیەکی بچوك کە خاڵە سەرەکییەکانی تێدا نووسیوە، ئەم رێگایە گەرچی قورسە، بەڵام ئەوە لای لێژنەی پشکنین و جەماوەر دروست دەکات، کە قوتابی خاوەن پسپۆڕییەکی باشە لە بابەتەکەیدا و باوەڕی بە خۆی هەیە، بەڵگەشە

[1]- أحمد شلبي، ص161.



لەسەر توانای قوتابی کە دەتوانێت گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆی بکات بە زمانێکی پاراو و لۆژیکیانە.

قوتابی لەسەرخۆ گوتەکەی پێشکە دەکات، بە دەنگێکی ئاشکرا، جا بە بەرزی بێت یان نزم بە پێی گونجانی لەگەڵ شوێنەکەدا، بە کورتی و سادەیی دەدوێ دوور لە لەخۆباییبوون و بەخۆنازین، رادەی خۆشەویستی و شانازی خۆی بۆ بابەتەکە دەردەخات، بە کورتی باسی تەوەرەکانی تیزەکەی دەکات، بە سوپاسی بۆ تێبینییە بە نرخەکانی مامۆستای سەرپەرشتیار و ئەندامانی لیژنەی پشکنین کۆتایی بە گوتەکانی دەهێنێت.

دوای ئەوە سەرۆکی لیژنەکە رێگە دەدات بە یەکێك لە ئەندامانی لیژنەکە بۆ کردنەوەی گفتوگۆکە. دوای تەواوبوونی ئەندامێکی تری لیژنەکە رێی پێدەدرێت، بەو شێوەیە تاهەموو ئەندامانی لیژنەکە کۆتایی بە گفتوگۆکە دەهێنن. پاشان سەرۆکی لیژنەکە داوا لە قوتابیەکە دەکات وەڵامی پرسیارەکان و ئەو پێشنیارانە بداتەوە کە لیژنەکە خستویانەتە ڕوو. هەندێ جار دوای ئەوەی هەر ئەندامێکی لیژنەکە تەواو دەبێت لە تێبینی و پرسیار کردن راستەوخۆ وەڵام دەداتەوە.

قوتابی پەیوەست نابێ بە وەڵامدانەوەی هەموو تێبینی و پرسیارەکان، پێدەچێت هەندێکیان دووبارە بن، یان لێکچووبن، یان بڕوای کەسی بن، یان داوای گەڕانەوە دەکات بۆ ژێدەرەکان (المراجع)، لەو کاتەدا قوتابی لە بەردەستیدا نییە، سەبارەت بە کاتی گفتوگۆکردنەکە، زۆرجار لە دوو کاتژمێر تێناپەڕێت، بەڵام هەندێ جار درێژە دەکێشێت بۆ پێنج یان شەش کاتژمێر، بە تایبەت ئەگەر گفتوگۆکە گەرم بێت، جەماوەریش زۆر بەپەرۆش بن.

ئەندامانی لیژنەی پشکنین بە گیانێکی زانستی باش گفتوگۆی قوتابییەکە دەکەن، بە شێوازێکی لۆژیکی رەسەن، کە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان و گەڕان بە دوای راستیدا بێت. هەندێك دڵرەقن لە رەخنەگرتندا، هەندێك گاڵتە بە

تێکۆشانی قەتابی دەکەن، یان هەندێك گومان لە ئامانەتی زانستی و پاکێتی قوتابی دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا هەموویان ئامانجیان ئەوەیە مۆڵەت بدەن بە لێکۆڵینەوەیەکی ئاست بەرزی ئەکادیمی، کە شایستە بێت بە قوتابی خوێندنی باڵاو کەسێتی مامۆستایانی پشکنەر و ئاستی زانکۆکەیان.

پێویستە لەسەر قوتابی بە سنگفراوانییەوە رەخنەکان وەربگرێت و بە ئارامی و هزرێکی ساردەوە وەڵام بداتەوە، دوور لە توندوتیژی و هەڵچوون، پێویستە لەسەری پێش وەڵام دانەوە جوان گوێ بگرێت تا لە مەبەستی پرسیارەکان تێبگات، وەڵام نەداتەوە بە بێ پشت بەستنی بیروڕاکانی بە بەڵگە، ئەگەرنا بێدەنگی باشترە و بێکێشەترە بۆی.

دروستە قوتابی سوربێت لەسەر ئەو بیروڕایەی باوەڕی پێیەتی بە مەرجێك لە رووی باوەڕهێنانییەوە بێت، نەك لە رووی سەرکەشیەوە بێت. مافی خۆیەتی هەر کەموکوڕیەك دەرکەوێت لە لێکۆڵینەوەکەیدا، بیانوەکەی روون بکاتەوە، بە مەرجێك خۆی بەرپرسیاریەتیەکەی هەڵبگرێت و نەیخاتە پاڵ مامۆستا سەرپەرشتیارەکەی.

**گفتوگۆکە سێ لایەنی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت کە بریتن لە: لایەنی فۆرمی لێکۆڵینەوەکە، لایەنی میتۆدی، لایەنی بابەتی (الموظوعية):**

1- **لایەنی فۆرمی لێکۆڵینەوەکە**

لایەنی فۆرم، جوانی دەرهێنانی لێکۆڵینەوەکە دەگرێتەوە، پاکی چاپ و باش پاککردناوەی لە هەڵە دەگرێتەوە، نووسینی دروست لەلایەنی جوانی شێواز و دروستی رێزمان و رێنووسەوەیە، هەروەها پێکەوە گونجاندنی بیرۆکەکان و جوانی گوزارشت و رێکخستنی پەرەگرافەکان و چۆنێتی پێکەوە لکاندنیان و باش بەکارهێنانی نیشانەکانی ژمارەکردن.



2- **لایەنی میتۆدی لێکۆڵینەوەکە**

مەبست لەلایەنی میتۆدی باش دابەشکردنی لێکۆڵینەوەکە و ئاستی پەیوەندی تەوەرەکان بە یەکتریەوە و ریزبەندیان بە شێوەیەکی لۆژیکی و لێهاتویی لە هەڵبژاردنی ناونیشانە سەرەکی و ناوەندیەکاندا، لەگەڵ باش بەکارهێنانی دێکۆمێنت و هەڵگۆزێن و وەرگرتنی زانیارییەکان، وردبینی لە مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە و ژێدەرەکاندا و رێکخستنی پەراوێز و پێڕستەکان بە باشی و باش پیشاندان و پێشکەشکردنی هەمووی بەگشتی.

گرنگی لایەنی میتۆدی لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا لەوەدایە، قوتابی زۆرجار لە رووی زانستیەوە دەگاتە ئاستی لیژنەی پشکنین، بەڵام لەلایەنی رێبازی زانستییەوە ناگاتە ئاستی ئەوان.

3- **لایەنی بابەتی (یان زانستی)**

مەبەست لە ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەیە لە رووی قوڵیەوە، باش باڵادەستبوونی بەسەر بابەتەکەدا، لەگەڵ وردی رەخنەگرتن و شیکارکردنی پشت ئەستوور بە دێکۆمێنت و بەڵگە، مەبەست لەوشتە نوێیانەیە کە پێشکەش بەمەعریفەی مرۆییان دەکات ئەم لایەنی بابەتیبوونە یەکێکە لەگرنگترین سێ لایەنە پێکهێنەرەکەی لێکۆڵینەوەی زانستی، ئامانجی سەرەکیشە لە لێکۆڵینەوەدا، بۆیە لە راستیدا لێکۆڵینەوەیەك کە تەنها پشت بە وەسفێکی رووکەش، یان گێڕانەوە ببەستێت، یان بە دوور لە رەخنە و شیکارکردن، یان پشت ئەستوور نەبێت بە بەڵگە، ئەوا لە پێودانگی زانستیدا لێکۆڵینەوەیەکی رۆژنامەوانییە نەك ئەکادیمی.

2- **راگۆڕینەوە و بڕیاردان**

دوای تەواوبوونی گفتوگۆ، سەرۆکی لیژنەکە بە ئامادەبوان رادەگەیێنێت، کە لیژنەکە دەیەوێت بە تەنها بمێنێتەوە بە مەبەستی راوێژکردن و راگۆڕینەوە لە نێوان ئەندامەکانیدا، بۆ گەیشتن بە بڕیارێك دەربارەی دانیشتنەکە

سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی قوتابییەکەش، لێرەدا قوتابییەکە و جەماوەر دەچنە دەرەوەی هۆڵەکە یان ئامادەبووان لە هۆڵەکە دەمێننەوە و ئەندامانی لیژنەکە دەچنە شوێنێکی تر بۆ راگۆڕینەوە.

لە راگۆڕینەوەکەدا لیژنەکە بە کورتی هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی کاری قوتابی و هەڵوێستی لە ماوەی دانیشتنی گفتوگۆکەدا، پلەی زانستی پێشتری لە قۆناغی پێشتری خوێندی باڵادا هەڵدەسەنگێندرێت، لیژنەکە لە کارەکەیدا پشت دەبەستێت بە پێوەری زانستی ورد و بڕوای تاکە کەسی ئەندامەکانی.

دوای شیکردنەوەی هەموو رەگەزە پێکهێنەرەکانی بابەتەکە، لە پێناو راستی زانستی ساغ و دوور لە کاریگەری ئامانجی کەسی، یان لایەنگری کەسی، پاش هەڵسەنگاندنی زانستی رەسەن، پشت بەستوو بە راستی، هەروەك چۆن دادوەرەکان شتەکان بە مادده یاساییەکان رۆشن دەکەن، لیژنەکە بڕیار لەسەر کاری قوتابییەکە دەدات بەکۆی دەنگ، بڕیارێکی هاوسەنگ و هۆدار.

دوای گەیشتنی لیژنەکە بە بڕیاری خۆی، سەرۆکی لێژنەکە بە جەماوەر رادەگەیەنێت کە هەموان وەستاون، ئەو رێژەی نمرەیە دیاری دەکرێت قوتابی پلە زانستییە نوێکەی پێ بەدەست دەهێنێت، هیچ جیاوازی نییە دیپلۆم بێت یان دکتۆرا.

لە هەندێك باری تایبەتیدا کە زۆر بەکەمی روودەدات، لێژنەکە لێکۆڵینەوەکە رەتدەکاتەوە و هیچ پلە (تقدیر)ێکی پێ نابەخشێت، چونکە وایدەبینێت کە لە خوار ئەو ئاستەوەیە زانکۆ دیاریکردووە، یان بڕیاری بەخشینی پلەی لێکۆڵینەوەکە بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە تا ئەو کاتەی قوتابی بە شێوەیەکی ریشەیی هەڵدەستێت بە هەموارکردنی بەو جۆرەی کە بۆی دیاری دەکرێت، بۆیە ئەو بڕیارانەی لێژنەکە دەری دەکات دەبێ هۆکەی روون بکاتەوە بە شێوەیەکی بابەتی و میتۆدی.

دەکرێت یەکێك لەم پلانە (تقدیر) بدرێت بەقوتابی: پەسەند —ناوەند- باش- زۆرباش- باڵا (باشترین). هەندێکجار پلەی زۆرباشی باڵا دەبەخشرێت، یان باڵا لەگەڵ



پلەی رێزی یەکەم (شرف الأولى) دەبەخشرێت، دەگونجێت لێژنەکە بە زانکۆی رابگەیەنێت کە لێکۆڵینەوەکە لەسەر تێچونی خۆی بڵاودەکاتەوە و لەگەڵ زانکۆکانی تردا بیگۆڕێتەوە، ئەگەر لێکۆڵینەوەکە لە ئاستێکی ئەکادیمی بەرزدابوو.

پلەکان بەنیشانە لە نێوان 10 — 20 یان 50 — 100 دا دادەنرێت بەمجۆرەی خوارەوە:

پەسەند = 10 یان 50 — 59
ناوەند = 11 - 12 یان 60 — 69
باش = 13- 15یان 70 — 79
زۆرباش = 17 — 18یان 80 — 89
باشترین = 19 — 20 یان 90 — 100

بەم شێوەیە پاش چەند ساڵێك رەنج و تێکۆشان، عارەقی شەونخونی لە ناوچاوانی دەسڕێ، فرمێسکی خۆشی هەڵدەرێژێت و دەموچاوی گەشاوە و بەختەوەر دەبێت، لەلایەن ئامادەبوان و دۆستان و هاوڕێیان و مامۆستاکانییەوە دەستخۆشی لێدەکرێت، ئەوەی رواندبووی بەری بەرهەمەکەی چنییەوە، ئەوەش چاندبووی بەرهەمەکەی کۆکردەوە، ئەو نازناوە زانستییەش بەردەوام هەولێ بۆ دەدا بەدەستی هێنا. ئەو ئەنجامەش تەنها قوتابی و لێکۆڵەری باش و لێهاتوو بەدەستی دەهێنێت.

### ج- دوا وێستگە بڵاوکردنەوەیە

ئامانجی لێکۆڵینەوەی زانستی باش ئەوەیە بگاتە دەستی ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران و، جەماوەرێکی فراوان لە رۆشنبیران، ئەمەش ناگاتە ئەنجام بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە لە کتێبێکدا نەبێت، لەجیاتی ئەوەی بەندبکرێت لە ئەرشیڤی زانکۆدا، یان لەسەر تاقی کتێبخانەکانیدا پێشان بدرێت، بەدەستی کەس نەگات جگە لە کەمێك لە قوتابی و لێکۆڵەران نەبێت.

قوتابی ئارەزوومەند بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەی، پێویستە ڕەزامەندی زانکۆکەی بۆ ئەو مەبەستە بەدەستبهێنێت، بەمەرجێك کار بە تێبینییەکانی مامۆستایانی ئەندامانی لیژنەی پشکنین بکات، بۆیە قوتابی بەو جۆرە دەکات، ئەمەش نابێتە کەموکوڕی بۆی، چاککاری و هەموارکردن لەو شتانەدا دەکات بە گونجاوی دەزانێت. بۆیە بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکە، لێکۆڵەر دەگاتە دوا وێستگە کە بێگومان کۆتاییەکی خۆشحاڵ دەبێت.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (1)

### خاڵبەندی (ئاماژەکانی وەستان)

بریتییە لە کۆمەڵە نیشانە و هێمایەك کە هاوکۆکی هەیە لەسەر بەکارهێنانیان لە نووسیندا، بۆ ئاسان ڕێکخستن و خوێندنەوە و تێگەیشتن و دەرککردن، هیچ زمانێك لە زمانە نوێکان خاڵی نییە لە خاڵبەندی، لەوانەش زمانی عەرەبی (یان کوردی) کە بەگرنگ ڕەچاو دەکرێت و بۆ نووسینی سەردەم پێویستە. ئەمانەش گرنگترین نیشانەکانی خاڵبەندین لە زمانی عەرەبیدا*، لەگەڵ شوێنی بەکارهێنانیان:

**1- خاڵ (.) وەستانی تەواو دەگەیەنێت بەکاردێت:**

- لە شوێنی کۆتایی ڕستەیەکی مانا تەواودا: قوتابییەکان هەموویان لە قوتابخانە ئامادەبوون.
- دوای کورتکراوەکان بۆ ڕەهاکردن: ((زاراوەی مێژوو)) دانانی د. ئەسەد ڕۆستەم.

**2- جیاکەرەوە یان فاریزە (،) ئاماژەیە بۆ وەستانێکی کورت بەکاردێت:**

- لە نێوان موفردە یان ڕستەی هاوشێوە، یان شتی وێکچوو: قوتابییەکە کتێبەکان و، دەفتەرەکان و، پێنووسەکانی لە جانتاکەیدا هەڵگرت.
- لە نێوان مەرج و وەڵامەکەیدا، یان سوێند و وەڵامەکەیدا: بێگومان ئەگەر لە کارەکەتدا تێبکۆشیت، سەردەکەویت لە مەبەستەکەتدا.

* زۆرێك لە خاڵبەندییەکانی نووسینی عەرەبی، بۆ نووسینی کوردیش دەگونجێت.(وەرگێڕ)



- لە دوای بانگکراوەوە: ئەی سەعید، بەردەوامبە لەسەر چالاکیەکەت.
- لە نێوان (معطوف) و(معطوف علیه): باخچەکە ڕازایەوە بە گوڵ و، قرنفل، وەنەوشە.
- لە نێوان دوو ڕستەی پێکەوە بەستراو لە ڕووی ماناو شیکردنەوەوە: پیاوەکە گەشتی کرد بۆ گوندەکەی و، گەڕایەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی.
- دوای ((بەڵێ)) و ((نەخێر)) وەڵام بێت بۆ پرسیارێك و بەدوایدا ڕستە بێت: نەخێر، پەشیمان نیم لە گوتەکانم.

**3- فاریزەی خاڵ لەژێر (؛) واتای وەستانێکی ناوەندی دەگەیەنێت، بەکاردێت:**

- لە نێوان دوو ڕستەدا یەکێکیان هۆکاربێت بۆ ئەوی تریان: **محەمەد** لە تاقیکردنەوەکەدا دەرچوو؛ لەبەر ئەوەی بەباشی بە وانەکانیدا چووبۆوە.
- لە نێوان دوو ڕستەدا، تەنها لە ڕووی ماناوە پێکەوە بەسترابن، نەك لە شیکردنەوەدا: ئەگەر چاکەتان بینی وەریبگرن؛ ئەگەر خراپەتان بینی وازی لێ بهێنن.

**4- دوو خاڵی لەسەریەك (:) واتای وەستانێکی ناوەندی دەگەیەنێت، بەکاردێت:**

- لە دوای گوتە، یان هەرکردارێك، بەمانای گوتە: پیاوەکە هاواری کرد: لە کوێیە پیاوەتی؟
- پێش ڕستەیەکی وەرگیراو: پەندی پێشینان: ((سامانی مرۆڤ پیشەکەیەتی)).
- پێش ڕاڤەکردنی شتێك یان ژماردنی بەشەکانی: وەك دانەوێڵەکان: برنج، گەنم، نیسك.
- پێش ژماردنی ژمارە: قوتابییەکە نمرەی باشی بەدەستهێنا: 95، 85، 90.

5- **نیشانەی هەڵچوون یان سەرسوڕمان (!) بەکاردێت:** لە کۆتایی رستەدا بۆ گوزارشتکردن لە هەستێکی بەهێز یان هەستێکی نامۆ: ئەی بـۆ سـەرکەوتن! بەڕاستی ئاسان و یەکلاکەرەوە بوو!

6- **نیشانەی پرس (؟) بەکاردێت:**

- لە دوای پرسیارکردن: ماڵەکە دەکەوێتە کوێوە؟

7- **تەقەڵ (-) بەکاردێت بۆ:**

- دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان دوو کەسدا بەبێ دانانی ناویان:

محەمەد: تۆ لە کوێ بوویت؟

یوسرا: لە کتێبخانە بووم.

- ئایا کارەکانی ماڵەوەت ئەنجامداوە؟
- هەمووی، خواردنێکی باشیشم لێناوە.

8- **دوو تەقەڵ بەدوای یەکدا (- -) بەکاردێت:**

بۆ گـەمارۆدانی وشـەیەك یـان رسـتەیەکی پیـشاندراو: لـە شـارەکەماندا - صەیدا- شوێنەواری زۆر هەیە.

9- **جووت کەوانەی بچووك یان نیشانەی دەق (( )) بەکاردێت:**

- بۆ گەمارۆدانی ئەو ناوانەی لە دەقدادێن، جا هی ناوداران بێت یـان هـی شـت ((محەمـەد)) و ((ئەیمـەن)) و ((رەعـد)) و ((دالیـا)) ئامـادەبوون بـەبێ ئـەوەی بانگهێشت کرابن.
- بۆ گەمارۆدانی وەرگرتنی دەقی: ناپلیۆن گوتوویەتی: (( وشەی نابێت ناناسم)).

10- **کەوانەی گۆشەدار یان گەورە [ ] بەکاردێت:**

- بۆ گەمارۆدانی زیادە یـان راسـتکردنەوەیەك کـە لێکۆڵـەر خـستوویەتیە نـاو دەقێك کە بەکاری هێناوە: قوتابخانە پیشەییەکەم [قوتابخانەی پیشەسازی] لـە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە بەیرووت بنیاتنراوە.



11- **دوو کەوانەی ئاسایی ( ) بەکاردێت:**

- بۆ گەمارۆدانی وشەی راڤەکراو: پیاوەکە هەناسەی هەڵکێشا پاشان ناوی خوای هێنا (گوتی: بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان).

12- **نیشانەی لابردن یان سڕینەوە (...) بەکاردێت:**

- بۆ ئاماژەدان بە گوتەی لابراو: دەریاوانەکان سواری کەشـتییەکە بـوون، شمـەك و خۆراکەکانیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتبوو... پاشان هەموو یان گۆرانیان دەگووت.
- لە دوای وشەی کۆتایی لە رستەیەکدا بەمەبەست بڕدرا بێت:

پابەندی ئەدەب بە، ئەگەرنا...

- لە شوێنی سپی دەستنووسێك کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە:

رۆژێك تێپەڕی... لە جەمادی یەکەم بە ئارامی بەبێ شەڕ.

13- **وشەی (بەم شێوەیە ) لە نێوان دوو کەوانەدا بەکاردێت:**

- لە دوای ووشەی ناڕاست، یان تێنەگەیـشتراو، یـان نامـەعقول کـە لـە دەقـی وەرگیراودا هەیە، یان لە دەستنووسدا:

تۆپەکان هاوێـژران رۆژی سـێ شممـە (بـەم شـێوەیە) لـە سـەرەتای مـانگی رەمەزانی ساڵی 1297 ك.

**پاشکۆی ژماره (2)**

**پۆلێنکردنی (دیۆی) دەیی بۆ کتێبخانەکان**

کاره گشتیەکان = 000.

بیبلیۆگرافیا = 10.

زانستی کتێبخانەکان = 20.

ئینسکلۆپیدیا = 30.

گوتاره گشتییەکان = 40.

خولییەکان (گۆڤار و ڕۆژنامە) = 50.

کۆمەڵە گشتییەکان = 60.

ڕۆژنامەوانی و ڕۆژنامە = 70.

دانراوه کۆکارییەکان = 80.

دەستنووس و کتێبە دەگمەنەکان = 90.

فەلسەفە = 100.

ئەودیو سروشت = 110.

بیردۆزەکانی میتافیزك = 120.

لقەکانی دەروونناسی = 130.

لێکۆڵینەوه فەلسەفییەکان = 140.

دەروونناسی گشتی = 150.

لۆژیك = 160.

ڕەوشت = 170.

فەلسەفەی کۆن و ناوەند و ڕۆژهەڵات = 180.

فەلسەفەی نوێ= 190.

ئاین = 200.

ئایینی ئیسلام = 210.



ئایینی مەسیحی = 220.

قورئان و زانستەکانی = 230.

فەرموده و زانستەکانی = 240.

زانستی کەلام (لاهوت) = 250.

فیقه - فێرکردنی مەسیحی= 260.

سۆفیگەری - رەهبانیەت = 270.

لێکۆڵینەوه و بابەته ئیسلامییەکان = 280.

بەراوردکردنی ئایینەکان و ئایینەکانی تر = 290.

زانسته کۆمەڵایەتییەکان = 300.

ئامار = 310.

رامیاری = 320.

ئابووری = 330.

یاسا = 340.

کارگێڕی گشتی = 350.

بوژانەوەی کۆمەڵایەتی = 360.

پەروەرده = 370.

بازرگانی = 180.

دابونەریتی فۆلکلۆر = 390.

زمانەکان = 400.

زمانی کوردی یان (عەرەبی) = 410.

زمانی ئینگلیزی = 420.

زمانی ئەڵمانی = 430.

زمانی فەڕەنسی= 440.

زمانی ئیتاڵی = 450.

زمانی ئیسپانی = 460.

زمانی لاتینی = 470.

زمانی یۆنانی = 480.

زمانەکانی تر = 490.

زانستە ئەبستراکتەکان = 500.

ماتماتیك = 510.

گەردوون = 520.

فیزیا = 530.

زەویناسی = 550.

هەڵکۆڵین = 560.

مرۆڤناسی و زیندەوەرناسی = 570.

زانستی رووەك = 580.

زانستی ئاژەڵ = 590.

تەکنەلۆژیا = 600.

زانستە سروشتییەکان = 610.

ئەندازیاری = 620.

کشتوکاڵ = 630.

ئابووری ماڵی (منزلی) = 640.

کارگێڕی کارەکان = 650.

تەکنەلۆژیای کیمیایی = 660.

پیشەییەکان= 670.

دروستکراوەکانی تر = 680.

بنیادنانی باڵەخانەکان = 690.

هونەرەکان = 700.

دیمەنە سروشتییەکان = 710.

بیناسازی = 720.

نەخت = 730.

وێنەکێشان = 740.



وێنەگرتن (التصویر) = 750.

هونەری چاپکردن = 760.

فۆتۆگراف = 770.

مۆزیك = 780.

گاڵتە و گەپ = 790.

ئەدەب = 800.

ئەدەبی کوردی یان عەرەبی = 810.

ئەدەبی ئینگلیزی و ئەمریکی = 820.

ئەدەبی ئەڵمانی = 830.

ئەدەبی فەڕەنسی = 840.

ئەدەبی ئیتاڵی = 850.

ئەدەبی ئیسپانی = 850.

ئەدەبی لاتینی = 860.

ئەدەبی یۆنانی = 870.

ئەدەبی گەلانی تر = 890.

مێژوو = 900.

جوگرافیا و گەشتنامەکان = 910.

ژیاننامەکان = 920.

مێژووی کۆن = 930.

مێژووی نوێی ئوروپا = 940.

مێژووی نوێی ئاسیا = 960.

مێژووی ئەمریکای باکوری گشتی = 970.

مێژووی ئەمریکای باشوری گشتی = 980.

مێژووی وڵاتانی تر = 990.

**پاشكۆی ژماره (3)**

**زاراوه پرۆگرامی و مێژووییه‌كان به‌ كوردی و بیانی**

## -A-

سوپاس و پیاهه‌ڵدان Ac know ledge ment

په‌راوێزی راڤه‌كان Annotaion

شوێنه‌وارناسی Arch eology

گوتار Article

گوتار Assign ment

مرۆڤناسی An thro pology

سه‌رپه‌رشتیار - رابه‌ر Adviser

ژیاننامه‌ی خودی Auto- Biography

گونجاندن Adoptation

كورته –پوخته- داماڵراو Abstract

پاشكۆ Appendix

ئه‌رشیف Archive

بنه‌ڕه‌ته‌كـــه‌ی له‌لاتینیـــدا (Achivum)ه‌، بـــه‌یۆنانی (Archion) بـــه‌واتای ((په‌ڕه‌)) پاشان ماناكه‌ی فراوانبووه‌، تا بووه‌ به‌ ((پشت پێ به‌ستراو یان به‌ڵگـه‌)). كه‌ به‌یۆنانی واتای كتێب ده‌گـه‌یێنێت، هـه‌روه‌ك یـه‌كێك لـه‌ پیـشه‌كانی دادگـای كارگێری یان قه‌زایی ده‌گه‌یێنێت.

مامۆستای زانسته‌كان A.M.= Master of Arts

(بدیهیة) به‌ڵگه‌نه‌ویستی Axiom



## -B-

مه‌جاز له‌ ئادابدا B.A.=Bachlar pf Arts

مه‌جاز له‌ زانسته‌كاندا B.SC.=Bachelar of Science

جوت كه‌وانه‌ی گۆشه‌دار[ ] Brakets

زانستی پێڕستكردن Bibliography بنه‌ڕه‌ته‌كه‌ی (Bibli graphy) به‌مانای وێنه‌ یان پلان یان نووسین دێت.

## -C-

مافی چاپ Copy Rights

كارت Card فایل (ملف) Classeur

هونه‌ری خه‌ت (نووسین) Calligraphy

یاسادانان Codification

بگه‌ڕێره‌وه‌ (بۆ) Confere

فاریزه‌ (جیاكه‌ره‌وه‌) Comma

فاریزه‌ی خاڵ له‌ژێر olon Cemi C

دوو خاڵ Colon

ڕه‌خنه‌ی زانیاری Critical note

كۆمۆنه‌ی سه‌ره‌تایی (كۆمه‌ڵگه‌ی ناوخۆیی) Community

مێژوو به‌پێی به‌دوا یه‌كداهاتنی كاتی Chrohology

## -D-

لیژنەی گفتوگۆ Degree-committee

دکتۆر - پرۆفیسۆر Doctor

له بنەڕەتدا بریتییە لە هەر کەسێك بە ئاشکرا خەڵکی فێر بکات، جوولەکەکان ئەو ناوەیان لە خواپەرستەکانی خۆیان نابوو (حاخام) ئەوانەی کە زانان بە شەریعەت، مەسیحییەکانیش بەو کەسانەیان دەوت کە راڤەی کتێبی پیرۆزیان دەکرد، ئەم نازناوە بۆ یەکەمجار لە سەدەی دوانزە هاتە ناو زانکۆی پۆلۆنیاوە، پاش ماوەیەکی کورت زانکۆی پاریس شوێنی کەوت.

تێز Dissertation

ڕەشنووس Draft

بیردۆزە Doctrine

یاداشتی ڕۆژانە Diaries

کورتکراوەکان Debreviation

تەقەڵ (-) Dash

وشە بە وشە (وەك خۆی) Deverboin verbum

دێکۆمێنت (بەڵگەنامە) Document

بنەڕەتەکەی Docere ی لاتینییە بەواتای دەی زانێت، مانای نووسراو و نەنووسراو دەگرێتەوە.

بەڵگە هێنانەوە بە دێکۆمێنت Documentation

هەڵگۆزین (استنباط) Deduction

زانستی دانیشتوان Demography

گفتوگۆ کردن Discussion

خشتەی (صمّاء) Dummy – table

دیپلۆم Diploma

فایل- دۆسیە Dossier

ئەنجومەنی گفتوگۆکردن Defence – Soutenance



## -E-

زانستی ڕەچەڵەکی مرۆیی Ethnography

زانستی تایبەتمەندی گەلان Ethnology

زانستی ڕەوشت Ethology

گوتار Essay

خود — من Ego

ئایینزای ئەزمونگەرا Empricism

سەرنووسەر (محرر) Editor

تادوایی Etcetera

چاپ Edition

پەیوەندی مرۆڤ بە ژینگەوە (ژینگەناسی) Ecology

وەرگرتن (وەرگرتنی زانیاری) Extract

مەرسوم Ediot

لێژنەی پشکنەر Examiner Board

## -F-

دووبارەبوونەوە Frequency

کێشانی پلان Flow – chart

پەڕە Folio

کارت Fiche

فایل — دۆسیە File

## -G-

قوتابی خوێندنی باڵا Graduat

پەراوێز Glose

## -H-

گریمانەی زانستی Hypothesis

مێژوونووس Historian

زانستی مێژوو Historography

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی Historical Method

کۆکردنەوەی زانیاری Heuristik

بنەڕەتەکەی یۆنانیە واتا لێکۆڵینەوە، یان دۆزینەوەی شتێك دەگەیەنێت.

## -I-

زانستی هەڵکۆڵین Ichnology

لێگەڕان (استقراء) Induction

شیکردنەوەی یەکەکان Item Analysis

نووسینە نەخشییەکان Iny criptation

پێڕست Index

بلاوکراوە Issue

پێشەکی Introduction

## -J-

زانستی فیقە Jurisprudence

دەستەی سوێندخۆران یان گفتوگۆکەران Jury



## -L-

مۆڵەت {پلەیەکی زانستییە} Licence لە بنەڕەتدا ڕێگەی دەدا بەو کەسەی کە خاوەنیەتی کە پراکتیزەی فێرکردن یان پارێزەری بکات، پاشان بەو دوو ساڵە دەگوترا کە دەرچووی قوتابخانەی دواناوەندی بەسەری دەبرد لە خوێندنی لاهوت پێش تۆماری بۆ دکتۆرا.

زانستی تۆمارکردنی هەواڵ Logography کوراسە Losse – Leaf Book

کەلتوور Legacy

خورافە Legend

## -M-

مۆنۆگرام (وێنەیەك کە پێکهاتبێت لە پیتەکانی ناوی کەسێك) Monogram

میتۆد – ڕێباز (ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی) Method

کەسی ناوەندێتی ئاماری Mdian

ناوەندی ئاماری Mean Deviation

دەستنووس Manascript

زانستی میتۆد (زانستی ڕێباز) Methodology

ئەفسانە Myth

زانستی ئەفسانە My theology

هونەری نووسینەوەی ژیاننامە Memoirism

یادەوەری- یاداشت Memoranda

## -N-

پێوەر Norm

پێوەری Normative

زانستی دراو Numismatic

ناوبانگ- نازناو Nom

## -o-

هێڵە یەکەمییەکان Outline

سەرچاوە رەسەنەکان Original Source

بابەتی Objective

## -p-

نامیلکە — نامیلکەی زانیاری و فەرمایشت Pampthlet

کاغەزی پاپیرۆس papyri

زانستی نووسینی کۆن Paleography

پەرەگراف (فقرة) Paragraph

سەردەم- قۆناغ period

جوت کەوانە Paranthese

چاوپێکەوتنی کەسی Personal Interview

پرۆژەی ئەزمونگەری Pilot Project

خوێندنی تێروانینی (استطلاعیة) Pilot Study

لێکۆڵینەوەی تێروانینی (استطلاعیة) Pilot Surreys

تێگەیشتن لە زمان Philology

نەخشە- پلان Plan

خاڵ- پنت Period

دەروازە Preface

نموونە Pattern

بۆ یەکەمجار Primafacie



## -Q-

راپرسی Questionnaire

روونکردنەوە چەندێتیەکان Quantitaive Data

نیشانەی دەق (دەقکردن) Quotation Mark

نیشانەی پرسیار Qestion Mark

وەرگرتن- وەرگرتنی زانیاری Quotation

## -R-

لێکۆڵینەوە- گەڕان بەدوای شتێکدا Recearch

پێوەری ئەندازەگیر Rating scale

ریشەیی Radical

ماوە Range

بوژانەوە Renaissance

کۆمەڵگەی دەشتەکی Rural Community

لێکۆڵینەوە (تحقیق) Revision

پلانی لێکۆڵینەوە Research desigh

ژێدەر (مرجع) Reference

پێداچوونەوەی کتێب Review

## -S-

پێوەری لۆژیکی Sytlogism

بوار (مجال) Scope

سەرچاوەی ناوەندی Secondary source

بارودۆخی کۆمەڵایەتی Social status

پێوەری کۆمەڵایەتی Sociometry

پێوانەی ئاماری Statistic

کۆمەڵناسی Sociology

لە Socius کۆمەڵگەی لاتینی و لە Logos زانستی یۆنانییەوە وەرگیراوە.

لە سەرەوە باسکراوە (وەك ئەوەی لەسەرەوە باسکراوە) Supra

فاریزەی خاڵ لە ژێر Semi Colon

بەم شێوەیە لەبنەڕەتدا Sic

هاوواتا Synong mous

سەرپەرشتیار Supervisor

پشکنینی لێکۆڵینەوە Schedule

پوختە، پارچە Synopsis

خودیی Subjective

ئاستی کۆمەڵایەتی Status

بەسەریدا دەڕوانێت یان هەڵی دەسەنگێنێ Survey

## -T-

نامە Thesis

بەش بەشکردن (دانانی بەشەکان) Tabulation

وەرگێڕان Translation

زانستی زاراوەکان Terminology

لێکۆڵینەوەی پۆلی (البحث الصفي) Termpaper

خشتەکان Tabls

پێڕستی ناوەرۆك Table of Contents

پەڕەی ناونیشان Title page

بڕوانامە- بەڵگە Testimony

تێگەیشتن لە ناوەرۆك Tacit



## -U-

ئەندیشەسازی- یۆتۆپیا Utopi

کۆمەڵگەی مەدەنی Urban Communits

کۆی دەنگ Unanimity

## -V-

بەش Volume

داڕشتە – داڕشتنەوە – شێوە Version

پوچەڵ – پوچەڵکراو Void

## -W-

ڕێپیشاندەری کار – ڕێبەری کار Working Guide